# بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچەدا



ئەبوبەکر حەسەن

کتێبی ژنەفتن

٢

# بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچەدا

ئەبوبەکر حەسەن

# بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچەدا

ئەبوبەکر حەسەن

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشانی کوردی: بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچەدا
نووسینی: ئەبوبەکر حەسەن
بابەت: هزر
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، نۆڤەمبەری ٢٠٢٠
چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی
١٣٣ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

## پێڕست


پێشەکی/ ٧
بەشی یەکەم/ ١٠
بەشی دووەم/ ٩٦
بیبلۆگرافیا/ ١٣٣

## پێشەکی:

دەکرێت برێکی زۆر هاورا و کۆك بین لەگەڵ کەسانێك کە لەو بڕوایەدان نیتچە نایەتە ژێر بار، بە واتایەکی تر نیتچە هێندە خزە، هێندە سرکە کە ناکرێت بیهێنینە ژێر باری بیرلێکردنەوە، بەڵکوو هاوڕێی بین و لەگەڵی بیربکەینەوە. بیرکردنەوەش لەگەڵ نیتچەدا واتە کۆچەریبوون و بیرکردنەوەی کۆچەری. بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچە بیرکردنەوەیە لە ڤیتالیتە و زیندوویەتی ژیان و چۆنیەتی ژیان، بە هەڵشاخان و هەڵزنان بە سەر جەستەی تەواوی ئەو تەڵەزگانەی ژیان پێناسە دەکەن، ئامانج و خاڵی سەرەتا و کۆتایی بۆ ژیان و ژین دەنەخشێنن. بە واتایەکی تر ژیانکردن لەناو سەیرورە و ئەو هێڵانەی فیچقەکردن و قوڵپدانی ئارەزوو کە لە خۆیاندا ناچنەوە سەر گرتن و گەمارۆدان و دیلکردنی ژیان. لەگەڵ نیتچە واتە لەگەڵ ژیان کە گیرۆدەی دەستی وەهمگەلێك نەبێت و، ژیانێك کە بارگاوی نەبێت بە جەبر و ناچاری مێژوویی جا هەر ناوێکی هەبێت. لەگەڵ نیتچە ژیان و بیرکردنەوە واتە ئەزموونکردنی ئەو نارێکی و ئەو نائاسایی بوونەی کە پڕن لە ژیان و، لەلایەن گوتارگەلێکەوە، چ میتافیزیکی

و غەیبانییەوە بێت، چ ئەقڵانی کە ڕوویەکی دیکەی میتافیزیکە، گەمـارۆدراون، دوورخـراونەتەوە و کـراون بە حەرام و حەڵاڵی گوتـاریی. لێرەوە ژیـان و بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچە ژیـانێکە لە ڕیســك و ســەرکێشــیدا، ژیانێکی پڕ لە ڕیســك و ســەرکێشی_ گەمـارۆنەدراوە بە جەبرگەلێـك کە هیچ نین جگە لە مۆراڵی کۆیلە و، ژیان و ســتایلی ژیانێکی کۆیلە کە بە کەڵکی ژیان نایەت. بـیرکـردنەوەش ڕزگـارکـردنی ژیـان و ژیـن و ژیـانـکـردنەوە بەو زیندوویەتی و ڤیتالیتی و دینامیکیەتەی کە پێناســـە و پۆلێن و ڕیزبەندی وەرناگرێت، بەڵکوو ژیانە وەك ژیان.

کردەی ژیانکردن وەك ئەوەی دەبێت هەبێت و بژین، کردەیەکە لەناو ململانێ و شــەڕی دەســتەویەخە دژ بە هەر کۆدکردنێکی ژیـان جـا هەر نـاوێکی هەبێت. بەرگەگرتنی ئەو نیهیلیزمەی کە هەیە و خولقاندنی فۆرمگەلێك لە ئیتیکی باڵا و ژیاندۆســـت بۆ ژیـان دوور لە هەر جەوهەرگەرایی و تەڵەزگە و تەڵەگەلێك کە پێمـان دەڵێـت ژیـان چییە و ژیـان چی نییە، ئەمەش لەنـاو پێرسپێکتیڤێکی هێز و ململانێی هێزەکان و ئەو لێکەوتانەی کە لە جەنگی هێزەکان دەکەونەوە.

لێرەدا زیاتر ناڕۆین، بەڵکوو کۆچەریانە دەتانسـپێرین بەو پرس و کێشانەی کە لەم کتێبەدا خستومانەتە ڕوو.

لەم کتێبەدا کە بەر پرســگەلێکی زۆر دەکەوین و لێرەولەوێ دووبارەبوونەوە دەبینین، ئەلبەتە ئەو بەشـــانە لە کاتی جیاوازدا

نووسراون، ماوەیەکی زۆریشی- بە سـەردا تێپەڕیوە، بۆیە دەبێت بڕێکی زۆر ســـوپاســـگوزاری هـاوڕێی ئـازیز و خەمخۆر دلاوەر ڕەحیمی بکەم، گەر ئەو نەبوایە لەو بڕوایەدا نەبووم بەم زوویيە و بەم شـێوەیە دەســت بۆ پاکنووس و ڕێکخســتنی ببەم و بەم زووانەش بکرێتە کـارێکی بەم شـــێوەیەی کە لەبەر دەســـتی ئێوەدایە.

# بەشی یەکەم

## ژیان و بیرکردنەوە لەگەڵ نیتچە

## ڕەخنەی نیتچە لە پلاتۆنیزم

ڕاڤە و تەفســـیری ***مارتێن هایدێگەر*** کە پرۆژەی نیتچە وەك دابڕانێك لە میتافیزیکیای ڕۆژئاوا پێشـــچاو دەخات، دەبێت بە بنچینە و کارێکی بنچینەیی و بنەڕەتی بۆ ئەوانەی دوای هایدێگەر، بە تایبەت بۆ فەڕەنســـییەکان. هایدێگەر ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕەخنەی ***نیتچە*** لە **پلاتۆنیزم** دەرخەری ســـیمای گشـــتییانەی ڕەخنەی نیتچەیە لە نەریتی فەلسەفی بە گشتی. ئەم ڕەخنەیە لە پلاتۆنیزم پەرەســـەندن و بەردەوامیی و درێژبوونەوەکانی ئایدیای تووونی نـاو نەریتی بیرکردنەوە نیتچەیە. ئەم پرۆژەیە، پرۆژەی بنچینەیی فەلسـەفیی نیتچەیە. یەکەمین شت لە پلاتۆنیزمدا کە بـوونی هەیە ***ســـوکرات***ە. ڕەنـگە بـتوانـین بـڵـێین ڕەوەنـدی فەلەســەفیی نیتچە جیاکردنەوەی دوو ســوکراتە، یاخود نیتچە جیاوازی دەکات لە نێوان دوو فیگیوری ســوکراتدا؛ ســوکراتێکی مێژوویی و ســـوقراتی پاڵەوانی دیالۆگە پلاتۆنییەکان. لە گەنجێتی

نیتچەدایە کە ئەم دوو فیگیورە زۆرجار هەمانشێوە دەبن، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ئەو ڕەخنەیەی نیتچە کە لە یەککاتدا لە پلاتۆ (ئەفلاتون) و سوکراتیشی- دەگرێت لە یەك گۆشەنیگاوە دێت. واتە لەو شوێنەوە کە هایدێگەر ناوی ناوە "ئەزموونی بنچینەیی و فۆندەمۆنتاڵی نیتچە"، لە چاوی هایدێگەردا ڕووداوێکی بنەڕەتی و بنچینەیی لە مێژووی ڕۆژئاوادا دەگات: گەیشتن و پەیدابوونی نیهیلیزم- ڕووداوێکی مێژوویی زۆر ئاڵۆز- بەشێوەیەك تەواوی ژیانی لەوەدا بەسەر دەبات ئەم ڕووداو پەیدابوونە ڕوون بکاتەوە. هاوشان لەگەڵ ڕوونکردنەوە و وەستانەکانی نیتچە لەسەر ئەم ڕووداوە، وا دەکەوێتەوە تەواوی ڕوونکردنەوەکان لە دوو وشەدایە: "خودا مرد".

بە دڵنیاییەوە، ئەم فۆرمیولە لە ئانوساتی یەکەمدا دەربڕ و گوزارشت بوو لە خودای کریستیان. پرۆژەی هەرە گەورەی ***نیتچە*** لە بە پرسیارهێنان و خستنە ناو پرسیارەوە لەو بەها گشتی و بەها وەرگیراوانەی کە نیتچە هێرشی دەکردنە سەر، بەهاکانی کریستیانیزم بوو. لە یادمان نەچێت لە سەردەمی کتێبی **لەودیوو چاکە و خراپەوە**، نیتچە، کریستیانیزم وەك پلاتۆنیزم پێناسە دەکات و بە دیاری دەخات. لە کۆتایشدا پلاتۆنیزم نوێنەرایەتی جۆرێك لە کریستیانیزمە بۆ دەستەبژێر و نوخبە. هەروەها فۆرمیولی "خودا مرد" نابێت هەرگیز وەك هەڵوێستێکی ئەتەیستی و بێباوەڕیی نیتچە وەرگرین دژ بە خودای کریستیان. چونکە ڕەخنەی نیتچە لە کریستیانیزم دەگەڕێتەوە سەر

ڕەخنەیەك لە بەها مۆراڵییەکانی جودایزمی کۆن. لێرەشەوە نیتچە ڕێنمایی و ڕابەرایەتیمان دەکات بۆ ڕەخنە لە تەواوی ئایدیالیزمی میتافیزیکی. لە کتێبی "**زانستی شاد**"دا، هاوڕێ لەگەڵ سەدایەکی بڵند کە مەرگی خودا ڕادەگەیەنێت، نیتچە دەکەوێتە ناو چاودێر و تێبینیکەرێکی مێژوویی لە ڕاگەیاندنی مەرگی ئایدیایەك کە کۆنترە لە دۆکترینی کریستیانی. هەر لێرەوە ئێمە هاوڕێی کەسێکین کە لە پاش نیتچە دەبێت بە تێبینیکەر و چاودێریکەری ڕووداوەکە "***هانا ئارێنت***". ئێمە بەو شێوەیە وەریدەگرین کە "ئەوەی مرد، جیاکاری و جیابوونەوەی بنەڕەتیی مەیشانی حسسی- (هەستەوەری) و سەرو حسسییە". وەك ئەوەی ***هانا ئارێنت*** ڕوونی دەکاتەوە، وشەی خودا لە کۆتایی و دواجاردا بۆ نیتچە جگە لە ڕەمزو سیمبۆلێك بۆ سەرو حسسی، هیچی تر ناگەیەنێت، ئەمەش لەناو تێرمەکانی ئایدیالیزمی میتافیزیکیدا. لەلایەکی دیکەوە، لە (ئاوابوونی بتەکاندا، خودا بە جیهانی ڕاستی و ڕاستەقینە) جێگۆڕکێ پێدەکات، جیهانی ڕاستی و ڕاستەقینە شوێن خودا دەگرێتەوە: "ئێمە جیهانی ڕاستەقینەمان لە یاد کرد، چی دونیایەك ماوەتەوە، ڕەنگە بڵێین جیهانی ڕووکەش؟ بەڵام نەخێر، لەهەمان ئەو کاتەی ئێمە جیهانی ڕاستەقینەمان لە یاد کرد، دونیای ڕووکەشیشمان لە یاد کرد". ***نیتچە*** نیهیلیزم لە بەرانبەر دیاگنۆستیککردنی سەردەمی خۆیدا پێشچاو دەخات. ئەو نیهیلیزمە ڕۆژئاواییەی کە نیتچە تێبینی کردبوو لە جیهانی کۆنەوە درێژ دەبێتەوە، و ڕیشەکانی خۆی لەناو ئایدیای جیهانێکی سەرو حسسیدان، جیهانێك کە

واقیعیتر بێت لە دونیای ڕیاڵ. وەك هایدێگەر دەڵێت لەودیو ئەم ژیانەوە، ژیانێکی تر هەیە و بە شـــێوەیەك وەرگیراوە کە نەفی ئەم ژیـانە بێـت. لە دواجـاریشـــــدا، ئەوەی نیتچە بە هەنـد وەریگرتبوو، دۆکتریني پلاتۆنیی ئایدیاکان لەناو ئەم مانا و ئاستەی مانـادا شـــوێنێکی تـایبەتیان هەیە، چوونکە بە ڕای نیتچە ئەو بنەمای ئـایدیـال پێکدێنێت، واتە ئەولەوێت و لە پێشـــینەیی بوونی ســـەرو- حســـسیـ(هەســـتەوەری) ئەمەش بە پێی ئەو نۆرمانەی کە هەســـتەوەرەکان پێویســـتە تێپەڕێنرێن. لێرەوەش نیتچە لەســەر ڕەخنەیەکی ئەســڵیی دەوەســتێت ســەبارەت بە **پلاتۆنیزم**.

ئەگەر مۆراڵی کریســـتیانی بۆ نیتچە نوێنەرایەتی ئەو فۆرمە هەرە گەشـــەکردووانە دەکات کە نیهیلیزم دەخولقێنن. تەفســـیری تـایبەتی نیتچە بۆ دۆکتریني پلاتـۆنی وایلێکرد لە **ئـاوابوونی بتەکان**دا بڵێت: "لەناو بەڵایەکی گەورەدا کە کریســـتیانیزم بوو، پلاتۆ بوو بە هەڵگری ئەم لێڵییە جوانەی کە ناوی ناوە ئایدیال". بە هەمـانشـــێوە وەك ئەوەی هـایـدێگەر تێبینی کردبوو، ئەم تەفســـیر و ڕاڤەیە بە دیـاریکراویی و تـایبەتیی نیتچەییە؛ بەڕهەمهـێنـان و دەرئەنجـامگیری ئەزمـوونی بـنـچـینەیی و فۆندەمۆنتاڵی دیاردەی نیهیلیزم و، ناســینەوە و دانپێدانانی لەناو پلاتۆنیزمـدا هۆکارێکی ســـەرەکییە بۆ بە دیـارخســـتنی ئەوەی نیهیلیزم جێ پێی خۆی قـایم بکات، خۆی جێگیر بکات، لەنـاو نەفی ژیـانـدا، نەفیکردنی ژیان. نیهیلیزمی ئەورووپیش بۆ نیتچە کە

تێبینی کردووە لەناو کۆمەڵێك فۆرم و دەرکەوتن و شـێوازی تایبەتیدا، چرکەساتی توانەوە و شیبوونەوەی پلاتۆنیزمە.

## بوون؛ بە هاومانا

### ڕەخنە لە بەهای بەهاکان

بۆ ***ژیل دۆلوز*** پرۆژەی گشـتیی نیتچە پێداگیرییە لە بەرهەمهێنانی چەمگەلێك لە فەلسەفەدا لەبارەی مانا و بەهاوە. لە پلاتۆوە فینۆمینێك هەمیشـە بیرلێکراوە و ئاراسـتەکراوە لە پەیوەندیدا بەو شـوێنەی کە ئایدیالە، سـەرو حسـسییە. بەم واتایە مانای بەهایەك پێویسـتە لە دەرەوە بێت، لە جێگەیەکی ئەبەدییەوە. لە پلاتۆوە ئێمە لە بەرانبەر دوالیزمێکداین؛ دوالیزمی دەرەوە/ ناوەوە. دژ بەم دوالیزمە میتافیزیکییە نیتچە لەوە ناوەسـتێت کە جەنگێك تا کۆتایی بەرپا بکات، ئەمەش لەناو وشیارییەکدا کە فەلسەفە هەرگیز بوێری ئەوەی نەبووە کێشەی

بەها وەك پرســـێکی گرنگ، وەك پێدراوێکی مێژوویی و مانایەکی مێژوویی و مانای مێژووش بخاتە ناو باس و خواسێکی ڕادیکاڵەوە، ئیمۆراڵیزمی نیتچە ڕێبەری بوو تـا ئۆبژێکتیڤیتیٚ و جێگیری و نەگۆڕی ئەم هیراکییە بخـاتە نـاو گومـانەوە، تـاوەکوو بەهـا لە ناوەوەی مۆراڵیتێیەکی مێژووییدا بدۆزێتەوە. پێکهاتنی بەهاکان لەناو مێژوودا. بەمشێوەیە تۆپۆلۆژی لای نیتچە دەگۆڕێتە سـەر ژینیـالۆژی. لەنـاو بەرهەمهێنـانی پێرســـپێکتیڤێکی نوێدا لەنـاو فەلســـفەدا لە گۆشـــەنیگایەکی بەهاییەوە نیتچە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ســـەرچاوەی "***بوون***" لەســـەر پێیەکانی حوکمە بەهاییەکان خۆیان بیناکردووە و خۆیان ڕێکخســتووە. مرۆڤ بۆ نیتچە بە پلە نـایاب نرخپێدەر و کاری هەڵســـەنگاندنە، ئەم نرخپێدان و هەڵســـەنگاندنانەش جیهان لە دەوری کۆمەڵێك گۆشـــەنیگا و تێڕوانین ڕێك دەخات، ئەمەش پێرســـپێکتیڤێك سەبارەت بە ژیان سەرپێ دەخات، پێرسپێکتیڤێك دەبەخشێت ســـەبارەت بە ژیان و لەســـەر ژیان. بوون پێش هەر شـتێك ئەو کاتە بوونە کە نرخپێدراو و پێشـــچـاو خرا بێـت وەك ئەوەی بەرهەمی تێڕوانین و گۆشـــەنیگایەکی دەرەکی بێت. گۆشـــەنیگا و تێڕوانینێك لە دەرەوە، بە تەواوی تێڕوانین و تەمـاشـــاکردن و بینینێکی شـوێنگەییەوە. تێڕوانین و گۆشـەنیگاکانی بەها ناچارمان دەکەن ئەزموونەکان، ئەو ئەزموونانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین فرەچەشن بن. لە ڕاستیدا تایبەتکردن و دیاریکردن، چالاکییەکی نرخپێـدان و بەهـاپێبەخشـــین بە بوونێـك. دیـاریکردن نرخ بەخشـــینە بە بوون، خولقـانـدنی مـانـایە. مرۆڤ گەیەنەر و

<u>نێوەندی بەهایە لە چواردەوری بووندا</u>، چوونکە بەهایەك بە بوون دەدات. نرخاندن و دیاریکردنی مرۆیی یان حوکمی بەهایی ڕیاڵ و واقیع لە گۆشـــەنیگایەکی هێرمێنیوتیکییەوە ڕێکدەخات. باڵانس و هاوسـەنگی بوون، خودی دیاریکردن و نرخپێدانەکانە. بەهـا خولقێنەری مـانـایە، بەڵام مـانـایەکی مۆراڵی. بۆ نیتچە دیاریکردن و سنوور بۆ کیشان چالاکییەکی نۆرماتیڤی و پێوەرییە کە خـــودی مـــانـــای مـــۆراڵە و، لە ڕێـــگەی هـــێزە بە یەکداچووەوەکانەوە دارێژراوە لەناو خواست و ویستێکدا. بەها دیارخەر و دەستنیشانکەری مانا و دەلالەتی فینۆمینەکانن و، بە شـــێوەیەکی پلەبەنـدی و هیراکییـانە دونیـای کردار و کردەکان ڕێکدەخات، نەزمێکی پێدەبەخشـــێت لە میانە و گوزەرکردن بە ناو سـیسـتەمەکانی نواندنەوەکاندا، لەناو پێگەی مرۆڤ و لەناو پەیوەنـدییەکانی بە بوونەوە. بۆ نیتچە، مۆراڵ ســـیســـتەمێکی حوکمدان و داوەریکردنی بەها و بەهاییەکە کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هەلومەرجەکانی بوونی "بوونێك"، دەرکەوتنی بوونێك، بوون و دەرکەوتە و فینۆمینەکـانی لەنـاو گوتـارێکی بەهـایی و پیودانگییـدا دەردەکەون، خۆیـان بە دیـار دەخەن. بۆ نیتچە دونیـای ڕووکەش و بینراو و دەرخراوەکـان، تەفســـیرکراوە لە ڕێگەی بەهـاکانەوە، هەڵبژێردراو ڕێکخراوە لە دەوری بەهـاکان. بەم شێوەیە بەها مۆدی زیندووی مرۆڤە؛ نرخ و فۆرم دەدات بە ژیان، بە بوون. کێشەی شێوازی پرسیارکردنی پلاتۆنی سەبارەت بە چییەتی، پرســیارە لە بەها و شـــتێکی نرخێنراو و نرخپێدراو و بەهاپێدراو. هەر ئەمەش کێشـــەی جەوهەری پرســیارکردنە لە

چییەتی کە لەناو بەهادایە و، نیتچە دەیگۆڕێت بۆ پرسیارکردنی کێ. نموونە: پرسیارەکە نابێت وەها بکرێت کە حەقیقەت چییە؟ چوونکە هەر ئەنجام و وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە، دیاریکردن و نرخپێدانە، بەڵکوو دەبێت پرسیار بکەین ئەوە کێیە ئەم پرسیارە دەکات؟ و چ "ویستێکی" هەیە لە کردنی ئەم پرسیارە؟ کێ حوکم و داوەری دەکات و لە چ گۆشەنیگایەکەوە؟ چوونکە پرسیار لە ماهییەت و جەوهەر پێرسپێکتیڤ و گۆشەنیگاییە. ئەوە ڕوونە کە لەناو "گۆشەنیگا و دیدگای بەها"وەیە کە پرسی نیهیلیزم دەتوانێت مانای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێت. کارەکانی نیتچە لە قوڵاییدا ئەرکێکی فەلسەفی لەسەر شانە: لێرەوە وەك ڕەخنەیەکی چالاك و کارا لە بەهاکان خۆی سەر ڕێگا دەخات. ئەوەی بۆ نیتچە گرنگە بابەتیبوون و ئۆبژێکتیڤیتێی ئەم بەهایانە نییە، بەڵکوو بە مانایەکی فراوانتر **(حەقیقەتی ئەم بەهایانەیە)** کە دەکاتە "**بەهای بەهاکان**". بۆ نیتچە ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەیەکە لە بەها مۆراڵییەکان، دەشبێت بەهای ئەم بەهایانە بخەینە ناو بە پرسهێنان و پرسیارلێکردنەوە، ئەمەش پێویستی بە مەعریفە و زانین و ناسینی هەلومەرج و ژینگەی لە دایکبوونیانە، هەلومەرجەکانی پەرەسەندن و خۆ نوێکردنەوە و بەردەوامییان. بۆ نیتچە پێویستمان بە مەعریفەیەکە کە تا ئەم چرکەستایە بوونی نەبووە. دوور لە (لەناو خۆیی و لە خۆیدا) تێگە و چەمکی بەها و بە گیروگرفتکردن و بە پرۆبلیماتیککردنی پێویستە بخرێتە ناو

ڕەخنەگرتنی هەلومەرجە مێژووییەکانی بوون و پەرەسەندن و گەشەکردنیان.

## "ڕاستکردنەوەی بەدحاڵیبوونێکی ترسناک"

### نیتچە

خراپ حاڵیبوونێکی ترسناک هەیە لە بەرانبەر (نیهیلیزمی) نیتچەدا، چ لەو ئاستەی نیهیلیزم وەك پووچی و ڕەشبینی دەبینێت، چ وەك ئەوەی بوون بۆ نیتچە نیهیلیستە، واتە نیهیلیزم لکێنراوە بە بوون و ژیانەوە. هەرگیز بۆ نیتچە کە سەروکارێکی ڕادیکاڵی بە گیروگرفتکردنی بەها و بەهاکان هەیە، و ئۆنتۆلۆژیای بوون یان ژیان بۆ نیتچە سەر بە ژیان و خودی ژیان خۆیەتی، فەیلەسوفێکی ژیاندۆستە لە پاش ***سپینۆزا*** بە پلە نایاب، ناکرێت بوون بخاتە ناو درامایەکی نیهیلیستییەوە. ئەو سەروکاری لەگەڵ هەڵگەڕانەوە و قەڵپکردنەوەی بەهاکاندایە.

دراماى نیهیلیزم ئەو دەرکەوتنانەى کە مانیفێســـتى نیهیلیزمن، دەیانبەستێتەوە بەکێشـەى بەهاوە نەك بوون. ئەو هیچەى لە ڕێگەى ئێتیمۆلۆژیاى (Nihil)ەوە بەرهەم دێت، گوزارشـــت و دەربڕین و نواندنى عەدەمى بەهـایە، نەك عەدەمى بوون. لێرەدا بە پێچەوانەى هایدێگەرەوە کە ڕیشـــەى لاتینى Nihil دەباتەوە ســـەر بوون، ڕیشـــەکەى دەگەڕێتەوە ســـەر بەها. نیهیلیزمى بوونێك، بوونێکى نیهیلیســـتى گەڕێنراوە بۆ بەها. ڕەتکردنەوەى هەر مانایەکى بوون لاى نیتچە لەناو بەها مۆراڵییەکاندایە. بۆ نیتچە نیهیلیزم کێشـــەیەکى ئەکســـیۆلۆژى(بەهـانـاسى)یە کە نوێنەرایەتى عەدەمیەتى بەها دەکات. نیهیلیزم ئاماژە و دەلالەتە لەوەى بەهـا باڵاکان دەکەونە خوارەوە و نرخیان نامێنیت، و لەگەڵ کەوتن و سەرەو لێژبوونەوەى بەها باڵاکاندا، بوون و ژیان ســـەرەولێژ دەبێتەوە و دەکەوێت، دەکەوێتە ناو ئەو بەها نزم و دژە ژیان و نەفییانەى کە چیتر ژیان، ژیان نییە و بە کەڵکى ژیان نـایەت. نیـهیلیزم بۆ نیتچە واتە مەرگى ڕووداو و کەوتن و ســـەرەولێژبوونەوەى بەها باڵاکان. لێرەدا شـــتێکمان بۆ ســـاغ دەبێتەوە کە مەرگى خودا و ئـاوابوونى بەهـا بـاڵاکـان پێکەوە گرێدراون، و دەبێت خودا ســـەروکارى بە ژیان و بوونەوە لەناو بەها باڵاکاندا بێت، وەك دۆلوز دەڵێت: پرس و کێشـەى بوون و نەبوونى خودا لاى نیتچە هیچ جێگەى گرنگیپێـدان نەبووە، ئەوەى گرنگە ستایلى ژیانى کەسێکى باوڕدارە بە خودا، کە چۆنە و دەکەوێتە کوێى پێداگیریى و ئەفێرماتیڤ و بەڵێکردن بۆ ژیان، کەواتە وەك دۆلوز دەڵێت: خودایەکى پێداگیر و ئەرێ و بەڵێکار

بۆ ژیان و ژیاندۆستی گرنگە. کێشەی نیتچە لەگەڵ کۆمەڵێك بتدایە کە کراون بە خودا و ناتوانن لە ئاستێکی ڕاقی و مۆراڵی سەرەوەردا لەناو ژیاندا ڕۆڵ بگێڕن. ئەو خودایانەی کە دەکەونە ناو بەهای نزم و پاسیڤەوە لە وینەی خودای ناو شەفەقە و بەزەیی کریستیانیی و خودای دژە ژیانی داعش و هاوشێوەکانی. خودا نە هێندە لاوازە و نە تۆڵەکەرەوە.

## دژ بە ڕەشبینی

### لەو شوێنەی نیتچە شۆپنهاوەر بەجێدێڵێت

کاتێك توانیمان جەخت لەوە بکەینەوە زەمەنی نیهیلیزم لە ڕێگەی مراندن و مەرگی خوداوەندی کریستیانیی و لۆگۆسی فەلسەفییەوە ئاوەڵا دەبێت، ئەمە لەوێوە دێت کە پێش هەر شتێك ڕووداوی نیهیلیزم لە بنەڕەتدا وەك بینین و تێڕوانینێکی ڕەشبینییانە وەرگیراوە. ڕەشبینی لەناو دونیابینی و گۆشەنیگا و

لێرسپێکتیڤێکی فەلسەفیدا دەردەکەوێت و بێدار دەبێتەوە، هەر ئەمەش وا دەکات بە شـێوەیەکی جەوهەری جەسـتەی بخاتە بەردەم کێشـەیەك. ئەمەش هەڵکەوت و هەڵوەسـتەیەکی وجودییانەیە کە تەواوی مـانـا بە زەیینەرەکان بە شـێوەیەکی فۆنـدەمۆنتـاڵ دەبنە نەفیکردن و نەفیکار، ڕەشـبینی دەرگای چوونە ژوورەوەی فەلسەفییانەیە. وەك ***نیتچە*** دەڵێت: ڕەشبینی فۆرمی دەسپێکی نیهیلیزمە. فەلسەفەی شۆپنهاوەر وەك یەکێك لەو زەمەنە توند و پتەوانەی خۆی نوانـد و جێ پەنجەی خۆی بەجێهێشـت، و نیتچەش هیچ دوودڵ نەبوو لەوەی وەك سـەرچاوە وەریبگرێت و بگەڕێتەوە سـەری. بۆ شـۆپنهاوەر دونیا ئیرادە و ویستێکی کوێرانەیە. ئیرادە وەك هێزێکی ئەسڵیی ناوەکی و هەنـاوی دەردەکەوێـت. هەر ئەم ئیرادە و ویسـتەشـە کە سـەرچاوەی هەموو ئازارو ژان و مەینەتی و ئیگۆیزمە. ویسـتن ژیانە، ژیانیش ئازار و مەینەتییە. ڕەشـبینی لە بنەڕەتدا ناچارمان دەکات بە بێزاریی و شـەکەتبوون لەوێدا کە ژیان جگە لە ئازار و مەینەتی هیچی تر نییە. ئەزموونی یەکەمینی بوون بە جەوهەریی، ئیلهامهێنەر و ئیلهامبەخشـێکی قوڵی نیگەرانییەکی ئازاربەخشـە لە بەرانبەر بۆش و بەتاڵیی هەموو شتێك. ئۆنتۆلۆژییایەکی بۆش و بەتاڵی، و ڕەشـبینی دەکەوێتە ناو ئەنترۆپۆلۆژی نائۆمێدی و بێهیوایی. بەرکەوتن لەگەڵ بووندا وەك سزایەکی لە دایکبوون و نا دادپەروەرانەی چوارچێوەدار. زەردەشـتی نیتچە بە باشی ئەم خولخواردن و سـوڕانەوەی ناسـیبوو، سـوڕانەوەیەکی درێژخایەن و چـارەسـەرنەکراوی نـائومێـدی و بێهیوایی. بۆ نیتچە، ئێمە

دەتوانین بە ئاسانی ڕۆچۆن و زیادییەکی ئازارچەشتن وێنا بکەین، بەڵام سەرباری ئەو زیادە و لێڕژانەی ئازار و نەهامەتی و مەینەتییە، سەرباری ئەمانە، دەتوانێت پێداگیر و هاندەر بێت بۆ ئیرادە و ویستێکی ژیان و ژیانکردن. ئەفێرماتیڤێکی ژیان، بەڵێکردن و ئەرێنی ژیان لە بەرانبەر ناچاریی و پێویستی ئەم زیادە ئازار و نغرۆبوونە لە ئازاردا. ئەوە جەوهەری ژیانێك نییە کە ئازاربەخش و ئازردەر بێت، بەڵکوو پەیوەندی و خودی پەیوەندی ڕەشبینییە بە ئازار و ژانەوە، ئەو پەیوەندییە نەزۆکەیە، جۆرێك لە هایپەر هەستیاریی پەرچەکردارییە بە ئازار و ژانەوە، بە شێوەیەك دەلالەتە لە سروشتی ڕاستەقینەی ڕەشبینی. ڕەشبینی لە پشتەوەی گوتارە ئیدیۆلۆژییەکەوە چنراوە. نیتچە ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕەشبینی شۆپنهاوەر دەچێتەوە ناو هەمان ئەقڵییەت و ڕۆحییەتی تۆڵەکردنەوەوە، دەڕژێتەوە ناو بێزکردنەوە لە ژیان و بە قیزەوەن پیشاندانی ژیان، دەچێتەوە سەر ئەم ڕەچەڵەك و ڕەگوڕیشەیە، گەشەکردن و پەرەسەندنێکی ڕەشبینی هەیە بەرەو نیهیلیزم، چوونە ناوەوەی ڕەشبینی بۆ نیهیلیزم کە لە کۆتا شویندا لەگەڵ مەرگی خوداوەندی کریستیاندا دەرگیر دەبێت، تەواوی ماناکانی خۆی وەردەگرێت و لە خۆ دەگرێت لەناو بۆگەنیی و بۆگەنبوونی (جیهان- حەقیقەت)دا، ئاوابوونی بەهاکان. بەمشێوەیە بۆ نیتچە ڕەشبینی کارەسات و ماڵوێرانییەك دەهێنێت؛ کارەساتی نەمانی متمانە بە ژیان، ماڵوێرانی دۆڕاندن و لە دەستدانی متمانە بە ژیان، لەوێشەوە خودی ژیان دەبێت بە کێشە. بۆگەنبوونی

(جیهان- حەقیقەت) و بەها گەورەکان فۆرمێکی زاڵ و خاوەن هێزو توانای هێنا؛ ڕەشبینی شۆپنهاوەریی.

ڕەشــبینی لە بری ئەوەی بەها بکات بە کێشــە، ژیان دەکات بە کێشە.

## دژ بە داروینیزم و تیۆری پەرەسەندن

لێرەولەوێ بەدحاڵیبوون و داتاشــین و بە ســەرداســەپاندنێکی ئیـدیۆلۆژی بەدی دەکەین. ســـەبـارەت بەوەی کە "نیتچە داروینییە، نیتچە لەنـاو تیۆری پەرەســـەنـدن و داروینیزمـدایە، هەرگیز، دروســتە نیتچە لەگەڵ بەهێزەکاندایە دژ بە بێهێزەکان، بەڵام، بەهێز و بە توانا لای نیتچە هەرگیز ناکاتە لە سەرەوەبوونی هێزێك، لە سەرەوەبوون و زاڵبوونی بەهێزەکان و مانەوە بۆ بەهێز و بەهێزترین. با تۆزێك لە ســـەر هێز بوەســـتین؛ لای **نیتچە** هاوســەنگی و بالانس نییە لە نێوان هێزەکاندا، دۆخی هاوســەنگی

هێزەکان وەهمێکە و بەشێکە لە گەمەی هێزەکان لەپێناو فریودان و چاوبەستن و مانەوە و درێژەکێشان و هێشتنەوەی هەژموون و هەیمەنە، و وەستان و جێگیربوون و مانەوەی ئەبەدی هێزێك لە سەرەوە یان لە خوارەوە بوونی نییە، هێزەکان لە سەیرورەدا فۆرمی ڕەها و ناجێگیر و ناچەسپاوی دەرکەوتن و مانیفستبوونیان هەیە، هێز لای نیتچە چەندێتی و چۆنێتیش دەناسرێتەوە، چونکە هێزەکان لە ئاستێکی ڕووتوقووت و ئەبستراکتدا نامێننەوە، بەڵکوو لە پراتیکدان، پەیوەندی هێزێك بە هێزێکی دیکەوە جا چ لە حاڵەتی سەرکەوتندا بێت یاخود ژێرکەوتن، سیفات و ڕەسم و گرافیکی خۆی هەیە و لە پراتیکدایە. بۆ نیتچە دوو جۆر هێز هەیە: ئەکتیف و چالاك/ پاسیف و پەرچەکرداری؛ مەرج نییە هەمیشە هێزی چالاك و ئەکتیف و ئیسپاتی لە سەرەوە بێت، وا ڕێکدەکەوێت لەناو هەلومەرج و دۆخێکی تایبەتدا هێزێکی پاسیف و پەرچەکرداری لە سەرەوە بێت، سیفاتەکانی هێزێکی پاسیڤیش لەناو (کۆیلەبوون، نەفی، دژبوونەوە، دیالێکتیك، ڕەشبینی، نەرێکردن و ناگوتن) لە بەرانبەر ژیاندا دەردەکەوێت، وەك چۆن ناسینەوەی هێزێکی ئەکتیف و چالاکیش لەناو دەرکەوتە ئیسپاتی و نادیالێکتییەکەیدایە، لای کەسانی سەروەر و سەردارە، لای ئەوانەیە کە لەناو (بەڵێکردن و پێداگیری و جەخدکردنەوەدان لە ژیان). بەمشێوەیە لە سەرەوەبوون و زاڵبوونی هێزێکی پاسیف لەناو بەرکەوتن و بەریەککەوتنەکانیدا ناکاتە (سەرکەوتن). نیتچە نموونەی کۆیلەیەکمان بۆ دێنێتەوە: ئەو کاتەی کۆیلەیەك

ســەر دەکەوێت بە ســەر ســەروەر و ســەردارەکەیدا، هەرگیز دەســبەرداری ئەوە نابێت لە ســەرەوە هەر کۆیلە بێت، ڕاســتە کۆیلە لە ســـەرەوەیە، بەڵام مۆراڵ و دیدگا و ئیدراك و پەیبردنی کۆیلە لە سـەرەوەیە. هەر لەناو ئەم "لە سـەرەوەبوونەدا" کۆیلە هاوڕێی نەفی و دیالێکتیکە. لە سـەرەوەبوونی کۆیلە ناکاتە ئەوەی کە بووە بە سـەردار، بووە بە سـەروەرێك، هەرگیز ناکاتە ئەوەی بووە بە هێزێکی ئەکتیف و چـالاك، نەخێر، بەڵێ وا دەکەوێتەوە هێزێکی پاسیڤ و پەرچەکردار و ناچالاك بچێتە سەرەوە.

بـا بچینەوە لای ***داروین*** و تیۆری داروینیی ســـەبـارەت بە بەهێزەکان و مانەوەی بەهێزەکان؛ داروین و داروینیزم و تیۆری پەرەســەندن تەنیا باسی لە ســەرەوەبوون و مانەوەی بەهێزەکان دەکات، باس لە مانەوە بۆ بەهێز و بەهێزترین، بەڵام باسی ئەوە ناکات کە مانەوەی بەهێزەکان و هەمیشـــە لە ســـەرەوەبوون و زاڵبوونی ئەوانەی دەمێننەوە؛ هێزی پـاســـیڤ و نـا-چـالاك، پاســـیڤ و ناچـالاکەکانن، یاخود هێزی ئەکتیف و چـالاك و داهێنەر و ئیســـپاتیی. لای نیتچە خۆگونجـان و ڕاهـاتن نییە، گونجان و خۆگونجان و ڕاهاتن، سروشـــت و جەوهەری هێزی پاسیڤە، هێزی ئەکتیف، خولقێنەر و داهێنەرە، دەستکاریکەرە. بەمشـــێوەیە لە ســـەرەوەبوون و مـانەوەی داروینیی نـاکـاتە ســەرکەوتن و هەیمەنەی هێزی ئەکتیف و چالاك و تەفســیری هێزی چـالاك. ئەو دۆخەی ئێســـتـا مرۆڤـایەتی تێدا دەژی لە ســـەرەوەبوونی هێزێکی نەفیکار و کۆیڵایەتییە لەناو ژیاندا و لەناو

هەلومەرجێکی تایبەتدا لە سەرەوەیە. مرۆڤی زاڵ و لە سەرەوەبووی ئێستا ئەو دوامرۆڤەی نیتچەیە، کە لەناو پەرچەکردار و نەفیکردنەوەدایە.

## لە ستایشی دوژمن و نەیارەکانماندا

وەك دۆلوز دەڵێت: ناتوانین لە نیتچە تێبگەین بە بێئەوەی ئاگاداری ئەوە بین کە نیتچە دژ و نەیار بووە بە کێ، کێ دژ و نەیاری نیتچە بووە. من لە سروشتی جەنگاوەرانم، نیتچە لە سروشتی جەنگاوەرانە. فەلسەفەی نیتچە، فەلسەفەی ململانێ و کێشمەکێشە. دوژمن و نەیارەکانی نیتچە زۆر بە ئاگایی و وریاییەوە هەڵبژێردراون. نیتچە لە ململانێ و زۆرانبازیدا نییە لەگەڵ هەر کەس و هەموو کەسێك، نیتچە دەستەویەخە نییە بەرانبەر هەر بابەت و هەموو بابەتێك. نەیارەکانی نیتچە دەبێت بە توانا و لێهاتوو و بەهێز بن. وەك ***نیتچە*** دەڵێت؛ ئەو لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەستەویەخە نییە، نیتچە تەنیا شەڕ و جەنگ

و زۆرانـبـازی لەگەڵ ســـەرکەوتـووەکـانـدا دەکـات، لەگەڵ ســـەرکەوتووەکانـدا دەســـتەویەخەیە. بەڵام فەلســـەفەیەکی سـەرکەوتوو چییە و کێیە؟ فەلسـەفەیەکی سـەرکەوتوو بۆ نیتچە ئەو فەلســـەفەیە کە بەردەوامیی هەبێت، یان بەلای کەمەوە بتوانێت بەردەوامی بە خۆی بدات، فەلســـەفەیەك کە تەواوی دیـمەنەکەی مـۆنـۆپـۆڵ کـردبـێـت، ئـیـمـپراتـۆریـای مـۆراڵی پێکهێنابێت، مۆراڵی خۆی، سـەرباری گەڕان و گەشـتی بە دوای حەقیقەتدا کە ماسکەکانێتی، تەواوی سیستەمە فەلسەفییەکان ئەرکێکی تایبەت و دیاریکراو بینا دەکات و لە خۆی دەگرێت. بۆ نیتچە جەنگ و ململانێ و شـــەڕ و زۆرانبازی و دەســـتەویەخە بوون دەبـێـت لەگەڵ بنچینە و بنەمـای بنەڕەتییە قـایم و پتەوەکانی مۆراڵێکدا بێت. لەسەر ئەم زەمین و خاکەیە کە نیتچە جەنـگی خـۆی ڕادەگەیەنـێـت لە بەرانـبەر مـۆراڵـێـکـدا. خـۆ ئامادەکردن، ئامادەسـازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن و نەیـاریـکـدا، ڕووبەڕووبـوونەوەی بـۆش و بەتـاڵـیـیەك نـیـیە، ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ دوژمن و نەیاریکی سادە و ساکار و بـۆش و بەتـاڵ. نـیـتـچە بەرانـبەر بـۆتەوە لەگەڵ نەریـت و ترادیســـیۆنێکی میتافیزیکی، نەریتێکی میتافیزیکی کە دەرکەوتە و ماســـك و فۆرم و دەمامکی زۆرە. میتافیزیکیای نەیار بە نیتچە، تەنیا ڕەهەند و ئاســـتە تیۆلۆژییەکەی نییە، تەنیا کریســـتیانیزم نییە، بەڵکوو لۆگۆسـیشـە. مێژووی میتافیزیکیای ڕۆژئاوا دەکاتە هەردووکیان. فەیلەســوفێکی گەورەی وەك **کارل یاســـپەرز** لەو بڕوایەدایە: بۆ نیتچە مۆراڵی بۆمـاوە و، مۆراڵێـك کە دەبێـت

نیتچە شــەڕی بکات و ڕووبەڕووی ببێتەوە، مۆراڵی ســوکرات و مۆراڵی جودیۆ- کریســـتیانە، هەردووکیشـــیان دوو ڕووی یەك دراون، دوو دەمامك و ماســـکی یەك جەوهەرن. ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکاڵانەی ئەو مۆراڵەی زاڵ و هەژموونکارە بە ســەر ئەوروپای هاوچەرخدا، مۆراڵێك لەناو نەفەس و ئیلهامی پلاتۆنیزمدا کە تێکەڵکراوە و داڕێژراوەتەوە لە ڕێگەی کریستیانیزمەوە. <u>نیتچە لە پلاتۆدا ئەو هێڵە دەبینێـت کە دەچێتەوە ســـەر خـاچ</u>. ئەم پلاتۆنیزم و کریســـتیـانیزمە خۆی ئـاوێزان دەکـات لەگەڵ درێژکراوەیەکی دیکەی فەلســەفی، فەلســەفەی کانت. نیتچە لە ***ئیمانوئێل کانت***دا کریســـتیانێکی فێڵباز و فریودەر دەبینێت. بۆ نیتچە، کانت نەیدەتوانی شێوازێکی نوێی زانست سەر ڕێگا بخات تەنیا لەناو پارێزگاریکردنی ڕێگەیەکدا نەبێت بۆ ئیمان. هاوڕێ لەگەڵ نیتچەدا ئێمە دوژمن و نەیار نین بە کەســێکی تایبەت و دیـاریکراو، ئێمە نەیـار و دەســـتەویەخەین لەگەڵ نەریتێکی میتافیزیکی کە لە جودیۆ- کریســـتیانیزم و پلاتۆنیزمەوە دەســـت پێدەکات تا **هیگڵ** و **کانت** و تەواوی ئایدیالیزمەکانیش لە خۆ دەگرێت، تەواوی ئەو فەلســـەفانەی نیتچە دژ و نیارە پێیان، هەموویان وەك گشتیێك لە بەرانبەرماندا وەستاوەتەوە. تەواوی ئەم فەلســـەفـانە لە یەکـانگیریی و یەکێتییەکی هەنـاوی و نـاوەکیدان بە بێ جیاوازی، ئەمانە نەریتێکی میتافیزیکی پیدێنن کە مۆراڵێك چێدەکەن، مۆراڵێك دەســـەپینن کە ســـەرچاوەی کەوتـن و ڕووخـان و ســـەرەولـێژبـوونەوەیە، مـۆراڵـێـك کە ســـەرچـاوەی ژیانێکی کەوتوو و وێران و داڕووخـاوە. وەختێك

نیتچە هێرش دەکاتە سەر مۆراڵ، ئەمە هێرشکردنە بۆ سەر نەریتێکی فەلسەفی ڕۆژئاوا لەناو سێ کۆڵەکەی بنچینەییدایە؛ پلاتۆن، کریستیانیزم، کانت. ئەوانی دیکە لەناو ئەم میتافیزیکیایەدان، ئەگەرچی ئەمیان، لەویتریان جیاوازتر خۆی دەربخات. ئەم جیاوازییانەش ناکاتە ئەوەی کە ئەم نەریتە وەك یەکێك خۆی پێکنەهێنێت، ناکاتە ئەوەی گشتێکی هاوساز و لێکچوو نەبێت. ئەمانە لەناو سێ پرەنسیپی گەورەدان، کە یەکێتییەکانیان دەپارێزێت. پلاتۆن، کریستیانیزم و کانت نوێنەرایەتی ئەم نەریتەن. ئەم سیانە سیمپتۆمەکانی مۆراڵێکن لە نەریتی میتافیزیکی کە نیتچە هێرش دەکاتە سەریان و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. فەیلەسوفەکانی دیکەش ئەگەرچی پلەی جیاوازیان هەبێت، بەڵام هەموویان لەناو ئەم سیانەدان. ئەگەر مۆراڵ ئامانج بێت، ئامانجی فەلسەفەی ناو نەریتی میتافیزیکی بێت، ئەم سێ پنتە فۆرمەکانیانن، بونیادەکەن، لە ڕێگەی ئەم سیانەوە نەریت وترادیسیۆنی میتافیزیکی چەمکی مۆراڵی خۆی پێشچاو دەخات، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە ئەم سیانە لە پاشینەن، لە پاشتر و لە دواتردا دێن، ئەوە مۆراڵە کە پێکهاتە و پێکهاتنە فەلسەفییەکان ڕێنمایی دەکات. وەك وتمان کۆمەڵێك فۆرم و شکڵبەندی دیکە دەردەکەون و بانگەشەی جیاوازبوون دەکەن، ئەرگیومێنتسازی بۆ پاساوهێنانەوەی جیاوازی خۆیان دێننە سەر باس و خواس. بەڵام لەناو گشتێکی یەکانگیردا یەك جەوهەریان هەیە. مۆدێرنیتێ و ئایدیا مۆدێرنەکانیش کە بۆ نیتچە دەرکەوتە و ماسك و دەمامکی

مۆراڵێکن کە جگە لە کەوتن و ســـەرەولێژبوونەوەی ژیان هیچی تر نین. نیتچە لە ئایدیا مۆدێرنەکان بتگەلێك دەبینێت کە هەر لەو سێ سەرچاوە و لەو مۆراڵەوە خوێن و ئۆکسجین وەردەگرن. ئەم ئایدیا مۆدێرنانە بەها و دەزگاگەلێکن کە بەرهەمی گەشـــەی کریستیانیزم- پلاتۆنیزمی مۆڕاڵین، گەشەیەك سەر دەکێشێت بۆ ئەتەیزم و ئیلحـاد و بێبـاوەڕییەکی دەرەکی، بەڵام ئەم ئەتەیزم و ئیلحادەش هەر لەناو کریســتیانیزم- پلاتۆنیزمدایە. بۆ نموونە بۆ نیتچە: ســـۆســـیالیزم، ئەنارشـــیزم، ئایدیالی زانســـتخوازیی، زانســـتگەرایی، بـابەتیبوون و ئۆبژێکتیڤیتیێ، مۆراڵی بێخوایی، مۆراڵێکی بێخوا، مۆراڵی بەزەیی و سـۆز، ڕەشـبینی شـۆپنهاوەری، ئـوتـیـلـیـتـاریـزم، تـیـۆری بەخـتەوەری، هـونەری ڤـاگـنەری، گەشــەســەندن و پێشــکەوتن و پێشــکەوتنخوازی، داروینیزمی کۆمەڵایەتی، تیۆری پەرەسەندن، فیمینیزم، فەلسەفەی هیگڵی، نێگەسـیۆن و نەفی و نەفیگەرایی، مێژووگەرایی و هیومانیزم، ڕۆح و ئەقڵییەتی شـۆڕشـگێڕیی...، هەموو ئەمانە ئایدیای لاواز و دژ بە ژیـان و ئیســـپـاتکردنی ژیـانن و لەنـاو نەریتی میتـافیزیکی کریستیانیزم و پلاتۆنیزمدان.

## ئیرادەی هێز، ئیرادەی ژیان

### دژ بە هەموو بەکارخستنێکی ئیدیۆلۆژییانەی نیتچە

لە نێوان هێز و ئیرادەی هێزدا، مەودایەك هەیە پێویستە لێی بە ئاگا بین، بە تایبەت ئەو کاتەی لەسەر پرسێکی وەك هێز دەوەستین. گومان هەڵناگرێت نیتچە یەکەمینی ئەو فەیلەسوفانە بووە کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بووەتەوە. بەڵام سەرباری ئەمەش نیتچە نەیتوانی پانتایی و نیشتمانی تایبەت و دیاریکراوی "هێز" بدۆزێتەوە، تەنیا بە لکاندن و بە بەستنەوەی ئەم هێزە بە "**ئیرادەی هێز**"ەوە، شتێک دەڵێت. ئەم دربڕینە: ئیرادەی هێز جیاوازە لەو ناوەی کە لە سەری وەستاوە و لە خۆی گرتووە بە ناوی "هێز"ەوە؛ لێرەدا هاتوچۆیەك هەیە لە نێوان ئەم دەربڕینە و ناوەکەی، ئەم هاتوچۆیەش تەنیا جوڵەیەکی زمانی نییە، بەڵکوو گۆڕانێکە لە پێکهاتندا.

فەلســەفەی نیتچە، یان بە مانایەکی تر تیۆرە فەلســەفییەکەی نیتچە لەسەر جەمسەری **"ئیرادەی هێز"** وەستاوە. وەستانێک لە کۆمەڵێك ئاســتی جیاوازدا؛ لە هونەرەوە ســەرکەوتووەوە بۆ بەرزترین ئاســتی ئەبســتراکتی و میتافیزیکی و، بە تێپەڕین بە ناو مۆراڵ، سروشـــت، کۆمەڵگە و مێژوو. بۆیە لەهەر کوێیەکدا ئاماژە بە ئیرادەی هێز بکرێت لەوێدا فەلسەفەی نیتچە ئاماژە و نیشــانەکانی دیارن. نیتچە وەك هەر فەیلەســوفێکی تر خاوەنی حســـسێکی غەریبی ڕەهایی بوو لەپێناو گەڕان بە دوای ڕەهایی خۆیدا. ڕەهـاییەك بۆ خۆی، کە لە ڕێگەی ئیرادەی هێزەوە مانیفێســت ببێت، نیتچە لەپێناو کەشــفکردنیدا هەمیشــە لە گەشتدا بووە، کەشفکردنێك بە مەبەستی ئەوەی هەموو شتێك لە ڕێگەیەوە تەفسـیر بکات. ئەمەش ئەو ڕەهاییەیە کە لێیەوە و لە میانەیدا دەڕوات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە.

***هایدێگەر*** کۆمەڵێك خۆێندنەوەی بە دوایەکداهاتنی بۆ نیتچە هەیە، نیتچە بە درێژایی تەمەنی فەلســەفی. هایدێگەر هەر جارە و جەختی لەوە دەکردەوە فیکری نیتچە لە ســەر دوو بنەما وەستاوە کە سێیەمی نییە، ئەوانیش: "ئیرادەی هێز و گەڕانەوەی ئەبەدیــیە La volonte de puissance et L'eternel retour" .

بۆ تێگەیشـــتن لە بنەمایەکی نیتچەیی وەك "ئیرادە بە هێز"، بۆ ئەوەی بە ئاگابین لەو تەحریفکردن و بەکارهێنان و بەکارخستنە ئیـدۆلۆژییـانەی بۆ ئەم چەمکە کراوە، نـاچـارین بە کۆی

خوێندنەوەکانی **هایدیگەر** و **دۆلوز** و **فۆکۆ**دا تێپەڕین. لێرەدا کۆمەڵێك کاری گرنگی تریش هەیە بە هیواین لە شوێنێکدا بچینەوە سەریان: کلۆسۆفسکی، کارل لفیت، هێنری بیرۆڤو ژان واڵ، جیانی ڤاتیمۆ، ژان بوفرێ[1]...

بە درێژایی قۆناغەکانی فیکری و فەلسەفی و ژیاریی هەوڵ و ئارەزوو و خواست هەبووە بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئەو شتەی کە بوون لە خۆ دەگرێت، ئەوەی بوون پێکدێنێت، واتە ئەوە هێزە وا دەکات شتێك بوونی هەبێت لە جیاتی ئەوەی عەدەم بێت، یان هەر نەبێت و، بوون و هەبوونی تەواوی ئەو توانا و تایبەتمەندییانە لە خۆ بگرێت، جگە لەمەش هیچی تر نەتوانێت لە خۆیانی بگرێت.

هێز بە درێژایی مێژووی فەلسەفە، کۆمەڵە چەمکێکی جیاوازی پۆشیوە، بەڵام جیاوازتر و قوڵتر لە هەموویان، نیتچە بوو توانی

---

[1] Nietzsche, Collection "Critique" ,Colloque de Royaumont, (Les Editions Minuit

ئەم کتێبە کارێکی دەستەجەمعی و گروپییە لە شێوازی مێزگردێکدا. ئەنجامگیرییەکی ژیل دۆلوزی تێدایە سەبارەت بە" ئیرادەی هێز و گەڕانەوەی هەمیشەیی (Sur La volonte de puissance et L'eternel retour) و یەکێکە لە جوانترین شیکردنەوە و لەسەر وەستان سەبارەت بەم دوو بنەمایە). لێرەدا فەیلەسوفێکی وەك گابرێل مارسێك بەشدارە. کۆی ئەم فەیلەسوف و بیرمەندانە لە گفتوگۆیەکی کراوەدا وێنەیەکی نیتچەمان دەدەنێ.

بە نـاوی خۆیەوە بـانگی بکـات، ئەمەش بە تێپەڕانـدنی مـانـا زاراوەییەکـانی هێز. هەر لێرەوە نیتچە بە ســـەر زمـانەوانیـدا سەرکەوت و گەڕایەوە بۆ زمان.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە ســەر ئەوەی کە دەســتەواژەی ئیرادەی هێز جیـاوازە لە هێز: نیتچە گاڵتەی بە ئـایـدیـای خودی ژیـان دەکرد، ئەو وای دەبینی کە ناتوانین ببینین و تێبینی بکەین تەنیا لە ڕێگەی "ژیـاو زینـدوبوون"ەوە نەبێـت. تیـاژیـاو، ژیـانە بە تەحقیقکراوی، ئەمەش کردەیەکی بەردەوامە و لە سـەر جوڵەی بوون، کەینوونە بەنـدە، ئەگەر توانرا ئەم جوڵەیە بخرێتە نـاو زمانەوە، ئەوە دەبێت بە ئیرادە. ئالێرەوە "**ئیرادەی ژیان**" هیچ نـیـیە جـگە لە "خـودی ژیـان_ژیـانـێـکی تەحـقـیـقـکـراو بە دەســـتهـاتوو"، تەنیـا بەم شـــێوەیەی کە نوێنەرایەتی بوون و کەینونە دەکات وەك ئیرادەیەك بە ســەر ژیاندا. ئەمەش تەنیا و تەنیا لەناو خودی ژیاندایە. نیتچە تێگەیشتنێکی جیاوازی هەبوو سەبارەت بە ئیرادەی هێز، چونکە ژیان دەبێتە گەورەترین بەڵگە لەســەر مانیفێســتبوونی ئیرادەی هێز، بەڵام یەك وێنە و هەمان وێنە، هـاووێنە و هـاوشـــێوە نییە لەگەڵیدا، ئەگەرنا ئەو کاتە پێویســـتمـان بە زاراوەیەکی وەك ئەمە نەبوو و دەمـانتوانی ڕاســـتەوخۆ بە ناوی ئیرادەی هێزەوە ناومان لێ بنایە وەك لای ***شوپینهاوەر***.

لە ڕاســتیدا هایدێگەر ڕێنماییکەر و ڕێنیشـــاندەرمان دەبێت بۆ تێگەیشـــتنێکی دیکە لە نیتچە، ئەمە لەو کاتەی کە ناحەقییەکی

گەورە و بە مەبەســـت دەکرێتە ســـەری. هایدێگەر ئاماژە بۆ فیکرە ســـەرەکییەکەی نیتچە دەکات لەبارەی تێڕوانینییەوە بۆ ئیرادەی هێز لە میانەی ئیشـــکالیەتی بوون و کەینونە. ئالێرەوە دەلالەتی ژیـان و هێز دادەڕێژێـت و لە ڕێگەی ســـەنتەر و بە ناوەندبوونی بوونەوە تەماشـــایان دەکات. ئەوکاتەی پرســـیارە هەمـیشـــەیـیەکە لەبـارەی بـوونەوە دەکـات و، لە ڕێـگەی **هەبووەکان**ەوە دەیانبینێت، ئەمەش ئیرادەی هێزە و کەینونەش گەڕانەوەی هەمیشـــەییە، چـونکە گەڕانەوەی هەمیشـــەیی دوبارەبوونەوە نییە وەك ئەوی کۆمەڵێك سادەبین و ڕووکەشبین وەریانگرتووە. بەڵکوو ئەوەیە کە کەینوونەمان بە یاد دەخاتەوە، بە بیرمان دێنێتەوە، یادخســـتنەوەو یادی بوون، هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی جەخـت لە ئامادەیی دەکاتەوە، ئەمەش ئەو **هەبووە**یە کە گەیشتووە بە قوڵایی لە بە پرسهێنانی **بوون**دا.

***هایدێگەر*** جەخت لە تەفســـیرکردنی ئیرادەی هێز دەکاتەوە لە ڕێگەی چەمکی جیاوازی نەبوونی لە کەینونە. هـایـدێگەر هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا نابینێت، بەڵام ئەمەش بەو واتـایە نـایەت کە ئەوەنـدە لێکبچن و ئەوەنـدە وەکیەك بن کە هەر یەکەیـان بتوانێـت جێگەی ئەویتریـان بگرێتەوە. ئەمە لۆژیکی گەڕانەوەی هەمیشـــەییە کە پـاســـاوهێنەرەوەیە بۆ بەڵگەیەکی بـازنەیی. لێرەوە دەگەین بەو ئەنجـامەی کە ئیرادەی هێز و کەینونە ئەو "یەك"ەی ترەیە، بێئەوەی هیچ یەکێکیـان ئەویتر لابەرن، بێئەوەی یەکتر بسڕـەنەوە، یان وەکوو یەکیان

لێبێت. لێرەوە هایدێگەر پێمان دەڵێت چۆن ئیرادەی هێز دەبێت بە کەینونە و بە پێچەوانشـەوە: "ئیرادە لای نیتچە هیچ شـتێکی تر نییە جگە لە ئیرادەی هێز، هێزیش شـــتێکی تر نییە جگە لە مـاهییەتی ئیرادە. ئیرادەی هێز جگە لە ئیرادەی ئیرادە هیچی تر نییە. واتە ئیرادە جگە لە ئیرادەی خۆی هیچی تر نییە."

نیتچە لەم تێگەیشــتنەوە دەیویســت ســەرجەم دەزگاکانی بەها باوەکان لە مۆراڵ و فەلســەفەی کریســتیانی ئاوا بێت، ئەمەش هیچ کات وای لێنەکات، بیکات بە بانگەشـەکارێکی عەدەمیەت، وەك ئەوەی هایدێگەر دەیبینێت، عەدەمیەتی نیتچە ئەنجام و دەرهاویشــتەی بەها باو و باڵادەســتەکانن لەســەردەمی پلاتۆ و مەســـیحیەتەوە. بەم شـــێوەیە: "فەلســەفەی نیتچە تایبەتمەندییەکی گشـــتییە بۆ جوڵەیەکی پێچەوانە بە عەدەمیەت، لەناو خودی عەدەمیەتدا".

ئیرادەی هێز لای نیتچە هیچ نییە جگە لە ئیرادەی ژیان. نەک ئیرادەی گوتاریی و ئیدیۆلۆژی.

## نیتچە، فەیلەسوفی ناوەخت

دوو فەیلەسوفی ژیان، دوو فەیلەسوف وەك فریادڕەسی ژیان و ژیانکردن و بە تەنگەوەهاتنی ژیان و حورمەت و شـــکۆی ژیان و ئەزموونکردنە ژیانییەکان هاتن. شـــتێکیان وت کەس نەیوتبوو، شـــتێکی تازە و نوێیان بە ئێمە ڕاگەیاند. ***ســـپینۆزای*** مەســـیحی فەلســـەفە، کاریك کە پێی هەســـتا و کەسی تر ئەنجامی نەدابوو، بە ئیمانانســـکردنی ژیان بوو، ئەگەر ترانســـێندێنتالێك بوونی هەبێت ئەوا لەناو خودی ژیاندایە. دەرەوەیەك بۆ ژیان بوونی نییە. ئەوەی هەیە لە ژیاندایە و بە ناو ژیاندا تێدەپەڕێت. کەواتە ســـەرەتا و کۆتایی، یەکەم و دواهەمین هەر ژیان بەس، ژیان و هیچی تر. بە حورمەتەوە تەماشـــاکردنی ئەم هەوڵەی ســـپینۆزا، نیتچە پرۆژەیەکی دیکەی پێوە ڕادەگەیەنێـت وەك تەواوکـاری پرۆژەکەی ســـپینۆزا، پرۆژەی ڕووتکردنەوەی ژیان لەناو هەموو ئەو ماسـك و بەهایانەی هێزێك پێی بەخشـیوە، دارنینی ژیان لە

تەواوی ئەو ناسنامە و پێناسە و ناولینانە گوتاریانەی سەپێنراون بە سەر ژیاندا، ڕزگارکردنی ژیان لە دەستی هێزی ئیرتیکاسی و پاسیڤ و پەرچەکرداری، ڕزگارکردنی ژیان لەناو مۆراڵی کریستیانیزم فۆرمەکانی دیکەی درێژکراوەی کرستیانیزم لە ئەقڵانییەت و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. ئەمانە و هەر دۆگم و مەنزومەیەکی دیکەی ناونان و بەهایی کە کاریان لە ژیانخستنی ژیان و لە ژیانداماڵینی ژیانە. ژیان ئەکتی ناوازە و دانسقە و داهینەرانەیە لە ژیاندا. ژیان لە ململانێ و بەرەنگاری و ڕادیکاڵبووندایە، ژیان دەکاتە میکرۆئەکتەکان. نیتچەی ئازادکردن و لێسەندنەوەی ئەو وەهمانەی بە ناوی ژیانەوە پارادایمێکی حازربەستی مێژوویی- یۆتۆپیمان دەدەنێ بەرانبەر ژیان و بۆ ژیان. پوچکردنەوەی تەواوی ئەو خەیاڵکردن و وێناکردنانەی کە ژیان لە جێگە و شوێنێکی ترە. نیتچە هات و وتی ژیان لێرە و لە ئێستادایە، ژیان لە زەوی بترازێت ئاسمانێکی نییە، ژیان خۆی ئاسمانی خۆیەتی. نیتچەی فەیلەسوفی ناوەخت، فەیلەسوفی ناوەخت بە ئێستایەکی واقیعی و ڕیاڵی، ئەو وەهمەی تێکشکاند کە ژیان ئەوەیە کە هەیە، ژیان واقیعە و واقیعیش ژیانە. نیتچە ڕایگەیاند ئەوەی هەیە بە ناوی واقیعەوە تەنیا دۆخ و بوونێکی تایبەتییە لەناو کۆتانەهاتنی ئیمکان و شیمانەی ژیانکردندا لێرە و لە ئێستادا. بەڵام تەواوی ئەم ئیمکان و شیمانانە لێرە و لە ئێستادایە نەك لە قوتونراو و بەڵێن پێدراوێك لە داهاتوودا. نیتچە تەواوی نەریتی فەلسەفەی پێش خۆی لە ئەفلاتوونەوە تا ***هیگڵ*** هەڵگەڕاندەوە. مێژووی ئەکتی

فەلســـەفە و فەلســـەفەکردن بۆ نیتچە دەیکردنە فۆرمیولە جۆراوجۆرەکانی کریســتیانیزم بە دەرکەوتن و ماســکی جیاواز: بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و ئەقڵانییەت و پۆزەتیڤیزمیشە و ئەوانە و هەرچی هەبوون و هەرچیش بەڕێوەیە دووبارەبوونەوەی مەســـیحیەتە لەهەر قالب و فۆرمێکدا بێت. بۆ نیتچە، ژیان دەکاتە داهێنان و خولقاندنی ناوازە و جیاواز و دانسقە و تاقانە، ڕووداوێکیش بۆ نیتچە هەر دەکاتە ڕووداوە دانسقە و تاقانەکان لە ژیان و ژیانکردندا. نیتچە دژ بە هەموو فۆرمێکی کۆلێتیڤ و میگەلی لەناو دیالێکتیك و نەفی و دژەکاندا، مرۆڤی باڵای وەك ئەلتەرناتیڤێك خســـتەڕوو، مرۆڤێك کە فۆرمەی مرۆڤبوون تێدەپەڕێنێت، ئەم فۆرمەی ســـوژەیەی مرۆیی کە تەنیا وەهم و خولقێنراوی هێز و پەیوەندییەکانی هێزە ئەو کاتەی ئێمە خودامان، خودای ناو بەها و پەیوەندییەکانمان، خودای ناو مەســـیحییەت و دیالێکتیك، خودای ناو ســـۆز و بەزەیی و شـــەفەقە، مرۆڤ خۆی بوو بە خودا، بەڵام مرۆڤیش لەناو زانســـتەکاندا خۆی کوشـــت، بەمشـــێوەیە لەناو کەیاس و بێســـەروبەرەیی و بیابانی نیهیلیزمی دوا مرۆڤدا کە ئێســتاکە ئێمە لە گەلی دەژین، تێیدا دەژین، هێزی ئەکتیڤ و چالاك و داهینەر و خولقێنەری پێشـــچاو خســـت. مرۆڤێکی نا- دیالێکتیکی، مرۆڤێکی تێپەڕێنراو و بەجێماو. ئێســـتای ئێمە، ئێســـتایەکی هیگڵییە، ئێســـتایەکی نەفی و ئێســـتای دوامرۆڤە. ئێســتای پاش ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی ئەو هەموو ئیمکانەی ژیان کە ماندووی کردین. ئێمەی دوا مرۆڤ لەناو ڕاییکردن و ژیان

بەســەربردن و پراتیککردنی فۆرمە کۆیلەییەکانی ژیان، ئێمەی ناو ڕۆتین و بەها و مۆراڵ و تام و بۆ و چێژی بازاڕیی، مرۆڤی بازاڕیی، مرۆڤی چێژ، ئـاوابوونی ئەرســـتۆکراتییەت و ڕاقیبوونی ژیـان و ژیـانکردن. نیتچە هیچی نەکردبێـت، لەهەر کەســـێـك زیـاتر ئێســـتـای دیـاگنۆســـتیك کرد، وتی ئەوەی کە هەیە بە نـاوی مرۆڤەوە زیاتر لە کرمەوە نزیکە تا مرۆڤێکی ژیاندۆســـت. نیتچە لە کۆتایی و لە ســـەرەتا و لە ناوەڕاســـتیشـــدا فەیلەســـوفی ژیانە. نیتچەی شـیعرییەتی ژیان، <u>نیتچە تەنیا هاوڕێیەکە بۆ بیرکردنەوە و ژیان لەگەڵ کردن.</u>

## لە جەوهەرناسییەوە بۆ پەیوەندیناسی

١

هەموو هێزێک لە پەیوەندیدایە لەگەڵ هێزێکی دیکەدا، جا چ بۆ ملکەچپێکردنی بێت یاخود بۆ ڕێکخســـتن و ئـــــاراســـتەکردنی. ئـــەوەی جەستەیەک دیاری دەکات و تەعریفی دەکات ئـــەم پەیوەنـدییەی نێوان هێزە هەیمەنەکـارەکـان و هێزە هەیمەنە

لەســەرکراوەکانە. هەموو پەیوەندییەکی هێزەکان جەســتەیەک پێک دێنن، جەســتەیەک دەخولقێنن؛ جەســتەیەکی کیمیکی، بیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، ســیاسی. دوو هێز جا هەر چۆنێک بن، بەو شــێوە و بەو پێیەی نایەکســان و ناهاوســەنگ بن، لەو شوێنەی دەچنە پەیوەندییەوە جەستەیەک پێک دێنن.[.......] جەســتە فینۆمین و دیاردەیەکی مۆڵتیپل و فرەیە، بەو شــێوەی پــێکـهـاتــووە لە فــرەیی هەمەجــۆری و جــۆراوجــۆری هــێزە نــاچــارییەکــان؛ یەکێتییەکەی بریتییە لەوەی لە فینۆمینێکی مۆڵتیپل و فرە و هەمەجۆریدایە، "یەکێتی هەیمەنەکردن". ژیل دۆلوز، نیتچەو فەلسەفە.

٢

هەموو فینۆمینێك لە دونیادا بەلای کەمەوە پەیوەنـدی نێوان دوو هێزە، (ئەوەی بوونی نەبێـت نۆمین و شـــتە لە خۆیـدا، ڕەخنەی نیتچە لە میتافیزیکیای جەوهەر و ماهیەتی ئەبەدی و نەگۆڕ و ڕخنە لە نۆمین و شـــت لە خۆیدای کانت). پەیوەندی دوو هێز کە یەکێکیان لە دۆخی هێرشــبردن و هەڵکوتانە ســـەر ئەویتردایە. هەموو هێزێك لەگەڵ هێزێکی تردا لە بەریەککەوتن و بە یەکــدادانێکی ململانێ و هەیمەنەکردنــدایە. ئەم ململانێ و بەرکەوتنە ڕەنگــدانەوە و تیشـــکی بۆ ســـەر کۆی هێزەکـانی تر دەبێت، ئیرادەی هێز دەرناکەوێت تەنیا لە ڕێگەی پەیوەنـدی بەرەنگـاری و بەرگرییەوە نەبێـت، هێزێـك بە دوای ئەو هێزەدا دەگەرێت کە بەرهەڵستکار و بەرپەرچدەرەوەیە. هێزێك بە دوای

بەریەککەوتن و بەرهەڵستکاری و پێکدادانـدا دەگەڕێت، بەمشـێوەیە و بە ڕێژەیی بە دوای یەکە باڵاکانـدا دەگەڕێت. یەکێتی و یەکبوونێکی باڵا دەبێت وەك یەکەیەك لێی تێبگەین کە یەکەیەکە پەیوەنـدی هێزەکـان لە خۆی دەگرێت و لە هەناویدایە، واتە هێرش و بەرگری، هێرش و بەرەنگاری، کردارو پەرچە کردار.

وێنەیەکی تەواو گشتگیر و گشتی بۆ "ئیرادەی هێز" کردارە، کردار نواندنێکە دژ بە هێزی تر، دژ بە بەرگری ئەو هێزەی بەرانبەری دەوەستێتەوە. بۆ ئەوەی لەو شـتە تێبگەین چی بە سـەر هەر هێزێکدا دێت لە میانە و لەناو ئەو پرۆسـەیەی کە ئیرادەی هێز هیچ نییە جگە لە (پەیوەنـدی)، دەبێت بڵێین هەموو هێزێـك هەیمەنە و باڵادەسـتی و فراوانخوازی خۆی فراوان دەکات بە سـەر هێزێکی تردا لە هەمان ئەو دەمەی هێزێکی تر هەڵدەسـێت بە بەرگری و بەرەنگاربوونەوە. بەمشێوەیە دوورخستنەوەی هەر هێزێك مانای نابێت. هەموو دیاردەیەك لە بووندا پێویسـتە بەو شێوەیە لێی تێبگەین کە گوزارشتکردن و مانیفێستبوونی ململانێ و کێبەرکێ و بەریەککەوتنی هێزەکانە، هەندێکیان دژ بە هەندێکی تریـان. ئێمە ئەگەر یەکبوون و یەکێتییەکمـان بینی لە دراو و دیـاردەیەکـدا، ئەم یەکبوونە هیچ نییە جگە لە یەکەیەك کە کۆمەڵێك هێزی گەمەکەری لە خۆ گرتووە. ئەمەی کە وتمان بۆ بوون و بۆ دونیا بە گشـتی دەکرێت ڕاسـتی بێت. ڕاسـتییەکە بۆ هەموو دونیا و بوون دەشـێت: دونیایەك لە خۆیدا بوونی نییە،

هەر لە بنەڕەت و بنچینەدا دونیای پەیوەندییەکانە، دونیای پەیوەندی هێزەکانە.

ئەم هەڵوەشاندنەوە و تورهەڵدانەی یەکێتی و یەکبوونی "**بوون**" لە کۆی تێکستەکانی نیتچەدا دەبینرێت. ئەم هەڵوەشاندنەوە و هەڵگەرانەوەیە وێرانکردنی ئەو دیدگا ئەقڵانییەیە کە بڕوای بە "یەك، یەکێتی و یەکبوون" هەیە، دژ بە جەوهەرخوازییە، دژ بە هۆ و هۆکاربەندییە. دژ بەو "یەك" ئۆنتۆلۆژییە میتافیزیکییە یۆنیڤێرساڵ و گەردونییەی کە حیکایەت و گێڕانەوە گەورەکان هەر لە ئەفلاتونەوە تا هێگڵ و بە مارکسیشدا تێدەپەڕێت.

ئەو دونیایەی نیتچە دەیەوێت لە دەرەوەی بنچینەی سەرەتایی و یەکەمین، بنەڕتی یەکەمین وێنای بکات و چییە؟ ئایا ئەمە بە ئاسانی و بەوەی کە زوو دێتە دەستمانەوە دەیەوێت بڵێت: فرەیی هێز و هەمەچەشنی و جیاوازی هێزەکانە؟ ئێمە لەوە تێدەگەین نیتچە کاری پارچەپارچەکردن و بەش بەشکردنی "یەك و یەکگەراییە"؟

ئەو کاتەی پەیوەندییەکان دەچنە پێشەوە و باڵادەست دەبن، ئەو کاتە شوێن و پێگەی "یەك"بە هەمانشێوەی خۆی نامێنێتەوە: دونیای پەیوەندیبوون ئامادەیی دەبێت بە بێ یەکەیەکی تر؛ هێزێکی ئامادە لە هەموو شوێنێکدا "یەك"ە و فرەشە وەك یاری هێزەکان، چەشنی یاری شەپۆلی دەریاکان لە

هەڵکشـان و داکشـانیاندا، وەك زەریایەك کە پڕ بێت لە تۆفان و هەڵکشـــان و زیادبوونێکی بەردەوام لە گۆڕانێگی هەمیشـــەیی و بەردەوامدا، بەمشێوەیە "یەك، تاك" پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگ و نـاچـاری بە فرەییەوە هەیە و، پەیوەنـدی بە یـاری و گەمەی هێزەکان و شـــەپۆلەکانییەوە هەیە. پەیوەندی بە درێژبوونەوە و شـەپۆلی بەردەوامەوە هەیە، بەمشـێوەیە "یەك"ی جەوهەری، ئەقڵی، میتافیزیکی، مێژوویی، سروشـــتی خۆی لە دەســـتدەدات. تەنانەت فرەیی و هەمەچەشـــنی هێزەکان بنەڕەت و بنچینەی "یەکەمین" نین، ئەوەی بوونی هەیە: **یەك-فرەیی** وەك ئەوەی یەکێك لە گەورە فەیلەسوفانی ژیان ***برگسۆن*** باسی دەکات.

ئیرادەی هـێز، فـرەیی هـێزەکـانە کە سروشـــتی پەیـوەنـدی و پەیوەندگیرییە، و سروشت و سیمای ئەم پەیوەندییەش ململانێ و بەریەککەوتنی هەمیشەییە.

شـــتێك کە دەبێت لە ســـەری بوەســـتین؛ نیتچە بە تاك باسی "**ئیرادەی هێز**" دەکـات، ئەو کـاتەی هەمـوو دیـاردەیەکیش یەکێتییەکی ڕاگوزەریـانەی کۆمەڵێـك هێزە. نیتچە دەیەوێـت ئاماژە بۆ ئەو تەنیا سیفەتە بکات کە دەکرێت کەشف بکرێت و بدۆزرێتەوە، واتە ئەو شـــتەی لە گشـــتێتی و کوللیەتی واقیعدا دەردەکەوێـت، یەکێتی ڕیـاڵیتێ، بەڵام ئەم ســـیفەتەی کە دەتوانرێت و دەکرێت بدۆزرێتەوە نە یەکە، نە پرەنســـیپە، نە یەکێکی میتـافیزیکییە، نە حەقیقەتێکی جەوهەریی، بەڵکوو ســـیفەتێك دەبێت کە واقیع و ڕیاڵێتێیەکی دیاریکراوی دەبێت،

ئێمە ناتوانین بیدۆزینەوە تەنیا لەو کاتەدا نەبێت بوونێکی عەینی و تایبەتکراو دیاریکراوی هەیە لە "فرەیی"دا، بەشـــێوەیەك کە هەرگیز ناتوانرێت لە "گشـــتێتی و کوللییەتی خۆی"دا گەمارۆ بدرێت. دەکرێت بە تاك باسی ئیرادەی هێز بکرێت چونکە ئەو ماهیەتە پەیوەندبەندییەیە کە هەموو شـــتێك دەردەخات. هەر بەمشـــێوەیە دەبێت ماهیەتی پەیوەندبەندی و پەیوەندگیری ئیرادەی هێز دیاری بکرێت، ئەو کاتەی بە پێ ئەمە ناتوانرێت هیچ گۆڕان و گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ و جوڵە و بزاوت و سەیرورە و هێزی جوڵێنەری دونیا ببینرێت. لە هەموو شـــوێنێکدا، لە هەموو پنتێکی بووندا هیچ بوونی نییە، نە گەردێك، نە گەردیلەیەك، بەڵکوو ئەوەی هەیە تەنیا و تەنیا "پەیوەندییە". بەمشـێوەیە لای ***نیتچە*** نە گەرد بوونی هەیە، نە مونادەکان، نە یەکێتی هێزەکان لەناو سـەیرورەد ا. لێرەوە لەوە تێدەگەین بۆچی نیتچە بە تاك باسی ئیرادەی هێز دەکات، چونکە یەك مانا و یەك ڕەهەند بۆ تێگەیشـــتنی ئیرادەی هێز هەیە ئەویش "پەیوەندییە".

٣

ئەو کاتەی یەکلاکراوە و ساغکراوە بوو کە ئەو هێزەی سروشتێکی (ئەســـڵ و جەوهەر)ی بە شـــتێك دەدات، بە بوونێك، بە مانایەك، بە ئاســـتێکی میتافیزیکی و ئۆنتۆلۆژی دۆخی وەســـتاو و جێگیر و بەردەوامی شـــتەکان، بۆمان ڕوونبووەوە کە ناونان و ناولێنان و تەعریفکردنی هەمیشەیی بوون و دۆخی شتەکان وەك

پرسـێکی هەمیشـەیی کـاری ئیـدیۆلـۆژیـا و دۆگم و نەزمی مەعریفەیەکی میتافیزیکییە، واتە کاری ناولێنان و ناونان و شوێن و پێگە دیـاریکردنی شـتەکان و نەزم و دۆخی شـتەکان وەك هەبوویەکی ئەبەدی و سـەردەمی بە ڕوو دەخرێن، واتە زانیمان لە پشـتی نـاولێنـان و تەعریف و پێنـاسـە و دیـاریکردن و تـایـبەتـمەنـدکـردنەکـانەوە، هـێز هەیە نەك مـاهـیـیەت و جەوهەرێـك، هێز و پەیوەنـدی هێزەکـان هەیە، سـتراتیژی هەیمەنەکردن و زاڵبوونی هێز هەیە لەناو ململانێ و بەرکەوتنی هێزەکـانـدا، ئەو کـات دەبێـت بزانین مـانـا و پۆلبەنـدی و چینبەندییەکان لە کێوە دێن. ئێمە دەزانین شت لە خۆیدا بوونی نییە، ئەوەی هەیە ماهییەت و جەوهەربەخشـینە بە شـتەکان لەلایەن هێزەکانەوە، بە تایبەت چ هێزێك زاڵ و باڵادەست بوو، دەبێت بە گوتاری ناونان لە شت و پەیوەندییەکان. واتە هێزێکی زاڵ، لەناو کۆنتێکست و هەلومەرج و ڕێوشوێن و پرۆسێسیوسی تایبەتدا تەعریفی شـتەکان و بوون و پەیوەندییەکانیش دەکات، نەك تەنیـا پێنـاسـەکردن و تـایبەتمەنـدکردن و سروشـت پێبەخشین، بەڵکوو ئەو هێزە زاڵ و باڵادەستە کاری خولقاندن و پێکهێنـانی هەلومەرجێکە تـا بتوانرێت مـانـا و تەعریفەکـان لە خوارەوە ویسـتی بۆ دروسـتبکرێت، دۆخێك کە وەك ناچاری و پەیوەندی دەرکەوێت، دۆخێك کە زاڵبوون و تەفسـیر و ڕاڤەی گوتـاری خۆی بکات بە حەتمییەت و جەبر، واتە کـاری هێز و دەسـەڵاتەکان تەنیا ناونان و ناولێنان و بەرهەمهێنانی ئاستەکانی مانا نییە، بەڵکوو خولقاندنی هەلومەرج و ڕێوشـوێن و مۆڕاڵ و

زەینییەت قەبوڵکردنی مانا و تەعریف و تەعریفکراوەکانە وەك مانا و ئاسـتێکی ئەبەدی، وەك جەبر و ناچاری و پێویسـتی و قەدەر. ئەو هێزانەی شـەرعییەت لە جەوهەر و ماهییەت و کرۆکخوازییەوە وەردەگرن لە گوتارێکی تیۆلۆژییەوە دەسـت پـێدەکات، لەناو گـوتاری زانسـتە مـرۆیی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکانیشـدایە. لەناو سـۆسـیۆلۆژیا، سـایکۆلۆژیا، دەروونشیکاری، پزیشکی دەروونی، ئابووری، زمانناسی و زمان و زمانەوانیدایە، لەناو یاسـا و زانسـتە سـیاسـییەکاندایە. واتە تەواوی زانسـتەکان لەناو پراتیکە گوتارییەکاندان. دەتوانین بڵێین؛ میکانیزم و ئامرازێکی ئیدیۆلۆژی زانست بوونی هەیە وەك پراتیکی گوتاری کاراو پتەو لە نێوان پراتیکەکانی دیکەدا. تەواوی مەیدانەکان لەناو پراتیك و مومارەسـە گوتارییەکاندا، کە "کێیەك" لە پشـتەوەیە، لەناو سـتراتیژی هەیمەنەکردن و زاڵبووندا، هەم مـانـا و هەمیش دۆخی قەبوڵکردن و زاڵکردنی مانای بەرهەمهێنراو دەسـەپێنێت، بە زۆر نا، بەڵکوو وەك زەرورەت و ناچاری و پێویسـت وەردەگیرێت، وا دەکات لە خوارەوە شـەرعییەت و خواسـت و سرووتی قەبوڵکردنیش بخولقێنێت.

٤

جەوهەر و ئەسـڵێك بوونی نییە، ئەوەی هەیە ناولێنراوێکی سەپێنراو و زاڵە. بەڵام ئەی ماناکان و ئاستە دەلالییەکانی بوونی شـتێك لە کوێوە دێت؟ جەوهەر و ماهییەت و کرۆکێك بوونی

نییە و گەمە و یاریکردنی هێزەکانە. ململانێ و بەریەککەوتن و لێکخشـــانی توند و زبری هێز و دەســـەڵاتەکان بوونیان هەیە، ستراتیژی زاڵبوون و هەیمەنەکردن و باڵادەستبوون بوونی هەیە، سەرمایەو کاپیتاڵ و شەرعییەت بوونی هەیە، ئەوەی دمێنێتەوە بەرز و نزمی هێز و دەســـەڵاتێکە بە ســـەر هێز و دەســـەڵاتێکی دیکەدا تـا مـانـا و دەلالەتی خولقێنراوێنراوی خۆی کە لەنـاو پەیوەندی دەسەڵات و هێزەکاندا، ئیرادەی هێزێکی سەرکەوتووی هێز و دەســەڵات دەیســەپێنێت. هێزێك بە ســەرکەوتنی بەســەر هێزێکی دیکەدا کار و گەمە و یارییەکەی تەواو نـابێت، دەبێت بزانین بە کۆتا نەهاتووە، بێپایان هێز هەیە، هێز و دەســەڵات لە هەموو شـــوێنێکە، ململانێ و بەریەککەوتن بە ئیمانانسیـــ لە هەموو شـــوێنێکە لە خوارەوە نەك لە ســـەرەوە. بەمشـــێوەیە ململانێ و کێشـــمەکێشیـــ هێزەکان بێپایان و کۆتانەهاتووە، بەرهەمهێنان و پیشـــەســـازی مانا و خولقاندنی هەموو شـــتێك لەناو کێشـــمەکێش و ململانێی دەســـەڵات و هێزەکاندا بە کۆتا نایەت، لێرەدا ئێمەی مرۆڤ بەرهەمهێنراوی ناو پیشـــەســـازی و بەرهەمهێنـانی هێز و دەســـەڵاتی بـاڵا و بـاو و زاڵین. من و تۆ جەوهەر و ماهییەتێکمان نییە، تەنیا فۆرمی دەرکەوتنی ئیرادە و ویســت و توانای هێز و دەســەڵاتی زاڵکراو و زاڵبووین، من و تۆ، هەســـــت و زەوق و ئیســـــتاتیکا و مۆراڵ و پەیوەندی و دیدگا و ســـەرنج و ئایدیاکان و مەعریفە و زانینمان بەرهەم و پێدراوی ئیرادەی هێزی زاڵ و بـاڵادەســــــت و هەژموونکـارە، بوونێـك نـامێنێـت بە نـاوی بێلایەنی و بکەری ئـازاد و ئەکتی ئـازاد و

ســـتراتیژی خەون بینین، خەون و خەیاڵیشـــمان بۆ خولقێنراوە، بژاردەکان پێشـوەخت هێز و دەسـەڵاتی زاڵ بۆی هەڵبژاردووین، بەمشـێوەیە دەبێت تا هێزێکی دیکە سەردەکەوێت و زاڵ دەبێت و بە فۆرمی دیکە مانا و دۆخی شـــت و بوونی شـــتەکانمان بۆ بەرهەم دەهێنێتەوەو دەچینە ژێر باری ئەو هێزە و ئیرادەی ئەو هێزە و بووکەشووشەی دەستی ئەو هێزە. ئەوی لە پەیوەندیدا و لەناو پەیوەندی و هاوسـەنگی و پارسـەنگی و ناهاوسـەنگی لەگەڵ هێزێکی دیکە خۆی و مانا و سـەرمایە و شـەرعییەت و حیکایەت و چیرۆکی خۆی دەخولقێنێت.

## جەستەی هێز، هێزی جەستە

## ویست و پەیوەندی هێزەکان و فۆرمیولەبوونی جەسەتەیەك

"هەمـوو پەیـوەنـدی هـێـزەکـان جەســـتەیەك پـێـکـدێـنن: جەستەیەکی شیمی، بیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی. دوو هێز جا

هەر هێزێك بن، وەك ئەوەی کە نایەکسانن، جەستەیەك پێك دێنن لەو کاتەوەی کە دەچنە پەیوەندییەوە". ژیل دۆلوز، نیتچە و فەلسەفە.

جەستەیەك لەناو ڕاڤە و تەفسیری ژیل دۆلوزیانەی نیتچە، زیاترە لەوەی تەنیا جەستەیەکی ئیتیکی بێت. تەنیا و تەنیا جەستەیەك نییە کاری نرخپێدان و ئەزموونکردن بێت. چونکە جەستەیەك بۆ دۆلوز "جا هەر جەستەیەك بێت" لەناو پەیوەندی هێزەکاندا دیاریکرابێت، لەناو پەیوەندی هێزەکاندا پۆلێن کرابێت، هەندێك جار جەستەیەکی بیۆلۆژییە، هەندیك جار جەستەیەکی کیمیکییە، هەندیك جار جەستەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەندیك جار جەستەیەکی سیاسییە، هەندێك جار جەستەیەکی ئیتیکییە، هتد. ئەو هێزانەی پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن و جەستەیەکی پێناسەکراو و دیاریکراو پێکدێنن، ئەوان پێویستیان بە شتێکە کە ئەم تایبەتکردن و دیاریکردنە ببات بەڕێوە، ئەمەش؛ ئیرادەی هێزە. لای دۆلوز ویستی هێز، جیاوازی چەندێتی جیاوازییانەی هێزەکان دیاری دەکات. لەگەڵ هەر چەندێتییەك کە دەگەیەنرێت بە هەر هێزێك و پەیوەندی بە هەر هێزێکەوە دەکات لەناو پەیوەندییەکانیدا. پەیوەندی هێزەکان پشت ئەستور و پشتبەستووە بە ئەو دیاریکردن و دیتێرمینیزم و تایبەتکردن و سنووردارکردنەی هێزە سەر ڕێگاخراوەکان لەلایەن ویست و ئیرادەی هێزەوە ئاراستە کراوە. کێشەکە بۆ دۆلوز وەك ئەوەی لە کتێبی **نیتچە و فەلسەفەدا**

بە دیـار دەکەوێـت ئەوەیە کە، ئیرادە و ویســـتی هێز لەنـاو یەکانگیریی و بە یەکـداچوون و هـاوئاهەنگی و چڕی و پڕییەکی ئۆنتۆلۆژیی دان، ئەمەش ئیشــکالی نەتوانینی جیـاکردنەوەی ئیتیـك و ئۆنتۆلۆژیمـان بۆ قوتـدەکاتەوە. لەنـاو ئەو ئیـدراك و تێڕوانینـانەی دۆلوز لەبـارەی جەســـتەیەکەوە هەیەتی لەنـاو تەواوی کارەکانیدا، یەکێك لەو وەسـتانانە تام و بۆیەکی نیتچەیی هەیە، ئەمە و ئەگەر کاریگەری ســـپینۆزامـان لەبیر نەچێت. کاریگەری نیتچە لەســـەر دۆلوز لەوێدا دەبینین کە جەســـتە بەرهەم و پێدراو دروســتکراو و پێکهێنراوی پەیوەندی هێزەکانە، و ئەوە ڕێککەوتە کە هێزێـك بەر هێزێکی دیکە دەخـات و لەنـاو پەیوەنـدییەکـانیـانـدا ســـەرپێیـان دەخـات، دەیـانخـاتە نـاو پەیوەندییەوە. واتە چێبوون و ســـەر ڕێگاخســـتنی پەیوەنـدی هێزێك لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا بەرهەمی ڕێککەوتە. وەك چۆن ئەوە ویســـت و ئیرادەی هێزە کە هێزەکـان دیـاری دەکـات و تـایبەتیـان دەکات لە پاش جیاوازی چەنـدێتی هێزەکـان لەنـاو خۆیـانـدا. ئەمە بە واتـا و بە مـانـای ئەوەی جەســـتەیەك وەك پەیوەنـدی هێزەکـان بەرهەم و بەروبوومی "**ڕێککەوتە**". بەڵام هێشـــتاکە و بەم ئـاســـتە نـادیـار و تـایبەت نەکراوە، چونکە جەســـتەیەك بە ســـادە و ســـاکاریی ناکاتە پەیوەندییەکی پەتی و ڕووت و قووت و بێگەردی هێزەکان، بەڵکوو پەیوەندییەکی هێزە دیـاریکراو تـایبەتکراوەکـان. تـایبەتمەنـدکردن و دیـاریکردنی هێزەکـانە کە جەســـتەیەکی ڕێککەوت فۆرمیولە دەکـات. واتە جەســـتەیەك کە بەرهەمی ڕێککەوتە لەنـاو پەیوەنـدی هێزە

دیارەکاندا، لەناو پەیوەندی کۆمەڵێك هێزی پۆلێنکراو و تایبەتدا فۆرمیولە دەبێت. ئەمە بە مەبەست و بە ئامانجی ئەوەی جەستەیەك تایبەتکراو و پێناسەکراو سنووردارى تایبەت بە خۆی بێت، واتە بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی دەچنە ناو پەیوەندی بە یەکەوە تایبەتکردن و سنووردارکردن لە خۆیان بگرن، ڕێککەوت بە تەنیا بەس نییە: ئێمە هێشتاکە لێرەدا پێویستمان بە ویست و ئیرادەی هێزە، پێویستمان بەم ڕەگەزە ژینیالۆژییە کارا و لێهاتووەیە کە هێزەکان دیاری و تایبەت بکات. هێزەکان تایبەت و دیارن، ویست و ئیرادەی هێز بوونی هەیە، پەیوەندی هێز لە ئارادایە، جەستەیەك وەك خواست و ویستی هێزەکان فۆرمیولە بووە، کەواتە ئێمە لە بەرانبەر و ڕووبەڕووی سەرچاوە و ژێدەرێکی ماتریالیستی وەستاوین. کەواتە جەستە وەك پەیوەندی کۆمەڵێك هێزی دیار و تایبەت بەهەم و پێدراو بەروبوومی ڕێککەوتە، ئەمەش لەلایەن ویست و ئیرادەی توانینەوە چوارچێوەدار و سنووردار کراوە. لێرەدا ئێمە ناچارین شوێن ئیلهامی نیتچە بکەوین لەناو نووسینەکانی دۆلوزدا سەبارەت بە جەستە، وە پێکەوە بەستنی نیتچە و سپینۆزا سەبارەت بە هەمان بابەت. ئێمە لە کتێبی **نیتچە و فەلسەفە**کەی ژیل دۆلوزدا و لە بەشی جەستە و ئەکتیڤ و ئیرتیکاسی، پێداگیریی و جەختکردنەوەی دۆلوز دەبینین لەسەر سپینۆزا و تێڕوانینە ئیسپاتییەکەی ***سپینۆزا*** تا ئەو شوێنەی کە ئێمە بەر نەزانینێك دەکەوێن لەوێدا کە جەستەیەك چی دەتوانێت و چی لە توانایدایە؟ ئەم پێداگیریی و

جەختکردنەوەیەی دۆلوز لە بەرانبەر سـپینۆزادا وەك بە پرسیارهێنان دەردەکەوێت سەبارەت توانا و هێزی جەستەیەك، یان لەناو تێرمە نیتچەییەکاندا سـەبارەت بەو هێزانەی لەناو جەسـتەیەکدا پەیوەندی بە یەکەوە دەبەسـتن و پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن: ***سـپینۆزا*** لە بەرانبەر زانسـت و فەلسـەفەدا ڕێگایەکی نوێی کردەوە، تەنانەت نەماندەزانی جەسـتەیەك چی دەتوانێـت و چی لە توانـایـدایە؟ بە هەمـانشـێوە نـازانین جەسـتەیەك لە کوێدا بە توانا و کارایە، کام هێزانە هی ئەون و نەك ئەوانەی ئامادەی دەکەن. توانا و هێزی جەسـتەیەك کە دۆلـوز لە سـپینـۆزای وەرگـرتـووە لای نـیـتـچە و پەیـبردنە نیتچەییەکانـدا بۆ هێزەکانی جەسـتە دەیدۆزینەوە. بۆ ئەوەی بـاشـتر تێبگەین لەوەی جەسـتەیەك وەك پەیوەنـدی هێزی تـایبەت و دیاریکراو چییە، وا باشـترە بزانین هێزێك لای ژیل دۆلوز چییە؟ بۆ ***ژیـل دۆلوز*** هەموو هێزێـك لە پەیوەنـدییەکی جەوهەریـدایە لەگەڵ هێزێکی دیکەدا بوونی هێز فرە و زۆر و جۆراوجۆرن، بێمانا و بێهودە و پوچییە ئێمە بە تەنیا و وەك تاکە هێز لە هێز بڕوانین و بیری لێبکەینەوە ئێمە لە بەرانبەر فرەیی و جۆراوجۆری و هەمەچەشنی هێزیکاندا وەستاوین، بۆ ژیل دۆلوز بوونی هێزێك لەناو پەیوەندییدایە لەگەڵ هێزێك یان کۆمەڵە هێزێکی دیکە. جەوهەری هێزێك بۆ ژیل دۆلوز بەرهەمهێنراو و پێدراوە کە لەناو پەیوەندی هێزێك و ئەو هێزانەی تر کە خاوەنی زۆرترین هێزی ڕاکێشـانن. شـتێك بۆ دۆلوز هێندە مانای هەیە، کە کۆمەڵێك هێز هەبن بەو شـێوەیە فۆرمیولە و ئاراسـتەی

بکەن کە دەیانەوێت و دەتوانن بۆ لای خۆیانی ڕاکێشـــن. بەڵام خودی شـــتەکە بێلایەن نییە بە کەم و بە زیاد خۆی لەناو ئەو هێزەدا دەدۆزێتەوە کە بۆ لای خۆیی ڕاکێشـاوە و خسـتوویەتییە ناو خواسـت و ویسـت و توانای ڕاکێشـانی خۆیەوە لە ئێسـتا و لێرەدا. هێزگەلێك هەن کە نـاتوانن شـــتێك بە لای خۆیـانـدا ڕاکێشــن و ئەو شــتە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، وا لەو شــتە دەکەن بەهایەکی نەرێنی و نێگەتیڤی بدەنێ مانایەکی نەویستراو و نەخـوازراو و بێزراوی پێ ببەخشـــن. ئێمە لێرەدا لە بەرانبەر مانایەکدا وەســـتاوین کە بەرهەمی ئەو هێزە بە توانایانەیە کە دەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. بەرانبەر مانا و واتایەکی پۆزەتیڤ وەستاوین لەناو پەیوەندی هێزەکاندا، واتە شتێك بۆ خۆی و بە بێلایەنی و بە پوخـت و بێگەردی و مـانـایەکی نییە، مـانـا لەنـاو پەیوەنـدی و بەرکەوتنی هێزەکـانـدایە، پێنـاســـە و نـاولێنـان و ئاراســتەکردن و بەرهەمهێنانی جەســتەیەکیش لەناو پەیوەندی هێزەکان و زاڵبوون و هەژمونی هێزێك یان چەند هێزێك دایە، وەك چۆن بێمـانـایی و بێزراویی و قێزەونی و دوورخســـتنەوە و پەراوێزخســـتنی جەســـتەیەکیش لەناو ئەو هێزانەدایە کە توانا و هێزی کۆنترۆڵکردن و ڕاکێشـان و وەرگرتن و ڕەشـۆکردنیان نییە. ئێمە لەنـاو چـاکە و خراپەداین وەك پەیوەنـدی و نـاولێنـان و بەرهەمی هێزەکان لەناو پەیوەندی هێزەکاندا. هێزێك بە تەنیا لە پەیوەنیدا نییە لەگەڵ هێزگەلی تردا، بەڵکوو هێزێك بوونی نییە تەنیا لە پەیوەنـدیدا نەبێت، واتە هێزێك بە ڕووت و قووتی و بەرجەســتەکراویی و جەمســـەربەندی و جەمســـەرگیریدا بوونی

نییە، واتە لە دەرەوە نییە، کەسێك، سەرمایەیەك، گوتارێك، ئەو کاتە بوونی هەیە کە لەناو پەیوەندیدایە. هێزێك لەناو مەودای پەیوەندییانەی هێزگەلێکدا بوونی هەیە. جەوهەری هێزێك لەناو پەیوەندیدایە لەگەڵ هێزەکانی تردا و، لەناو ئەم پەیوەندییەدا جەوهەر و چەندێتی خۆی وەردەگرێت و دەبێت بە خاوەنی. بەو شێوە و بەو ئەندازەی کە هێزیك ڕێککەوتێکی پەتییە، لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا، بە جەوهەری خۆی هێزە فرە و هەمەچەشن و جۆراوجۆرن، بەمشێوەیە بۆ ژیل دۆلوز، **ڕێککەوت**، پەیوەندی هێزەکان جەوهەری هێزەکانە. ئەو کاتەی هێز لەلایەن ویست و ئیرادەی هێزەوە دیاری دەکرێت و بە دیار دەخرێت، جیاوازی و فرە چەشنی هێزەکان دێتە گۆڕێ. بەمشێوەیە ئێمە لە بەرانبەر ڕێککەوت، پەیوەندی هێزەکان، جەوهەر وەستاوین کە بە ئیمانانتی لە یەکتردان، واتە بوونێکی ئیمانانسی ــ لە پراتیکدا نەك لە وەستان و دەرەوەیەکی بەشدارنەبوو. ڕێککەوت لەناو نووسینەکانی دۆلوزی نیتچەییدا فرە و جۆراوجۆرن، کەیاسین، واتە ئێمە لە بەرانبەر کەیاسێکی پڕاوپڕ و بێکۆتا و کۆتانەهاتووی هێزداین کە پەیوەندی بە یەکەوە دەبەستن، هەموو هێزەکان، تەواوی هێزەکان دەچنە ناو پەیوەندییەوە، بەڵام هەموویان لەیەککاتدا نا، هەر هێزێك لەگەڵ تەوای هێزەکانی دیکەدا لە پەیوەندیا نییە لە یەککاتدا، بەڵکوو لەگەڵ هەندێکیاندا لە پەیوەندییدایە، ئەم بە یەکگەیشتنی چەند هێزێك و چوونە ناو پەیوەندییەوە بەرهەمی کۆنکرێتیانەی ڕیککەوتە جۆرێتی و چۆنێتی هێزێك لە ڕێگەی

ویســـت و ئیرادەی هێزەوە بەرهەم دێـت، بە هەمـانشـــێوە جۆرێتییە جۆراوجۆرەکانی هێزەکان. ئیرادە و ویسـتی هێز ڕەگەزی ژینیالۆژیای هێزە. لێرەوە ئەکتیڤ و ئیرتیکاسی بە وردی جۆرێتی و چۆنێتی ئەسـڵین کە گوزارشـــت لە پەیوەنـدی هێز دەکەن لەگەڵ هێزگەلی دیکەدا.

هێزەکان بە تەنیا ناتوانن زاڵبوونیان هەبێت، ئیرادە و ویســـتی هێز، ڕەگەزی ژینیالۆژیانەی هێز بوونی هەیە وەك کوالیتێیەك، جا چ نێگەسـیۆن بێت یان ئیسـپاتی. ***ژیل دۆلوز*** هەماهەنگی و پێکەوبوونێك لە نێوان ئیرادە و ویسـتی هێزێکی ئیسـپاتی لەلایەك و هێزە ئەکتیڤەکان دێنێتە ئـاراوە، لە نێوان ئیرادە و ویســـتی نێگەتیڤ و هێزە ئیرتیکـاسی و پەرچەکردارییەکـان. لە ڕێگەی ویسـت و ئیرادەی هێزی ئیسـپاتی و ئەرێکەر و پێداگیرییەوەیە کە هێزێکی ئەکتیڤ پێداگیرە، وەك چۆن لە ڕێگەی ئیرادە و ویسـتی نێگەتیڤەوەیە کە هێزی پەرچەکرداری لە ســـەرەتـاوە ڕەت دەکاتەوە و نەفی دەکات. ئەم ســـنووردار کردن و دیاریکردنەی هێزەکان لە ڕێگەی ئیرادە و ویســـتەوە، تایبەتکردنێکی ناوەکی و هەنـاوییە. ئیرادە و ویســـتی هێز پەنـا دەبـاتە بەر ڕێککەوت، ئەمەش وەك پەیوەندی هێزەکان، ڕێککەوت خســـتننە ناوەوەی هێزەکانە لەناو پەیوەندییدا، خســـتنە پەیوەندییەوەیە، ئیرادەی هێز ئەم پەیوەنـدییە تـایبەت دەکات، ئیرادە و ویســـتی هێز بە نـاچـاریی و بە پێویســـتی دەلکێت بە هێزەکانەوە، بەڵام ئەمە

ڕوونادات تەنیا لەگەڵ ئەو هێزانەدا نەبێت کە لە پەیوەندیدان لە ڕێگەی ڕێککەوتەوە.

کەواتە جەستە وەك پێکهاتە و پێکهاتوویەکی فرەبەردار و فرە و جۆراوجۆری هێزەکان، وەك پەیوەندی هێزەکان لەناو سەیرورەیەکدا پێکدێت، کەواتە خۆیشی دەچێتە ناو سەیرورەوە. ئەو پرسیارەی لە سپینۆزاوە وەرگیراوە کە "جەستەیەك دەتوانێت چی بکات؟ جەستەیەك توانای چی هەیە؟" لێرەوە دەتوانێت باشتر جیگەی تێگەیشتن بێت، باشتر لێی تێبگەین، بەمشێوەیە دەتوانین دایڕێژینەوە: "کۆمەڵێك هێز، هێزگەلێك لەناو پەیوەندیدا کە جەستەیەك پێك دێنن دەتوانن چی بکەن؟ واتە ئەگەر جەستە بەرهەمی پەیوەندی هێزەکان بێت، ئەی ئەم هێزانە لەناو پەیوەندییاندا کە جەستەیەکیان پێکهێناوە دەتوانن چی بکەن؟". توانا و دەسەڵاتی جەستەیەك، توانا و دەسەڵاتی هێزەکانە، ئەو هێزانەی کە لەم جەستەدا دەچنە پەیوەندییەوە و پەیوەندی دەبەستن: "هەموو پەیوەندی هێزەکان جەستەیەك پێکدێنن: جەستەیەکی شیمی، بیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دوو هێز جا هەر هێزێك بن، بەو پێیەی کە نایەکسانن، جەستەیەك پێك دێنن لەو کاتەوەی کە دەچنە پەیوەندییەوە". دۆلوز لە کتێبی **نیتچە و فەلسەفە**. هەموو واقیعێك پەیوەندییەکی هێزەکانە: بە کۆنکرێتی هیچ نییە جگە لە هێزەکان. ژیل دۆلوز لە کاری یەکەمیدا لەسەر نیتچە بەمشێوەیە باسی هێز دەکات وەك "باڵا

دەســـتییەکی هەژموونکارە، بەیـانکردن و بەرهەمهێنـان و بەکارهێنانێکی چەندێتی واقیعە". لە شـــوێنی دیکەشـــدا دۆلوز دەچێتەوە ســـەر پێناســـەکردنی هێز و دەربڕین و گوزارشـــتی چەنـدێتی و ڕیـاڵێتیٚ: "هەموو واقیعێـك چەنـدێتی هێزە، هیچ شـــتێکی دیکە جگە لە چەندێتی هێز لە پەیوەندییەکی تونـد و بەتینـدا هەر یەکە و لەگەڵ ئەویتردا یـان ئەوانیتردا. کەواتە هەموو واقیعێـك جەســـتەیە کە گوزارشـــت و بەیـانکردن و مانیفێستبوونی پەیوەندی هێزەکانە و، هەموو واقیعێك، هەموو جەســـتەیەك، دەرخەر و پێشـــچاوخراوێکی بوونێکی پابەنـد و بەســـتراوەیە لەناو ســـەیرورەدا لە ڕێگەی ویســـت و ئیرادەی هێزەوە، بەم شـێوەیە جەســتە لەناو ســەیرورەدا وەك هێزەکان بەڕێوەیە و دەڕوات تا ئەو شوێنەی دەتوانێت.

# ڕەخنە لە تیۆلۆژیای ئەقڵ و پرۆژەی ڕەخنەیی کانت

## نیتچە: "گەورەترین بتی فەلسەفە ئەقڵە"

دیکارت و کانت و هیگڵ، پەیامبەر و موژدەهێنەرانی مۆدێرنە و ئەقڵ بوون، واتە دامەزرێنەرانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا بوون. ئەمانە دامەزرێنەرانی جۆرێکی دیکەی تیۆلۆژیا و سەنەمییەتی ئەقڵ بوون تا ئەو شوێنەی تەواوی ئەو دەسەڵات و توانایانەی لای خوداوەندێکی ئاسماننشین بوون لێیانسەندەوە و بەخشییان بە ئەقڵ. واتە ڕاستە دابڕانێك لە ئاسمانەوە بۆ زەوی بوونی هەیە، بەڵام ئەم ئەقڵ و ئەقڵانییەتەش ڕووی ئەودیوی گوتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا و لۆگۆسێنتیریزمن. ئەمانە خودایەکیان لە مێژوو و بزاویی مێژوو سەندەوە و بەو ڕەهاییبوونەیەوە خودایەکیان دانا بە ناوی ئەقڵەوە. بەم مانایە گوتاری ئەقڵ و ئەقڵانییەت لەناو چرکەساتی مۆدێرنێتیدا ئیدامەدانە بە تیۆلۆژیا

و میتافیزیکیای ئەقڵ و کاری ئەقڵ و ئومێد و هیوا بە ئەقڵ. تا ئەو شـــوێنەی ئەمانەش سروشـــتێکی لاهوتییان دا بە ئەقڵ و خستییانە ناو قودسییەتێکەوە کە تەواو تەماهی دەبێت لەگەڵ گوتاری کرستیانیزم و مەسیحیەتدا. ئەگەڕ فیکر و فەلسـەفەی پۆست مۆدێرنە وەك دۆخێکی ئاگایی و وشیاری ڕەخنەیی وەرگرین بەرانبەر بە مۆدێرنیتێ، ئەوا تێـدەگەین بەو شـــێوەی کە ***ژان فرانسـوا لیوتار*** دەڵێت: پۆستمۆدێرنە قۆناغ و کولتوورێك نییە جیاواز و دابڕاو لە مۆدێرنە، بەڵکوو ڕەخنەی خودی مۆدێرنەیە لە حیکایەتی گەورەی مۆدێرنە و تیۆلۆژیای مۆدێرنە لەو بەڵێن و موژدانەی بە ناوی ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتنەوە خستیانە شـــوێن ئەو فەراغ و بۆشـــاییەی لە ئەنجامی وەلاوەخســـتن و پەراوێزخســـتن و مەرگی خوداوەندێك هاتەئاراوە. پۆستمۆدێرنە قوناغ و ســـتایلێکی نوێی ژیان و فەرهەنگ و کولتوورێك نییە تەواو جیاواز بێت لە قۆناغی پێش خۆی. پۆستمۆدێرنە دۆخێکی ڕەخنەیی و بریندارکردنی ئەو پەیامە میتافیزیکییەیە کە ئەقڵ و ئەقڵانییەت بە ئینسـانی دابوو. ئا لێرەوە ڕەخنەی نیتچەیی وەك چرکەســـاتێکی گرنـگ و گەورە و یەکلاکەرەوەی ئەم دۆخە ڕەخنەییەی پۆســتمۆدێرنە دەردەکەوێت. دیاریکردنی چەمکی ڕەخنەیی نیتچە هاوشـــانە لەگەڵ ئەو چرکەســـاتە وشـــیارییە ڕەخنەییەی کە بەرانبەر مۆدێرنیتێ و موژدە و پەیـامەکەی. پۆســـتمۆدێرنە و فیکر و فەلســـەفەی تا ئەو پنتە قەرزارباری نیتچەن کە ئەگەر نیتچەیەك نەبـایە مومکین نەبوو برینێکی گەورە تا ئاستی نەزیف و خوێن بەربوون لە جەستەی مۆدێرنەدا

دروســـــت ببێت. ڕەخنەی نیتچە دەربازبوون بوو لە گوتاری میتافیزیکیای ڕۆژئاوا. چرکەساتی نیتچەیی جۆرێکە لە ئاوڕدانەوە و وەرچەرخانێکی نەوعیی لە مێژووی فیکر و کولتووری ڕۆژئاوادا. گەورەیی ڕەخنەی نیتچە لەو ڕادیکـاڵیبوون و هەڵگەڕانەوەدا دەردەکەوێـت کە بەرهەمی کەڵەکەبوون و بەردەوامی فیکر و گوتاری فەلســەفیی ڕۆژئاوا نەبوو. دەتوانرێت لە ئەفلاتونەوە تا **هێگڵ** ســـیســـتەم و هارمۆنێتی گوتاریی و چەمکیی ببینی، کە ئەگەرچی لە چرکەساتی ***دیکارت***ەوە جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام درێژبوونەوەی یەك گوتاری یەك جەوهەری فۆرم جیاوازە. تەنیا و تەنیا ***نیتچە*** غەریب و نامۆ و هەڵاوێردە و نەشـازە بەم نەریت و گوتارە. نیتچە تا ئەو شـــوێنە جیاوازە کە گومان و دڕدۆنگی لەســـەر متمانەی ئێمە و ئەقڵ دروســـتکرد. واتە ئەو وەهمەی دەرخســـت کە وەك پەیامێکی میتافیزیکی و تیۆلۆژی درابوو بە ئەقڵ و دروشم و پەیام و بەڵێنەکانی. نیتچە وەك دۆلوز دەڵێت: پێش هەر شتێك شێوازی پرسیارکردنەکی گۆڕی لە پرسیارکردن لە ماهییەتی شتێکەوە بۆ پرسیاری کێ ئەم پرسیارە دەکات. واتە پرسـیار لە ماهییەتی بتێکی میتافیزیکی و تەنانەت سـەر بە میراتی کریســـتیـانیزمە. نیتچە پەیبردن و ڕوئیـای بۆ مـانـا و مـانـا بەرهەمهێنـان گۆڕی. بۆ نیتچە ئەقـڵ فریودەرێکی گەورە و ترســـناکە، تـا ئەنـدازەیەك فریودەرە کە دەتوانێـت فێڵەکـانی خۆیشی- بشـارێتەوە بە شـێوەی حەقیقەت پێمان ببەخشـێت. فریودەرە لە شـــاردنەوەی حوکمە پێشـــوەختەکان و بیروباوەڕ و دۆگمگەلێـك کە ئەم ئەقڵەیـان پێکهێنـاوە. بـاوەڕی ئەقـڵ بە

جەوهەر و ماهییەت و ئامانجێك، باوەڕی بە هۆ و هۆكار و باوەڕی بە موعجیزە خولقاندن. ئەقڵ گەورەترین سەنەم و بتی فەلسەفەیە بەو شێوەیەی کە خۆی دەردەخات و خۆی دەنوێنیت کە گەورەترین قودرەت و دەسەڵاتی کەشفکردنی حەقیقەت و بوونە. ئەقڵ پرەنسیپ و بنەماکانی خۆی لە شێوەی کۆمەڵێك حەقیقەتی هەڵگوازراو و بەدەستهاتوو لە سروشتی بوون دەردەخات، بە ڕادە و ئەندازەیەك کە وێکهاتوو و هاوشێوە و تەواو هەماهەنگە لەگەڵ واقعییەتی شتەکان و دەرکەوتنیان و دەرکەوتەکانیان. هەندێك پێیان وایە جەوهەری دونیایە، هەندێکی دیکە بە هۆکاری یەکەم و بە جوڵێنەری یەکەمی دونیا و مێژووی دادەنێن. بە شێوەیەك ئەقڵ لە ژیان جیاکرایەوە کە جیاواز بێت لە ژیان و مەهانەتێکی باڵای وەهایە دەکەوێتە دەرەوەی ئەزموون و ئەزموونکردن، دەکەوێتە پێش ئەزموونەکانەوە تا ئەو ئەندازەی ئەزموون و ئیدراککردنەکان بە پێودانگی ئەقڵ دروستیی و نادروستییان دەپێورێت. هەندێك پێیان وایە دەرکەوتن و مانیفێست بوونەکان و دەرکەوتە و دەرکەوتنەکان هیچ نین جگە لە مانیفێستبوونێ توانا و تەحقیق بوونی ئەقڵ و ئامانجەکانی. بەمشێوەیە سروشت و دەسەڵات و ماهییەت و جەوهەرێکی ئیلاهییان بەخشی ــ بە ئەقڵ تا بوو بە مەترسیی و ترسناکی بۆ سەر بوون و ژیان ئەمەش لەپاش ئەوەی بوو بە دەزگایەك بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەت و گوتارێك بۆ بوون و بۆ سەنتەربوونی من و حوزوری مانا. ئا لێرەوە هەوڵی نیتچە گرنگی خۆی وەردەگرێت لە ڕووت و قووتکردنەوەی

ئەقڵ و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو ماسك و وەهمانەی سروشتی ئەم ئەقڵ و ئەقڵانییەتە پێك دێنێت، ڕەخنە لە میکانیزمەکانی پۆشین و داپۆشین و شاردنەوە و بە نهێنیکردن و بە موقەدەسکردن و دورخستنەوە و گەمارۆدان. هەوڵی نیتچە لەپێناو هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ بە ئیشکالکردن و دیاریکردنی بوار و هەلومەرجی کارکردنی و دارشتنەوەی چەمکەکانیی و هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ تێگەیشتن لە ئەقڵ و ڕۆڵێ لە ڕێکخستنی ژیان، بەو مانایەی تەماهی بێت لە گەڵی، هەوڵی خۆسەپاندن و فراوانکردنی دەسەڵات و جەبەروتەکانی. تێگەیشتن لە مەغزا و ئامانجی ڕەخنەی نیتچە لە مۆدێرنە، بە ناچاریی و پێویستی، پەیوەندی بە ڕۆڵی ئەقڵەوە هەیە لەم پرۆژەیەدا. ڕەخنەی نیتچە لە ئەقڵ بە مانای دوژمنایەتی ڕەهای نایەت بەرانبەر بە ئەقڵ، بەڵکوو دەبێت وا لێی تێبگەین کە ڕەخنە و هێرشکردن و هێرشبردنە بۆ سەر شێوای بەکارخستن و بەکارهێنانی لە فەلسەفەدا بەو شێوەیەی نەیتوانیوە قودرەت و توانا و دەسەڵاتەکان و ئیمانیاتە ڕاستەقینەکانی خۆی بناسێت و بەلارێدابرا و گومڕاکرا، لە دەرەوەی تواناپی و سەلاحێتی خۆیەوە بەکارهێنرا بە بێ ڕەچاوکردنی سنوورەکانی ئەم توانا و لێهاتوویەی.

بەمشێوەیە ڕەخنەی نیتچە لە ئەقڵ و ئەقڵ لەناو پرۆژەی مۆدێرنەدا هۆکارێکی سەرەکیی و پلە ئیمتیازە بۆ دەرکەوتنی دۆخی پۆستمۆدێرنە. دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن

کە تەنیا بەند نەبوو لە پرســـە ســـتراتیژییەکانی فەلســـەفە لە شـــێوەی مەعریفە، بوون و بەها و میتافیزیکیا، بەڵکوو فراوان بوو بۆ کۆمەڵێک کایەی نوێ و فراوانی وەك: (ئەدەب، زمان، دەســـەڵات، ســـێکس، خەیاڵ،...) تەواوی ئەم کایە پەراوێز و بچوکانەش دەگەڕایەوە ســـەر ژینیالۆژیای نیتچە. گرنگی نیتچە لەوێدایە کە ڕەخنەگرتنی لە ئەقڵی ڕۆژئاوا و پرۆژەی ڕۆشنگەری بەو پێیەی کە ڕۆشـــنگەری گوزارشـــتە لە قۆناغی پێگەیشـــتنی مۆدێرنە، ئەمەش ئەو چرکەســـاتەیە کە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن ناچارییە و هەلومەرجی ئەوە دیاری دەکات کە دەبێت ئەقڵ چی بزانێت و دەتوانێت چی بکات و دەتوانرێت چاوەڕوانی چی لێبکرێت.

میتۆدی ڕەخنە لای کانت پڕە لە بۆشـــایی و درز و کەلێن بەو شێوەی کە ڕەخنەیەکی نوقسان و پڕ کەموکورتییە، ڕەخنەیەکە لەســـەر بنەمای تیولۆژیی و میتافیزیکی بیناکراوە، لە کۆتاییدا نیتچە سەرسوڕمانی خۆی دەردەخات کە چۆن ئەقڵ دەتوانێت و دەکرێت ڕەخنەگر بێت و لەهەمان کاتیشـــدا بابەتێك بێت بۆ ڕەخنەلێگرتن، چۆن دەکرێت بکرێن بە دوو بەشـــەوە یەکێکیان ڕەخنەگر و ئەویدیکە ڕەخنەلێگیراو. مومکین نییە ئامرازێك ئامادەگیی خۆی هەبێت بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن، وەك چۆن ئەقڵ ناتوانێت سنوورێك بە دەستی خۆی دابنێت، لە توانای ئەقڵدا نییە ڕەخنە لەسەر خۆی پراتیك بکات. بۆ ئەوەی ڕەخنە لە ئەو بگیرێت پێویســـتە بوونێکی ســـەروتر و باڵاتر بوونی هەبێت.

بوونێك كە مەعریفەیەكی موتڵەق هەبێت، واتە بوونی شــتێك لە خۆیدا لە دەرەوەی هەموو جۆرەكانی تێبینیكردن. بەمشێوەیە هەموو ڕەخنەیەك لە فاكیوڵتێی مەعریفە، خاڵی و بۆشــە لە هەموو مانایەك. ڕەخنە لەســەر شــێوازی كانت زۆر بەهەند وەرگیراو نابێت، بە تایبەت لەو كاتەی ئەقڵ دەبێت بە قازی و دادوەر و لەهەمان كاتیشــدا تاوانبار. **كانت** شــتێكی نوێ ناڵێت چوون هەر دوو پێی لەســەر زەمینی بە مەعریفەی حەقیقەت و مۆراڵی حەقیقەتە. كانـت لەو بڕوایەدا بوو كە ڕەخنە هێزێكە دەتوانێت لە تەواوی بوار و كایەكانی مەعریفە بكۆڵێتەوە. كانت بۆ نیتچە یەكێكە لە فەیلەســوفەكانی تیۆلۆژیا و لاهوت، دەمامكدار و ماســكپۆش، تەنانەت خولقێنەر و دروســتكەری دەمامكەكانە. ئەوان شــتەكان و هەبووەكان دادەپۆشــن، بەڵام بلیمەتی كانت بۆ نیتچە لەو كاتەی **ڕەخنەی ئەقڵی پەتی** نووسی هەوڵدانی بوو بۆ پراتیك كردنی ڕەخنە لەناو ئەقڵدا بە پشتبەستنی بە هێزی ئەقڵ خۆی نەك دەسەڵات و هێزێك لە دەرەوەی خۆی كە هێز و توانا و شــەرعییەتی لێوەرگرێت. لە شــێوەی ســۆز و یـادەوەری، یـان هەوڵـدانی بـۆ گەڕان بـۆ ئەو هەڵانەی كە ســەرچاوەكەیان ئەقڵە، بەڵام هەر ئەمەش پارادۆكس و دژایەتی و شــكســتەكەیەتی بەو واتـایەی ئـامرازێك چۆن دەتوانێت هەڵەكانی خۆی دیاری بكات كە دەرئەنجامی خۆیین. وەك چۆن گواســتنەوەی كانـت لە ڕەخنەی ئەقڵی پەتییەوە بۆ ڕەخنەی ئەقڵی پراتیكی هیچ پاســاوێكی نەبوو، تەنیا هەوڵ و ئـارەزوی خۆی بوو. دواتر نیتچە ئەو یەكلاكردنەوە و ســـاغكردنەوە

ڕەتدەکاتەوە کە **کانت** لە نێوان ئەقڵ و مۆراڵدا ئەنجامی دابوون. ئەقڵی پراتیکی هیچ نییە جگە لە دارِشـتنەوەیەك کە کانت خۆی دایهێنابوو لەپێناو پێویسـتییەکی سـایکۆلۆژی تا مرۆڤ بتوانێت بە پێی دڵی ڕەفتـار بکات و، باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە بە پێی لۆژیکی ئەقـڵ ڕەفتـار دەکـات پـاشـــان پـاســـاوهێنـانەوە و شەرعییەتدان بە دەزگا نائەقڵانییەکان.

## بنبەست و تەنگەژەکانی دیالێکتیك

### نیتچە دژ بە هیگڵ

"ئێمە بە خراپی لە سـەرجەم کارەکانی نیتچە تێدەگەین، ئەگەر نەزانین نیتچە 'دژ بە کێ' چەمکە بنەڕەتییەکانی ئاراسـتە کردووە. تێمە هیگڵییەکان لە کـارەکـانی نیتچەدا وەك نـەیـار و دوژمنێـك دەردەکەون کە لە دەسـتەویەخەدان. نیتچە ئەنتی دیالێکتیکییە بە ڕەهایی". ژیل دۆلوز

پێویســـتە ئێمە داوا بکەین و بپرســـین دیلێکتیســـیان "دیالێکتیکخواز" خۆی چیی دەوێت؟ دیالێکتیك چی دەوێت؟ ئەو ئیرادە و ویســـتەی دیالێکتیك دەیەوێت هێزێکی کۆتاهاتوو پچڕاوە، بە شـــێوەیەك هێزی ئیســـپاتکردن و پێـداگیری جیاوازییەکانی نییە. هێزێك کە ئیتر توانای جوڵە و بزاوتی نییە، هێزێـك تەنیا کاری پەرچەکردار نوانـدنە بەرانبەر ئەو هێزانەی دەسـەڵات و هەیمەنەیان بە سـەریدا هەیە: تەنیا یەك هێز کاری تێپەڕانـدن و دەرچوونە لە ڕەگەزە نێگەتیڤەکەی لە ڕووتەختی یەکەمینیـدا ئەمەش لە پەیوەنـدیـدا بە هێزێکی ترەوە. ئەو نەفی هەمـوو ئەوانە دەکـات کە ئەم نـیـیەتی، و لەم نەفـیـکـردنەدا جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی و پرەنسیپی بوونی خۆی دروست دەکات. ژیل دۆلوز.

لە کوێدا **دۆلوز** لەو بڕوایەدایە نیتچە ڕەخنە لە ***هیگڵ*** دەگرێت؟ ئێمە دتوانین ئەو ڕەخنـانەی نیتچە لە هێگڵی گرتـوون بەم شێوەیە بهێنینە ناو قسەو باسەوە.

فەلسەفەی هێگڵ لە ڕێگەی بەخشین و پێدانی ڕۆڵێکی سینترالی بە دیالێکتیك، خۆی کاراکتێریزە کردووە. بیرکردنەوەی دیالێکتیکی دوو کەموکورتی و دوو نەنگیی لە خۆیدا هەڵگرتووە: ئەبستراکت بوون، لەگەڵ بە ئەولەویەتگرتن و لە پێشـــبوونی نێگەتیڤ. ئەبســـتراکت بوونی دیالێکتیك ململانێ واقیعییەکان دەخاتە ناو دوورخستنەوە و مەودابەندییەکی دوورەوە بە شـێوەیەك دەبێتە پێشڕـــەو و ڕووی پێشـــەوەی ئامادەگییە فرەیی و داهێنەرەکانی

مانا، ئەمەش بە قازانج و ســـوودی ململانێ ناواقیعییەکان، بە شێوەیەکی ساغکراوە و جێگیرکراو لەپێناو نواندن و دانپێدانانێك کە پێشـــووتر لێرەیە. واتە پێشـــووتر بڕیاری لەســـەر دراوە بە شـــێوەیەکی یەکبوونی و جێگر و داکوتراو و ســـابـت پێش وێکهـاتنەوە و "وێکهـاتنی پێشـــینەیی و پێشـــوویی" لەگەڵ نێگەتیڤـدا، کەمکردنەوە و بە کەمزانین و بێبـایەخکردنێکی کـاریکـاتۆری فرەیی و فرەبەرداری پەیبردن و ئیـدراککردن، یـان ئیدراکە فرەییەکان لە هەنبەر بەریەککەوتن و بەرەنگاربوونەوەی وشك و بەستوودا، هەروەها تێنەگەیشتن و خراپ تێگەیشتنێکی گشتگیر لە نێوان پەیوەندی ئیسپاتی و نەفیدا.

بەم هەنگاونانە کە ئاماژە و نیشانەنەی سیمپتۆمن بۆ ئۆریجن و بنچینە و بنەڕەت و ئەسڵی "کرسیتیانی"، لەو شوێنەی کە کاری ڕەهاکردنی زۆر زیادەڕۆ و پەرگیری دیدگا و گۆشـەنیگای کۆیلەیە: هەر ئەمەش خۆی تایبەت و دیاریکراو دەکات، خۆی پێناســـە دەکات لە ڕێگەی ڕێکخســـتن و خۆ ڕێکخســـتنی تیپۆلۆژیانەی تایبەتکراو و دیاریکراو، ئەوانەی کە هەســـت بە گوناهکردن و بیماری و هەستی تۆڵەسەندنەوە تێیاندا گوزارشت لێکراون.

پێشـــوازیکردنێکی پڕ جۆش و خرۆش بۆ هێزە ئیرتیکـاسی و پەرچەکردارییەکان، بەو شـــێوەی کە دەرئەنجـامە نزیکەکانی "نیهیلیزم"ە. لاوازی و دەســـتەپاچەیی و کڵۆڵی ئەولەوییەت لە پێشـــبوونی ئەو تـایپانەی کە ئیرتیکاسی و پەرچەکردارین. ئەو تایپە ئیرتیکاســـییانەی کە جگە لە **عەدەم** شـتێکی تریان ناوێت.

له دواجاردا مەبەســـت و مرازی هەڵبژێردراوی هیگیڵیزم تەنیا "نیهیلیزمە". بەمشـــێوەیە دژ وەســـتـانەوە و بەرەنگـاری و بەرهەڵستکاری نیهیلیزم بە ناچار دەبێتە دژ وەستانەوە بەرانبەر **هێگڵیزم**. واتە بۆ ئەوەی دژ بە نیهیلیزمی پاسیڤ بین ناچارین دژ بە هیگڵیزم بین.

لێرەدا ئێمە لە ســەر دوو ڕەخنە و دوو خاڵی یەکەم دەوەســتین. ئەوەی پێش هەر شــتێك هیگڵیزم "**هیگڵخوازی**" دیاری دەکات و پێناســەی دەکات، شـــوناسی پێ دەبەخشــێت **دیالێکتیك**ە. بەڵام پێش هەر شتێك ئەوکاتەی گوێبیستی چەمکی دیالێکتیك دەبین چ وێنایەکمان بۆ دروســت دەبێت؟ چ تێگەیشــتنێکمان بۆی دەبێـت؟ بۆ دۆلوز شـــیمـانەکراو دەردەکەوێـت، واتە ئەگەرێکە کە "نـاوکێکی هـاوبەش" تەریـك بکرێـت و دوور بخرێتەوە لە کۆی بیرکردنەوەی دیـالێکتیکـدا. ئەم نـاوکە هاوبەشە دەبێت بە تێگەیشتنێکی ئەبستراکتی کێشـە و ئیشکالی مانا لەگەڵ پێشینەیی و ئەولەوییەت و مانای پیشینەیی ناشیاو و ناپەســەند لەگەڵ نێگەتیڤدا. پێش هەر شــتێك دیالێکتیك وەك بەرەنگارێکی کۆنکرێتی خۆی دەردەخات لەو شـــوێنەی کە هێگڵ دەیبینێت: دوور لەوەی بتوانێت ڕەهەندێکی کۆنکرێتی بۆ کارایی و لێهاتوویی دروســت بکات. بیرکردنەوەی دیالێکتیکی لە ڕێگەی ئەبســـتراکتکردنەوە خۆی پێش دەخات و هەنگاو دەنێت لە ناو کۆنتێکســـتێکی واقیعی و حەقیقیدا بە مەبەســـتی پێکهینان و خولقاندنی مانایەك کە خۆی ڕێکی دەخات. بەمشـــێوەیە ڕۆحی

ئۆبژێکتیڤیـانەی هیگڵ خۆی دەبینێتەوە لە تەکانـدانێـك بۆ هۆگربوون و پەیوەندی دروسـتکردن لەگەڵ کەڵکەڵە و مەیلێکی چڕبووەوە کە شـــوێنگرەوەی واقیع بێـت لە پەیوەنـدییە ئەبســتراکتەکاندا، لەناو دیدگایەك کە گرنگی بە "کردار" دەدات نەك بە "بکەر"، بەڵام لە ڕێگەی کەسی ســێیەمی یان "بوونێکی سێیەمین"ی نەجوڵاو و نەبزاو بە شێوەیەکی خەیاڵی و وێناکراوی لە بیرکردنەوەدا. بیرکردنەوەیەکی خەیـاڵی و وەهمی وەك کۆتـا ئامانج و دوا مەبەســتی جەهەریانەی کردارەکان. بە هەمان شــێوە، ناڕاســتی بوون و ناحەقیقی بوونی پێگە و شــوێنگەی ســەردار لەناو پەیوەندییەکەیدا بە کۆیلەوە پشــتبەســتووە بە چەمـك و تێگەیەك کە زۆر بە وردی و بە نزیکی دیـالێکتیکی ناســینەوە و دانپێدانانێکی دوو ســـەرە و دوو لایەنەی هەر دوو وشیارییەکەیە. لەو شوێنەدا جوڵاو بەکارە کە مانای مەرگی خودا بـوونی هەیە، کە خـودا مـردووە. بەمشـــێـوەیە هـێـگـڵ وا دەردەکەوێـت کە هـاوســەنـگە بە چەمـکـێـکی بەســـتـوو "چەقبەســتوو"ی وەك یەکبوون و یەکێتی لە درێژبوونەوە و گەشــەکردنە مێژوییەکەی ئەم ڕووداوە. ئەمەش لە کارایکردن و بەهێزکردنی کەمکردنەوە بەکەمزانینێکی زۆر خێرا و پێشـوەختی "فرەیی"ەکی ڕاڤەکراو لە ســتـاتویەکی شـــکڵبەنـدی و خۆ ڕێکخســـتنێکی ڕووکەشـــیانە و ڕووپامایینە و دووڕوویانەی ڕوودانی "جەوهەرێکی ڕاســـتەقینە"دا. بیرکردنەوەی دیالێکتیکی تاوانبار و گوناهکارە لە فەوزا و بە خۆڵەمێشــیکردن و ئاڵۆزکردن و تێکدان لە نێوان تەفســیرکردن و ڕاڤەکردنی جەوهەرێکی گۆڕاو

و وەرچەرخان لە سیپتۆمێکی تەفسیرنەکراودا. تەنیا لەناو وەرگرتن و بە دەستخستنی ئەم ئەبستراکت کردنەدایە وای لێکردووە بیر لە بەرەنگاربوونەوە و بەریەککەوتن و دژبوون و دژ بە یەکبوون بکاتەوە، بە شێوەیەك "دژە مانا و دژە ئاراستە و ڕاڤەکردنێکی هەڵە لە جیاوازی"دا بخولقێنێت لەبارەی دروستبوون و پێکهاتنی ڕاستیانەی مانا. زۆر بە قوڵی دیالێکتیك پەیوەندی بە خەیاڵەوە هەیە. ئەم کارێکتەرە خەیاڵییەی دیالێکتیك بیرکردنەوەی هێگلی ئاراستە دەکات، ڕێنمایی دەکات لەوەی سێ کەموکورتی و سێ درزی گەورەی تێدا بێت کە ویستویەتی لە تەعریفکردن و پێناسەکردنیاندا شییان بکاتەوە و وەڵامی بۆیان دەستکەوێت.

**یەکەم**: کێشەی مانا؛ هێگڵ بێئاگا و ناوشیار بوو بە سروشتی هێزەکان کە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی هاو واتا و سازراو و وێکهاتوو بە فینۆمینەکان، "فینۆمینەکان لە پەیوەندی هێزەکاندا مانا وەردەگرن".

**دووەم**: کێشەی جەوهەری هێگڵ لەوێدا کە بێئاگا بوو لەو ڕەگەزە حەقیقییەی کە ئاراستەی هێزەکان دیاری دەکات، ئاراستەی هێزەکان دەگۆڕێت، کوالێتییەکانی ئەم هێزانە، پەیوەندییەکانی ئەم هێزانە.

**سێیەم**: کێشەی گۆران؛ هێگڵ بەختەوەر و پێخۆشحاڵ بوو کاتێك کاری ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ و شوێنگۆڕکێ لە نێوان تێرمی

"ئەبســـتراکســـیۆن و ڕیاڵدا" ئەنجامدا. بە شـــێوەیەکی تر و بە مانایەکی تر؛ ئەو مانایەی کە بیرکردنەوەی دیالێکتیك ئامادەی کردبوو لە ژێر نـاوی لۆژیکێکی ئۆنتۆلۆژی نـابێتە هیچ جگە لە بوون بە قۆرخکردن و خراپی پلۆرالیزمێکی ڕاڤەکراو و تەفسـیرکراو لەنـاو بازنەی ســـوورانەوەدا. ئەو جەوهەرەی هیگڵ بۆ قوڵایی بوونی پێشـنیاز دەکرد، نابێت بە هیچ جگە لە بوون بە پاشـماوە و پوخڵەواتی تـارمـاییـانەی هێزە ڕاســـتەقینەکان کە دەکەوێتە پێشەوەی پَێکهاتن و خولقاندنی دراو و پێدراوەکان.

سـەبارەت بە یەکەمین و لە پێشـبوون و ئەولەویەتی نێگەتیڤ، لە کتێبی نیتچەی ژیـل دۆلوزدا لە چوارڕێـیـانی نێوان دوو هێڵی بەرەنگاربوونەوە و بەریەککەوتندا خۆی دەبینێتەوە: لەلایەکەوە لە ڕێگەی نێگەتیڤ/جیـاوازی، لەلایەکی ترەوە بەرکەوتن و بەریەککەوتنی نەفی/ئیســـپـات و ئەفێرمـاتیڤ. لە یەکێـك لە بەشـــەکانی کتێبەکەی دۆلوزدا بە ناوی **"نەفی و ئیســـپات"**، تیۆری نیتچە پڕ ئیرادەی هێز دەبێت بە دژە نیگایەکی پێچەوانە وەك ڕەخـنەیەك لە خـوێن مەیـنی نـێگەتیـڤ. ڕەخـنەیەك کە نێگەتیڤمان بە شـــێوەیەك نیشـــان دەدات؛ "نێگەتیڤ دەبێتە هۆی بچڕان و وەستاندنی لەوەی کوالێتییەکی یەکەمین و توانا و دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی هەبێت". ئەمەش ڕێك بە وردی پرسیاری پێگە نێگەتیڤەکە ڕێخۆشـــکەر و مۆڵەتدەرە بەوەی بەشـــێك دروســـتبکرێـت، ئەو بەشـــەی کە لەنـاو فەلســـەفەدا یـان دیـالێکتیکییە یـان نـا، ئەمەش لەو شـــوێنەی بیرکردنەوەی

دیالێکتیك لە نێگەتیڤ یەکەمین دەســـەڵات و توانای "**بوون**" دروســت دەکات. هەر لەم ڕێگەیەوە شــوناس و "ئیدێنتیتیٚ" لە نەفیکردن و بە عەدەمکردنی جیاوازیی و فرەییە نـاوەکییەکانی جەوهەری خۆی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت، و بەرزکردنەوە و باڵاکردنی حەتمیەتگەراییی بەریەککەوتن و بەرهەڵســـتکاری و پاشــان دژ بە یەکبوون. هەوڵی نیتچە ویســتنی "فرەیی"ەکە کە تێیدا هێڵەکانی بەریەککەوتن و هێڵە سنوورییەکان نیتچە لەگەڵ دیالێکتیك دەببێت بە پرس و پرســـیاری؛ پێشـــینە/پاشـــینە، "یەکەمین/دووەمین"ی نێگەتیڤ لە ئـاســـتێکی ئۆنتۆلۆژیـدا. تایبەتمەندی دیالێکتیکیانەی تیۆرییەك لە سروشـــتی پەیوەندی تێرمە جیاوازەکانەوە نایەت، هەر لەبەر ئەمەشـــە فرەییگەرایی و پلورالیزم دەتوانێت شــیاوی و باشــتر بێت لە دیالێکتیك، بەڵام هیرارکێتی نێگەتیڤ و جیـاوازی دەکەوێتە پێشـــەوەی هەر پەیوەندییەك. ئا لێرەوە و بەمشـــێوەیە "ئەنتی دیالێکتیســـیان" دەبێت بە جەختکەرەوە و پێداگیر و سەختگیریی لە پێشـاندان و بەرچـاوخســـتنی یەکەمین و لە پێش بوونێکی ژێنێتیکیـانەی "جیاوازی پەتی" لە بەرانبەر نێگەتیڤدا. لەمەش دروســـتکردنی ئەنجامگیری نا-جەوهەریانەی بەرهەڵســـتکارییەکان "ئەمەش بەو مانـایە نییە کە بوون خۆی عەدەم دەکات ئەو کاتەی" بە پێویست و بە ناچاری جیاوازی هەیە، بەڵکوو تەواو بەو مانایەی جیـاوازی هەیە، بۆیە "بوون" دەتوانێـت زۆربەی جـار و لە زۆرکاتدا خۆی نەفی بکات. ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین دیالێکتیکی هێگڵی هەڵە نییە بەو شێوەی کە هەیە، بەڵکوو بەو شێوەی کە

دەیەوێت "ڕەها" بێت، دەیەوێت بنچینەیی و بنەڕەتی و ئەسڵ بێت و، بەمشێوەیە هیچ پێکناهێنێت جگە لە سیمپتۆمی لاوەکی بۆ پرۆسێسیویەکی ئۆنتۆلۆژی یەکەم، کە هیچ نییە جگە لە ئیسپاتکردنی بێگەرد و پوختی جیاوازییەکان وەك ئیرادەی هێز، بنەڕەت و بنچینە، جیاوازییە لە بنچینەییەکەدا، جیاوازی لەناو بنەڕەتی و بنچینەیدا هیرارکییە، واتە پەیوەندی هێزێکی هەژموونکار بەسەر هێزێکی هەژموون لەسەر کراو، هێزێکی زاڵ و باڵادەست بە سەر هێزێکی ژێرکەوتوو و ژێردەست. ئیرادەیەکی ملکەچ و دەستەمۆ و ڕامکراو لە بەرانبەر ئیرادەیەکی زاڵ و باڵادەست. ئەمە وا دەکەوێتەوە کە ئیرادەی هێز ڕەگەزێکە لە ڕێگە بڕین و جەرەیانی جیاوازی چەندێتی ئەو هێزانەی لە پەیوەندیدان، ئەو کوالیتی و چۆنێتییەی لەم پەیوەندییەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەر هێزێك. ئیرادەی هێز پەیوەندی دەکات بە هیزەوە و لە ئامێزی دەگرێت، بەڵام وەك ڕەگەزێکی جیاوازی و پەسەند و ژینێتیکی، وەك ڕەگەزێکی ناوەکی بەرهەمهێنانەکەی.

بەمشێوەیە نێگەتیڤ پرەنسیپێکی بەرهەمهێنەری جیاوازی نییە، بەڵکوو ئەنجامی پەیوەندییەکی جیاکاری و پەسەندکارییە، کاری کارێکتەریزەکردنی توانا و پێداگیرییە فرەییەکانی ئیرادەی هێزە. دیالێکتیك بیرکردنەوە و مۆراڵی کۆیلەیە.

## سەبارەت بە سوود و زیانی مێژوو بۆ ژیان

### نیتچە دژ بە هیگڵ، دژ بە مێژوو و ناچاریی مێژوویی

بیرکردنەوەکانی نیتچە ناوەختیین، لە ناوەختدان، ئەمەش وا دەکات تەواو دژ و ناکۆک بکەوێتەوە لەگەڵ سەردەمەکەی. سەردەمی نیتچە بە دەست تایەکیی مێژووییەوە دەیناڵاند و دەتلایەوە، بە دەست نەخۆشی مێژوووەوە. لێرەوە لەگەڵ نیتچەدا ئێمە لەناو پێرسپێکتیڤێکداین بۆ مێژوو لێرە و لە ئێستادا. مێژووی ئێستا لە ناو ئۆنتۆلۆژیای ئێستا و، ئۆنتۆلۆژیای مێژوودا. ئەوەی کە ڕوونە، نیتچە وەک دۆلوز دەڵێت: دژ و نەیارێکی سەرسەختە بە هیگڵ، ناشتوانین لە نیتچە تێبگەین ئەگەر نەزانیین دژ بە کێ بووە. لێرەوە پێرسپێکتیڤی مێژوویی ڕەخنەی مێژووی نیتچە دژە بە تۆتالیتێی هیگڵ و مێژووە سەراپاگیر و گەورەکەی هیگڵ. لەگەڵ نیتچەدا ئێمە ڕووبەڕووین بە هیگڵ، ڕەخنە لە هیگڵ. نیتچە هێندە دوور دەڕوات کە

دەڵیت: من لەو بڕوایەدام کە هیچ خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ نەبێت لە کولتووری ئەڵمانیدا لەم سـەدەیەدا کە کاریگەرییەکی گەورەی نەبوبێت، تا ئێسـتاکەش زیندووە، ئەویش فەلسـەفەی زۆر ترسـناکی هیگڵییە. هیگڵ بەو شـێوەیە مرۆڤی هاوچەرخ دەبینێت کە بە کەماڵ گەیشـتنی مێژووی جیهانە. لە بەرانبەر دیدگای هیگڵ کە پێی وایە کە ڕەوەندی مێژوویی پرۆسـەیەکی ئەقڵییە و لە سـەردەمی هیگڵدا گەیشـتۆتە ئەوجی شـکۆ و چرکەسـاتی ڕەهـای خۆی، لە بەرانبەر ئەمەدا نیتچە وای دەبینێت کە مێژوو کۆتایی نەهاتووە و ناتوانێت کۆتایی بێت و بگاتە پایان. تەواوبوون و گەیشـتە کەماڵ، بە کامڵبوون و بە کەماڵبوونی مێژوو نەک تەنیا مەحاڵە، بەڵکوو ئارەزوونەکراوە و جێی ڕەزامەنـدی نییە و، گەمـارۆدانی چـارەنووس و قەدەری مرۆڤە. مێژوو پرۆسـە و کردەیەکی ئەقڵانی نییە، بەڵکوو پڕە، لێوانلێوە لە کوێری، شـێتیی، چەوسـاندەوە، ڕێککەوت و پچڕ پچڕیی. ڕەنگە لێرەدا ئێمە چوونەوە سـەر کانتی نیتچە ببیین کە مێژوو مەیدان و پانتایی ڕێککەوتە، نەک ئاسـتێک بێت بۆ مانا. نیتچە باس لە ژیانی ئاژەڵ دەکات کە چۆن بە بێ یادکردنەوە و بە یـادهێنـانەوەی ڕابردوو و لە بیرکردنی هەموو چرکەیەك کە تێدەپەڕێت، دەژی. واتە ژیانکردن بە شـێوەیەکی نامێژوویی. مرۆڤ ڕابردووی لە بیرە و بە یـادی دێنێتەوە، نـاتوانێـت لێی هەڵبێت. مرۆڤ بە شێوەیەکی مێژوویی دەژی، لەناو وشیاریی و ئـاگـایی مێژوویـیدا دەتلێتەوە، لەگەڵ خۆیـدا وشـیـارییەک ڕادەکێشـێت. مرۆڤ نوقسـانییەکە کە ناتوانێت کامڵ بێت.

بەختەوەری وەســتاوەتە ســەر توانای لە بیرکردن، لە یادکردن، ملکەچ بوونی تەواوەتی بۆ ئێستا. ئەو مرۆڤەی کە ناتوانێت شت لە بیر بکات، نـاتوانیـت کەســێکی بەختەوەر بێـت. لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ بە بێ یادکرودنەوە و بە بێ یادهێنانەوەی مێژوو ناتوانێت مرۆڤ بێت، بەمشـێوەیە مرۆڤ شـتێکی زیاتر و باڵاتر نییە بە ســەر ئاژەڵدا، ناشــتوانێت مرۆڤ بێت تەنیا لە ڕێگەی گەشــەپێکردنی پێرســپێکتیڤ و حســسیـ مێژووییەوە نەبێت، لێرەوە مرۆڤ بە ســەر ئاژەڵدا ســەر دەکەوێت و، دەتوانێت مرۆڤ بێت، لە ڕێگەی گۆڕین و تەحویلکردنی ڕابردوو بۆ ســوود و قازانجی ئێســتا و ســوود و قازانج لە ئێســتادا. کێشــەی مرۆڤ ئەوەیە بتوانێـت هـاوســـەنگییەک لە نێوان لە بیرکردن و بە بیرهێنانەوەدا دروست بکات. بوونەوەرێکی زیندووی تەندروست بەو شــێوەیە کە لە مێژوودا خۆی نانوێنێتەوە بە شــێوەیەکی غەریزەیی تەنیا بەو توانـایە نەبێت کە بتوانێت هەرسی بکات. هێڵی یەکلاکەرەوە لە نێوان ئەوەی مێژووییە و ئەوەی نامێژووییە ئاســۆی بوونەوەرە. مەعریفەی مێژوویی مرۆڤ دەبێت لەلایەن کەش و دۆخێکی نـامێژوویی لە تـاریکییەوە گەمارۆ دراو بێت بە شـێوەیەک حسـسیـ و پێرسـپێکتیڤێکی مێژووی پێببەخشـێت. نیتچە دان بەوەدا دەنێـت کە بەکـارهێنـانی مێژوو هەیە وەک چۆن خراپ بەکـارهێنـانیشیـ هەیە. نیتچە بـاس لە سێ جۆر مێژوو دەکـات کە دەتوانن لە خزمەتی ژیـانـدا بن: **یەکەم**یـان مێژووی وەبیرهێنراو، مێژووی یادکراوە کە پاڵپشــتی کەســێکی چالاکە لەناو نموونە و پارادایمە مەزن و گەورەکاندا لە ڕێگەی

وێنـاکردنی کەســـە مەزن و گەورەکـانی نـاو مێژوو، لە ڕێگەی وێنـاکردنی ڕووداوە گەورەکـان لە ڕابردوودا. **دووەم** مێژوویەکی بۆمـاوەیی و مێژووی جێدەســـتەکانە کە دەتوانێت ڕەگەزێکی چالاک بێت بۆ مرۆڤ، ئەم جۆرەیان بە ســـوودە بۆ ئەو گەل و میللەتـانەی کە لێهـاتوویەکی نزم و کەمیـان هەیە. ئەمەش لە کەڵکەڵەیەکی جیهـانخواز نیگەرانکار دەیـانپارێزێت. **ســێیەم** مێژوویەکی ڕەخنەیی کە شـــوێنە پەراوێزخراو و دووراوەکانی نـاو مێژوو دەکاتە بابەت لەنـاو دادگاییکردنـدا، حوکمی بە ســـەردا دەدات. نیتچە گرنگییەکی زۆر دەدات بە خراپ بەکـارهێنـانی مێژوو زیاتر لە بەکارهێنانە گشتییەکانی؛ نموونەی وەبیرهێنانەوە و بیرخســـتنەوەی کەس و ڕووداوە گەورە و گرنگەکـانی مێژوو ڕەنگە لەســـەر حســـاب و بچوکردنەوەی ئێســـتا بێت، ببێتە بەربەســـت لە بەردەم گەورەیی و مەزنیی ئێســـتادا. بیرهێنانەوە و یـادکـردنەوەی مێژوو مـرۆڤ تـووشی وەهـمێـک دەکـات کە نـاتوانێـت بە شـــێوەیەکی وشـــیـار و ئـاگـامەنـد ئـاگـاداری هەلومەرجەکـانی گەورەبوون و مەزنبوون ببێـت لە ئێســـتادا. مێژووی پـاشـــمـاوەکانیش لەو کاتەی کە دەبێتە ڕێز و شـــکۆ پێبەخشـینی گەورە، دەبێتە هۆی سـتایشـکردنێکی ئەو شـتانەی کە پێویست نین و جێگەی پێزانین و ستایشـکردن نین. زانسـت و خواســـتی زانســـتیی کە مێژوو ببێتە زانســـتێك، پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان مێژوو و ژیاندا. زانســـتی مێژوویی، مێژووناسی ئـارەزووی زانین و مەعریفە دەیجوڵێنێـت، نەک ئـارەزووی خزمەتکردنی، پێویستە ئاگایی و وشیاریی مرۆڤ بەرانبەر مێژوو و

مێژووناسـیی بە شـێوەیەک بێت ژیان کەرت نەکات، ژیان نەدڕێنێت، بەڵکوو بە خزمەتی ژیان تەواو ببێت. نیتچە باس لە نسـکۆگەلێک دەکات کە لەناو زیادەڕۆییدا بۆ مێژوو بەرهەم هاتووە؛ لەناو ئەم شـکسـت و نسـکۆیانەدا کەسـانێکی زۆر دەبینرێن لە بەرانبەر دیمەنێکی مێژوودا، ئەگەر چی ئەم دیمەنەش بێمانا بێت، لە بەرانبەر ئەم دیمەنەدا وا وێنای خۆیان دەکەن کە پاشـکۆ و درەنگ کەوتوون و ناتوانن شـتێکی نوێ بخولقێنن. ئەگەر قسەکەی هیگڵ ڕاست بێت کە مێژوو کۆتایی هاتووە، کەواتە شـتێکی نوێ نەماوەتەوە بۆ کردن و ناچارین شـوێنکەوتە و پاشـکۆ بین. لێرەدا پێویسـتە ئەوە باس بکەین کە کەسـێکی وەک ***فوکۆیاما***، کەسـێکی هیگڵی ــــ کۆژیڤی لە کتێبی **کۆتایی مێژوو**دا، لەناو بە کەماڵ گەیشـتنی مێژوو لە لیبراڵیبزم و دیموکراس لیبراڵیدا، دەرگا دادەخات و تەواوی مرۆڤایەتی ناچار بە شـوێنکەوتن و بە گەیشـتن بەم پارادایمە دەکات؛ پارادایمی دیموکراسی لیبراڵی کە لە دەیان شـوێندا نەهامەتی بۆ مرۆڤ هێناوە. لێرەوە، ئێمە لەگەڵ فوکۆیامادا جگە لە پاشـکۆیی، دەبێت هەموو داهێنانێک لە مێشـکمان وەدەرنێین. هیگڵ هەڵەیە، هەڵەیە لەوێدا کە مرۆڤ ناچار بکات بە پاشـکۆیی و شـوێنکەوتن. ئەو مرۆڤانەی کە لەو بڕوایەدان کارێکیان نەماوە و، کارێک نەماوەتەوە بۆ کردن، ئاسـۆیەک نەماوەتەوە، لێرەوە شـکسـت دێنن چونکە ئەوەی گرنگ و باڵایە لە مرۆڤدا تموح و خواستەکانێتی. جەختکردنەوە کوتایی و بە کۆتاگەیشتنی مێژوو، مرۆڤ ناچار دەکات بە پاسیڤیی و ناچالاکیی و دانیشتن بە دیار

لێواری گۆڕی مێژووەوە. لێرەوە مەعریفە و زانینمان بەم مێژووە لای نیتچە هی ئاسـۆیەک بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە وەک مرۆڤ. هیچ شـتێکی ئەزەلی و هەمیشـەیی بوونی نییە، حەقیقەتە هەمیشـەییەکان بوونیـان نییە، چونکە جگە لە قوڵپـدان، هەڵقوڵان و گۆڕاکاریی و وەرچەرخـان هیچی دیکە بووی نییە. ئەوەی هەیە سەیرورەیە، بوونە بە. نەک جەوهەر و ماهییەتێکی نەگۆڕ و جێگیری هەمیشەیی. مێژوو زانین و زانستی سەیرورەیە. ئەگەر ژیانی مرۆیی گەشـە نەکات تەنیا لەناو ئـاسـۆیەکی دیاریکراودا نەبێت، مرۆڤ وەک حەقیقەتێکی ڕەها دەیبینێت. بەڵام لە ڕاسـتیـدا ئێمە ڕووبەڕووی ئـاسـۆگەلێکی زۆر و بێ ئەژمارین. ژیان پێویسـتی بە وەهمە، ئەو حەقیقەتەی کە تاکە ئاسۆیەک دیاریدەکات و ناچارمان دەکات بە گەیشتن بەو تاکە ئاسـۆیە و، کارەسـاتیی ڕوون و دیاری ئەو ئاسـۆیەش بکوژێکی گەورەی جـوڵەمـانە. لەلایەکی دیـکەوە لەو کـاتەی ئـێـمە مەعریفەمان بە وەهمەکان هەبێت، ئیتر لەوە دەکەوێت کە وەهم بن، ژیانیش پێویسـتی بە وەهمە و، لە وەهمخسـتنی وەهمەکان بە زیان بۆ ژیان تەواو دەبێت، لێرەوە لە بەرانبەر حەقیقەتدا ئێمە ناچارین ژیان هەڵبژێرین. ئاسی مرۆڤ ئوستورە و وەهمەکانێتی و، وای لێدەکات بژی، بۆ شـتێک بژی. لە وتـارەکەی نیتچەدا **زیـان و قـازانجی مێژوو**، نیتچە هیوایەک ناشـارێتەوە لە مرۆڤ، وای دەبینێت کە مرۆڤ دەتوانێت لە نەخۆشی مێژوو ڕزگاریی ببێت و شـیفـا وەرگرێت. بەڵام بۆ گەیشـتن بەم شـیفـایە دەبێـت مێژووخوازیی و جەبر و

حەتمیەتخوازی مێژوویی بە درۆ بخەینەوە. پێویستە پێشبینییەکانی مێژوو، فاڵگرتنەوەکانی مێژوو بە درۆ بخەینەوە. ئەو جۆرە لە مێژوو کە لەناو ئەوپەڕی مێژووخوازییدایە ئەو مێژووەیە کە خۆی وەک زانستێک دەبینێت، وەک زانستێکی بابەتی خۆی دەخاتە پێشچاو. مێژووخوازیی جەختکردنەوەیەکی تیۆرییە کە لەسەر پشکنینی دیاردە و فینۆمینە مێژووییەکان خۆی بیناکردووە. مێژوو بکەرەکان دەیخولقێنن؛ بکەرگەلێکی مەزن و گەورە، ئەوانەی مێژوو دەخولقێنن کەسانێک کە بە وەفا بۆ پرسێک، لەناو ئاسۆی پەیمانپێدراو و پابەندبوون پێوەی، بە شێوەیەکی نامێژوویی دروستی دەکەن. داهێنەرە مەزنەکان ئەو کەسانەن کە ئاسۆگەلێک دەخولقێنن تا لە ناویدا کەسانی ئاییندە بژین. ڕەنگە بە بێ ئاگایی ئەم ئاسۆیانە بخولقێنن. مێژوونووسێکی بابەتیی ڕەنگە بتوانێت پێشبینی مایکڵ ئەنجلۆ بکات، بەڵام ئەوەی کە لە مایکڵ ئەنجلۆ تێدەگات تەنیا هونەرمەندەکانن. مێژوونووسی بابەتیی تووشی ئەو وەهمە دەبێت کە ئەم ڕابروو ڕاڤە ناکات، بەڵکوو تەنیا وەسفی دەکات، لێرەدا وەهمێک لە وشەی بابەتیی و بابەتیبووندا هەیە؛ هەموو ڕاپۆرت و نووسینێک لەبارەی ڕابردووەوە تەئویلکردنی ڕابردووە. هەڵبژاردن و تاقیکردنەوەی دراوەکان و پێدراوەکان هەمیشە بە کۆتانەهاتوویی لەناو تەئویلکاندایە. لە دواجاردا بۆ نیتچە هەڵبژاردن لە نێوان مێژوویەکی بابەتی و مێژوویەکی زاتیدا نییە، ئەوەی هەیە تەنیا هەڵبژاردنە لە نێوان تەئویلێکی ڕاقی و باڵا و دەوڵەمەند، لەگەڵ تەئویلێکی لاواز و هەژار. نیتچە دژ بەو

پێشبینییە نییە کە ئاسۆکان داهێنراوی کەسەکانن، بەڵام نیتچە هێرش دەکاتە ســـەر ئەو مەزهەب و میتۆدە مێژووخوازییە کە تەئویلێکی تایبەت بۆ ئەم پێشــبینی و داهێنانە دەکەن. لێرەوە بۆ نیتچە مرۆڤ ئـاژەڵێکە توانـای خولقـانـدنی ئـاســـۆی هەیە، دەتوانێت بە وشـــیارییەوە ئاســـۆ بخولقێنێت. لێرەدا پێویســـتە ئەوەش بە یـاد بهێنینەوە کە بـارگـاویکردنی مێژوو بە ململانێی چینایەتیی و ئەنتاگۆنیزمی تەنیا دوو چین و گەیشـتن بە کۆمۆنیزم هیچ جیاوازییەکی جەوهەریی نییە لەگەڵ ئەقڵی ڕەهای هێگڵ و مێژوو وەک مـانـیـفـێســـــتـبـوونی ئەقـڵ. یـاخـو مێژوو وەک مانیفێســـتبوونی ڕۆحی ئیلاهیی و خودایی. ڕەنگە لەناو مێژووی هیگڵیـدا هیچ لەوە پێکەنینـاویتر نەبێـت بۆ ئـازادی و ئـازادی بکەرەکان بگەڕێین.

# نیتچە دژ بە فرۆید

## لەناو پێرسپێکتیڤێکی دۆلوزیدا

لەناو پێرســـپێکتیڤ و گۆشـــەنیگایەکی ڕەخنەیی ژیل دۆلوزدا، دەروونشـــیکاری نواندنەوەیەکی هەرە بەهێزی ســـایکۆلۆژیای گوناه و تاوانە، تەواوی وێناکردنەکانی، لە بری ئەفێرماتیڤ و ئیســـپاتکردنی ژیان، لە بری ئەرێکردن و ئەرێگۆیی بۆ ژیان، ئێمە ڕووبەڕووین بە دادگاییکردن و تاوانبارکردن و لێپێچینەوە لە ژیان. ئەم پێرسپێکتیڤە دژە دەروونشیکارییەی دۆلوز لە نیتچەوە دێت؛ ئێمە بە قوڵی لە ڕەخنەی نیتچە تێناگەین ئەگەر نەیگەڕێنینەوە بۆ ئاکسیۆلۆژیای ئەرێگۆیی و ئەرێکردن و ئیسپاتی نیتچەیی. دۆلوز لە کتێبی **نیتچە و فەلسەفە**دا ئەوە ناشارێتەوە کە هەڵوێســتی نیتچە لە بەرانبەر ***فرۆید***دا ڕوون و دیارە، نیتچە هەمیشـــە دژ و نەیار بوو بە ســـایکۆلۆژیای ویژدان، دژ و نەیار بەرانبەر ئەوەی کە ناوی ناوە سایکۆلۆژیای ئەشکەوتەکان.

سایکۆلۆژیای ئەشکەوتەکان ئەو سایکۆلۆژیایەیە کە تەنیا لە ناو کولتوورێکی پاسیڤدا بوونی هەیە و گەشە دەکات، سایکۆلۆژیایەکی بیناکراو لەسەر گوناە و تاوان، و گوناە و تاوان بنەما و بنچینەکەیەتی. لێرەوە ئێمە بە ڕوونی لەوە تێدەگەین کە نیتچە تەواو نەیارو دژە بە فرۆید و میتۆدی دادگاییکردن و تاوانبارکردن و گوناهبارکردنی ژیان (ئەم تاوانبارکردن و هەستکردن بە گوناە و تاوانە لای مرۆڤی دیالێکتیکی هیگڵیش دەبینرێت، دیالێکتیك کە دژە بە ژیان، کە مۆراڵی کۆیلەیە، نەفی و نەفی نەفی ناو پەیوەندی دیالێکتیکی **ئاغا/ کۆیلە**ی هیگڵ هەر دادگاییکردنی ژیان و تاوانبارکردنی ژیانە لە بری ئەرێگۆیی و بەڵێکردن بۆ ژیان).

سایکۆلۆژیای ئەشکەوت و قوڵاییەکان بۆ دەروونشیکاری فرۆید لە سەر ئازار و کەوتن و نسکۆ و شکست بیناکراوە. سەرباری ڕەخنەگرتن لە وێنە و فیگیوری قەشە و دادوەر و کۆیلە کە لە لای دەروونشیکار ئامادەیە، لە دەروونشیکاریدا بە گشتی، وێناکردنی نیتچە بۆ جەوهەر و ماهیەتی دەروونی مرۆیی و چەمکی نەست تەواو دژە بە لەگەڵ چەمکەکانی دەروونشیکاری. بۆ نیتچە لەو شوێنەی کە سایکۆلۆژیای ئەشکەوت و قوڵاییەکان ڕەت دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە فرۆیدییەتە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تیۆری شیزۆشیکاری ***دۆلوز*** و ***گواتاری***، تیۆرێك بە تەواوی چەمك و نموونەکانییەوە، تیۆرێك لەپێناو

ڕزگارکردنی نەست و نائاگایی لە هەموو ئەسڵ و مەرجەعیەتێکی مەعریفیی و بەهایی، تەنیا لەناو چەمکە نیتچەییەکاندا دەتوانین باشتر لێی تێبگەین، شیزۆفرینێك کە بە تەواوی چوارچێوە و پێشداوەرییەکانی شیکردنەوە و شیکارییە حازربەدەست و ئامادەکان ڕەت دەکاتەوە، و سەرقاڵی کرانەوە و واڵابوون و قەدکردنەوەیە بە سەر ژیان و جیهاندا، نموونەی بیرکردنەوەیەکی ئەفێرماتیف و ئیسپاتی و ئەرێگوتن و بەڵێکردنە بۆ ژیان، خاوەنی ڕۆحێکی شادیهێنەر و شسدمانی دیونیزۆسییە، لەناو قوڵپدان و فیچقەکردنی ئارەزووەکاندا، لە میانەی بەرکەوتن و بینینی زێدەژیان، لەناو هێڵەکانی هەڵهاتندا هاوکاتە بە خود و سوژەسازییەکی نوێ، ئەمە نموونەی ئیرادە و ویستێکی ئازادە لە بەرانبەر قورساییەکانی ڕابوردوو و یادەوەرییەکی تەواو کراوە بەسەر ڕەهادا. ئارەزوویەك کە دژ دەکەوێتەوە بەرانبەر تەواوی بەربەست و ڕێگرییەکان، ئەمە، ئەم زەمەنی ئارەزووە، زەمەنی گەڕانەوەی هەمیشەییە کە ئیرادەی ژیان دەکات و پێداگیرە لەسەر ژیان و فرەیی و جیاوازییەکانی. لێرەوە باشتر تێدەگەین کە ژینیالۆژیای نیتچەیی کە سروشتێکی ڕەخنەیی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە ئەو هێزانە بە ڕووت و قوتی دەبینین کە دۆخ و شتەکان و پەیوەندییەکانیان، بەرهەم و لێکەوتەی کارکردن و تەحەکوم پێکردنی هێزەکانە.

## میتامۆرفۆسەکانی حوشتر و شێر و مناڵ

نیشانەی میتامۆرفۆسەکانی حوشتر و شێر و مناڵ لای نیتچە چی دەگەیەنێت؟ چۆن ڕۆح دەبێت بە حوشتر، حوشتر چۆن دەبێت بە شێر، شێر چۆن دەبێت بە مناڵ؟ ئەم سێینەی میتامۆرفۆسە گوزارشتن لە سایکۆلۆژیای نیتچە لەناو گەشەی بیرکردنەوەیدا؟ یاخود دەربڕی مێژوویەکی مرۆڤایەتین، مێژوویەك کە بە ژان و ئازار دەست پێدەکات و لە مرۆڤی باڵادا بە کەماڵ دەگات و بە کۆتا دێت؟ یاخود گوزارشتە لە ستراکتۆرێکی ئەزموونکردن و ئەزموونکردنەکان و ئەو چەمکانەی بە ناو تەواوی فەلسەفەی نیتچەدا تێدەپەڕن؟ بێگومان هەموو ئەمانەیە لە یەککاتدا. هەر چرکەساتێکی ئەو مێتامۆرفۆسانە خاوەنی کارێکتەر و سیما و تایبەتمەندی خۆیانن کە پێویستە لە نزیکەوە وەریان بگرین و بەریان بکەوین. ئەو ڕۆحەی دەبێت بە حوشتر ڕۆحێکی بەهێزە، ئازایە، دلێرە، ئارامگرە، بەڕێز و

بەرپرســـیارە. دەتوانین بڵێین وەك دۆخێکی پاڵەوانانە قســـە دەکات. چالاکییەکانی جۆراوجۆر و فرەن؛ لە ئایینەوە بۆ مۆراڵ، لە مۆراڵەوە بۆ مەعریفە. بەڵام ئەوەی هـاوبەشـــە لە نێوان تەواوی ئەو چالاکییانەدا پۆشـین و لەبەرکردنە. بە هەمانشـێوە ڕۆحی حوشـــتر هەموو بەهایەکی پۆشـــیوە، بەها ئیلاهییەکان، دواتر بەها مرۆییەکانی مۆراڵ، بەهاکانی خودی مەعریفە. بەڵێ وتن و بەڵێکردن و ئەرێکردن، بۆ ئەو هەمیشـــە پێهەســـتان و جـیـبەجـێـکـردن و ئەنـجـامـدانە، خـۆ پـڕکـردنە. ئەمەش پاڵەوانییەکەیە کە نیتچە دەڵێت کە نازانێت ڕەشـــۆ لە خۆی داماڵێت. کار و وەزیفەی حوشـــتر "**پێویســـتە لەســـەرت**"ە بەشـــێوەیەك ئەرك بۆ حوشـــتر دەبێت بە خودا، دەبێت بە سەروەر و سەرداری، بەڵام ڕۆحی حوشتر، کە هەموو ئەم کێش و قورســـایی و بارەی هەڵگرتووە ڕوو دەکاتە بیابان، بە خێرایی بەرەو بیابان هەڵدێت. ئەم بیابانە ناکەوێتە ئەودیو بەها ئیلاهی و بەها مرۆییەکانەوە، کەشـفکردنی غیاب و ونبوونێکی ڕادیکاڵ و ڕیشەییانەی بەها. ئەو چرکەساتەی کە دوامرۆڤ هاوار دەکات، فیزاح و قیژەی دوامرۆڤ: "هەموو شـــتێك بۆشـــە"، بەڵام لەم خـاڵەدا حوشـــتر دەبێـت بە شـــێر، چونکە لەنـاو نیهیلیزم و تـارمـاییەکانی نیهیلیزمی دوامرۆڤی نـاو بیـابـانـدا بە شـــێوەیەك بەهاکان وەرگیراون وەك پاشکۆ و دامەزراو لەسەر بنەمایەك، بە هەمانشێوە دامەزراو و بیناکراو لەسەر عەدەم و هیچ. "پێویستە لە سەرت" لای شێر دەگۆڕێت بۆ "**من دەمەوێت**". لە بەرانبەر پرەنســیپی بەهاکاندا، شـێر پرەنســیپێکی دیکە پێشـنیاز دەکات،

پرەنسیپێکی دیکە پێشچاو دەخات ئەمەش لەپێناو هەڵسەنگاندنی داهاتوو. لە بەڵێ و ئەرێکردن و بەڵێ وتنی حوشترەوە کە پێداگیریی و جەختکردنەوەیەتی لەسەر بارهەڵگرتن، لارە ملێ و نەخێرکردن سەرهەڵدەدات، پێنان و داننان بە هەموو قورسایی و نەنگیی و بارسەختییەکان، تەنانەت بارقورسی و بارسەختی نیهیلیزمیش. ئەو ئازادە، دەزانێت ڕەشمە لە خۆی دامالێت. بەڵام شێر شتێکی نوقسانە، هێشتاکە نوقسانییەك لە شێردا هەیە، دوا میتامۆرفۆسێك لە حوشتردا هەیە: بوون بە مناڵ. چرکەساتی تەحویل و گۆڕان، چونکە منال باشتر دەخولقێنێت لەوەی ململانێ بکات: ئەو لە بیری کردووە، ئەو هێشتا ناتوانێت لە بەری بکات و شت بپۆشێت، منال بەرائەت و لە بیرکردنە. لە منالدا گەشەکردن و هەڵسەنگاندنە داهێنەرانەکان دەگۆڕێن نەك تەنیا لە بەها چەسپاو و چەقیوو و جێگرەکاندا، بەڵکوو تەواوی پرەنسیپی هەموو بەها مومکینەکانیش. منال نەخێر تێدەپەڕێت بۆ بەڵێ و بەڵێکردنێکی نوێ. بەڵام ئەم بەڵێکردن و بەڵێیە، بەڵێ و بەڵێکردنی حوشتر نییە کە بارهەڵگرە، بەڵێکردنی منال- گەمەکەرێکە کە دادەهێنێت، کاری دەبێتە داهێنان و خولقاندن، پێداگیری و جەختکردنەوە و ئیسپاتە. پێویستە وا لە قەدەری کۆتایی و چارەنووسی کۆتایی فەلسەفەی نیتچە بیربکەینەوە: ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ هەموو توانا و دەسەڵاتێکی وێرانکردن و ڕووخاندندا، بە تەواوی و لە هەناویدا تا دوا چرکەساتی پێداگیریی و ئیسپاتکردنە، خۆشی و شادی، جوانییە.

## منداڵی لەودیو چاکە و خراپەوە

"مرۆڤ دەگاتە کەماڵی خۆی ئەو کاتەی جدیەت کە لە یاریکردن و گەمەکردنـدا دەدۆزێتەوە کە هەیبووە، واتە کاتێك کە منـاڵ بووە". **نیتچە**، ئەودیوی چاکە و خراپە.

١

لە میتامۆرفۆسـەکانی ڕۆحدا، لە گواستنەوە لە شێرەوە بۆ منداڵ، شـــێر هێشـــتـاکە بەڵێیەکی موقەدەس و پیرۆز، ئەرێکردن و بەڵێگۆیەکی گەورە نییە بەرانبەر بە ژیـان، بەڵکوو ئەوەی لە شێردا گرنگە دۆخی تێپەڕبوون و خۆ تێپەڕاندنە بۆ منداڵی.

٢

منـاڵی بەرائەت و لە بیرکردنە. بەرائەتێـك کە هەڵگری هیچ سـایکۆلۆژیایەکی غەمگینیی و لێکەوتەکانی ئەم غەمگینییە نییە،

مناڵی ڕق و کینە و حەســـادەت و بوغز و هەســـت بە کەمی نییە، مناڵی لە ئێستادا ژیانە، ژیانە لە ئێستادا بە پەتیی. هەرچی ئەو دۆخە بیمـارە ســـایکۆلۆژییـانەیە لە بوغز و کینە و ڕق و حەســـادەت. دەکەونە نـاو مێژووەوە، لە نـاو یـادەوەریی و یـادکردنەوەو بە یـادهێنـانەوەیەکـدان کە لە نـاو بەریەککەوتنی مۆدەکـانـدا ئـامـادە دەبێتەوە. لێرەوە ئەرێنی لە بیرکردن و لە بیربردن بە تەواویی ڕێخۆشـکەرە بۆ ژیان و ژیانکردن لە ئێســتا و لێرەدا. گەر لە قوڵاییدا لە ڕق و کینە و بوغز، لە ویژدانێکی بیمار بڕوانین و تێبگەین، ئەوا دەزانین و بەر ئەوە دەکەوین کە ئەم دۆخـانە، ئەم بیمـارییـانە لەنـاو مێژوودا هەڵگیراون و وەك پێویســـتییەك ئـامـادەیـان دەکەینەوە. گرنگیی لە بیرکردن و لە یادکردن لێرەوە، لای مناڵ بە تەواوی بە سـوودی ژیان و شـادیی و شــادمانیی و بەردەوام بەڵێگۆیی و ئەرێکردن دەکەوێتەوە. گەر تەماشــای دۆخی عەمگینیی بکەین لە ســەر ئاســتی کۆمەڵگە و جڤـاکێکیش، ئەو جڤـاك و کۆمەڵگـانە غەمگینن کە زیـاتر لە مێژوودان و وابەستەی مێژوون.

٣

بوونی سەروەر تەواو بە پێچەوانەی کۆیلەوە بوونێکە لە ئێستا و لێرەدا، بوونێکی ئەفێرماتیڤ و ئیســپاتییە، هەرچی بوونی کۆیلەیە بوونێکی نێگەتیڤە، بوونێکە لە دیالێکتیك و نەفیدا. هەر لێرەوە مناڵ و مناڵیی وەك سەروەر و ڕۆحێکی ئەرستۆکرات بوونێکە لە ئەرێکـردن و بەڵێگـوتـن و بەڵێگـۆیی، بـوونێـك بە بێئەوەی

زەرورەت و پێشـــمەرجێك بوونی هەبێت کە مانای خۆی لێوە وەرگرێت و لە نەفیکردندا مەحکوم بێت بە بەرکەوتن و ناچاریی لەناو پەیوەندی دیالێکتیکیدا. مناڵ جگە لە خۆیی و ئێســـتای خۆی پێویســـتی بە ئەویترێـك نییە کە جەمســـەری ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئەم بێت.

٤

ئەودیو چـاکە و خراپە، ســـەرو چـاکە و خراپە، نیهیلیزم نییە، بەڵکوو ئاسـتێکی دیکەی ژیان و بوونە لە هاوسـازیی و هارمۆنیی و باڵابوون بە ســـەر ســـوود و قازانجدا کە بە ناچاری دەکەوێتە ناو مۆراڵەوە، لەناو نەزمی چاکە و خراپەدا ژیان دەکات. مناڵ و مناڵیی ئەو ئاستەی بوونە لە سەرو چاکە و خراپەوە کە مەحکوم و دیل نییە بە یاســـا و ڕێســـای نۆرمە مۆراڵییەکان، مناڵیی بێ مۆراڵیی نییە، نیهیلیزمێك نییە لە پوچیی و بۆشـایی و فەراغ و بێ سەرەوبەرەیی مۆراڵدا، بەڵکوو بوونێکە لە سەرو چاکە و خراپەوە دەژیی.

٥

منــاڵیی یــاریکردن و گەمەکردنە؛ یــاریکردن و گەمەکردن بە تەواوی ئەوەی هەیە، یـاریکردن و گەمەکردنێـك لە دەرەوەی یاسا و ڕێساگەلێك کە بۆ گەمە و یاری نەخشێنراون. گەمەکردن و دەســـتکاریکردن و جێ پێلەقکردن بە هەر شـــتێك، بە هەر پەیوەندییەك کە گەمە و ســـتراتیژی دەســـەڵات بینای کردووە.

ئەزموونی منالّیی ئەزموونی بوونێکە، ژیانێکی ڕووتە لە سەیرورەدا و لە دەرەوەی ناسنامە و فۆرم و سوژەیەکی گیراو دەستەمۆکراو. یاریکردن و گەمە بە تام و بۆی شـــکاندن و تێپەڕاندنی یاســـاو ڕێســـاکان، گەمە و یاری منالّان پێویســـتی بە دانپیانان نییە تا شـــەرعییەت و ڕێســـاو یاســـاکانی پێشـــوەخت دانرا بێت و پێوەی پـابەنـد بین. گەمە و یـاری منـاڵانە، گەمە و یـاری منـاڵانە لە بەرائەتەوە دێت. لێرەوە گەمە و یاریکردن پێویســـتییەکی دەرەکی نییە، بەڵکوو عەریزەیەکە لە ئێمەدا.

٦

بە دڵنیاییەوە، جوانترین و پڕ ئێســـتاتیکیترین گەمە و یاری منالّ لە تێکشـکاندن و پێشـێلکردن و تەجاوزکردندایە بۆ سـەر زمان. زمان بوونێکە، جەبرێکە زیاتر لە هەر جەبرێکی دیکە ناسـنامە و شـــونـاس و نوانـدنەوەکان ڕێکـدەخـات، زمـان بە پلە نـایـاب فاشـــیســـتێکە کە لە گەورەکاندایە. وەك ***ڕۆلان بارت*** دەڵێت "زمان فاشیستێکە". ئەوەی لە زماندا فاشیزمە جەبر و ناچاریی و ناچارکردنمانە بە چی وتن و چی نەوتن، چی بڵێین و چی نەڵێین، بەوەی زمـان نـاولێنـان و ڕیزکردن و پۆلێنکردن و لۆژیکی ژیـانی گەورەکـانە. منـالّیی چییە جگە لەوەی زمـانێـك بەم ڕۆحە فاشیستییەوە بوونی نییە.

## بۆچی ئاژەڵ بڕێکی زیاتر لە مرۆڤ بەختەوەرترە؟

نیتچە لە ستایشی ڕەگەزی نامێژوویی بەرانبەر ڕەگەزی مێژوویی، وای دەبینێت کە زیاتر بە کەڵکی ژیان دێت. بەراوردێك لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا دەکات، نەبوونی پێرسپێکتیڤی مێژوویی لای ئاژەڵ وا کەوتۆتەوە کە بۆ ئەم چرکەساتە و بۆ ئێستا بژی، هەرچی مرۆڤە لەناو ڕەگەزی مێژوودا و، لەناو ڕەگەزی مێژووییدا بارکراوە بە قورسایی و بارێکی مێژوو و یادەوەری کە ناهێڵێت بۆ ئێستا و لەم چرکەساتەدا بژی. ئاژەڵ کە مەحرومە لە حس و پێرسپێکتیڤێکی مێژوویی لەو ئاسۆیەی تێیدا دەژی، بە لای کەمەوە جۆرێك لە بەختەوەری دەناسێت، هەر ئەم مەحروم بوونەی وای لێدەکات لەو بوغز و کینە و ڕقە مرۆییە دەربچێت کە لە ڕەفتاری نیفاقیی و خۆشاردنەوە و هەزارڕوویی مرۆڤدا هەیە. نەبوونی پێرسپێکتیڤی مێژوویی لای ئاژەڵ وایکردووە بوونی ئاسان و سادە بێت بە بێ ئاڵۆزیی، لە دەرەوەی بازنەی

ململانێ، ئەمەش تەواو بە پێچەوانەی مرۆڤەوە کە خۆی لە دڵی ململانێکانـدا دەبینێتەوە. مرۆڤ ڕووداو و فـاکتەکـان بۆ لای خۆی ڕایدەکێشـێت، ئەمەش وای لێدەکات بە ناچاری خاوەنی حسسێکی مێژوویی بێت.

ڕەگەزی مـێژوویی لای مـرۆڤ سـەرچـاوەی نـامـۆبـوون، لێسـەندنەوە، لێدابڕین و ڕووتکردنەوەی چرکەسـاتی ئێسـتایە، ئەمەش بەربەست و ئاستنگە لە بەردەم ویست و ئیرادەی تاکدا و، ئیرادەی هێز وا لێدەکات ببێتە ڕەگەزێکی نائازادیی و پاسـیڤیی، ڕەگەزی ملکەچیی و ژێردەستەیی.

ئەگەر ئەم ڕەگەزە مێژووییە لە مرۆڤدا نەبێت بەو ئاسـت و ڕەهەنـدەی لە ئـاژەڵـدا هەیە، بە دڵنیـاییەوە (لە یـادکردن و لە بیرکـردن)ی ئەو ڕەگەزە ئەرێنیی و چـالاك و پڕ لە وزەیە کە هاوکارمانە بۆ ژیان لە ئێسـتا و لەم چرکەسـاتەدا. ڕەنگە هەر ئەم هێزی لە یادکردن و لە بیرکردنە بێت لای مرۆ وای لێبکات دەرك بە ڕەگەزی نامێژوویی ببات و دەربازی بکات لە هەر ڕووداوێکی گەورەی مێژوو، بیکات بە سـوژەیەك لە میانەی ژیانکردندا باڵا ببێت. ئەوانەی کە مەیل و کەڵکەڵەیەکی نامێژوویان هەیە لەو بڕوایەدان کە مـانـای بوون لە نـاو سـەیرورە و گەشـە و نەشـونماکردندا بینادەکرێت. ئەو کاتەی مێژوو دەچێتە خزمەتی ژیانەوە لەو شـوێن و جێگەیەدایە کە بە سـوودە بۆ ڕەگەزێکی نامێژوویی.

# بەشی دووەم

## ڕادیکاڵیزەکردنی نیهیلیزم

## لە نیهیلیزمی پاسیڤەوە بۆ نیهیلیزمی ئەکتیڤ

## نیهیلیزم، چارەنووسی مرۆڤ بە بێ خودا

### تێپەڕاندنی مرۆڤ و خولقاندنی شتێك زیاتر لە مرۆڤ

ئەوە ڕاستە ئێمە هەموومان بکوژەکانی خوداین. ئێمە هەمووومان بکوژین. بەڵام ئێمە لێرە بە دواوە بێباوەڕ و بێبڕوا و ئەتەیستین بەرانبەر چ خودایەك؟ بەڵێ ئەو خودایە لە سەرەمەرگدا بوو، لە گیانەڵادا بوو، خودایەکی ئازارچێژ کە مەحکومکرا بوو لەناو ژان و ئازارەکەیدا بتوێتەوە. ئێمە سەروکارمان لەگەڵ خوداوەندێکدایە کە لەناو (لە دایکبوون-مەرگ)دایە. خودا مرد و سیما و خەسڵەتی سەردەمەکەی ئێمەی نەخشاند و، ڕابەرایەتی هاتن و گەیشتنی نیهیلیزم دەکات. ڕێخۆشکەر و چاوساغی نیهیلیزمە. وەك ***ئەلبێر کامیو*** تێبینی کردووە: پوختە و دەرئەنجامێکی پارادۆکسال، بەڵام دەلالیی نیتچە ئەوەیە کە خودا مرد بە هۆی کریستیانیزمەوە، لەناو ئەو پێوەر و پیودانگەی موقەدەس و پیرۆزیی و پیرۆزکراو

بە ســـیکیولاریزە کراوە. بەڵام بە شـــێوەیەکی بنەڕەتیی و فۆندەمۆنتاڵی لە کوێدا ئەم خودایە مانیفێســتبوون و دەربڕین و ســیمپتۆمی لاوازیی و کەموکورتیی و فشـــۆڵیی و بێدەســـەڵاتی، کڵۆڵی ئێمە بوو؟ ئێمە ئەوە دەبینین کە خوداوەند خۆپارێز بوو نەك چارەســەرێکی شــیفایی و شــیفاهێنەر. ئێمە خوداوەندیی و ئیلاهییمـان کوشـــــت لە ڕێگەی ئەوەی خۆمـان پێـدا، و پەیوەنـدییمان لەگەڵدا بەســـت لەناو لە دایکبوون و پێدانی فۆرمێکدا. ئێمە خودامان ڕازاندەوە و پۆشـتەمان کرد بە سـیما و وەسف و ڕەسمکردن و نەخشاندنێکی بەرجەستەکردن و قاڵب بۆ دانان و بەرجەســتەکراویی لەناو هەژارترین شــت لە ژیاندا، بەزەیی، بەزەیش وەك نیتچە نووســـیویەتی پراتیکی نیهیلیزمە، نەفیکردن و نەفی ژیانە. خودا لەناو پێوەر و پێودانگی لاوازیی و دەســتەپاچەیی ئێمەدا لە دایکبوو بوو. بە شـێوەیەکی بنەڕەتی بە ســەردا داتاشـین و بەســەردا ســاغکردنەوەیەکی مرۆیی هەیە بە خوداوە. ئێمە لەناو وشـــیاریی و هۆشـــمەندییەکی جیهانییدا خودایەکمـان خولقـانـد بۆ ئەوەی بە دەســـتکراوەیی و بە بەخشـندەیی و دەسـنەگیرۆیی سـۆز و بەزەیی خۆی برژێنێت بە ســـەرمـانـدا. خودا بەزەیی هەیە بەرانبەر خراپیی و قەبـاحەتی مرۆڤەکان. مرۆڤ وێنەی خودایە، بەڵام بە هەمـانشـــێوەش خـودا وێنەی مـرۆڤە. چـوونکە ئـێمە وێنەیەکی مـرۆیـیـانەی خودامان داتاشیوە و ڕازاندوومانەتەوە. مراندنی خودای جودیۆ-کریســـتیان لەناو بوغز و کینەی کۆیلەدا دەردەکەوێت، لێرەوە، لای ***نیتچە*** ئەوە دەبینین کە بوغز و کینە دەبێت بە بێباوەڕیی و

ئەتەیزم، وە ئەم ئەتەیزم و ئیلحـادەش هەر بوغز و کینەیە، هەمیشــە بوغزو کینەیە، هەمیشــە بیمارییە. بەم واتایە ئێمە ســەروکارمـان لەگەڵ خوداوەنـدێکـدایە کە لە دایکبووە، لە دایکـبوونی هەیە، خـودایەکی مـێژوویی، خـودایەك کە مـرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکردووە، مرۆڤیش لەناو قەباحەت و ناشــیرینیی و پیسیــ خۆیدا تەنیا کاری بەو خوداوەندە ســۆز و خـاوەن بەزەییەیە، لێرە خـوداوەنـدیش دەبێتەوە بە وێنەی مرۆڤ، وێنەی خوداوەندییانەی مرۆڤ هەڵدەگەڕێتەوە ســەر وێنەی مرۆیی خوداوەند. خودایەکی مرۆیی بەرجەســتەکراو لە ناو سـیکیولاریزەکردنی موقەدەسـدا ئاوا دەبێت. ئەوەی خودایی و ئیلاهییە دەبێت بە مرۆیی.

بۆ ***هایدێگەر*** مەرگی خودا ناکاتە هەڵوەستە و هەڵوەستەکردنیکی ئەتەیســتیی نیتچە بەرانبەر خودا، و تێڕوانین و جیهـانبینی و گۆشەنیگایەکی تایبەتی نیتچە نییە. بۆ هایدێگەر کە مەرگی خودا وەك یەکێك لە پێنج وشــە ســەرەکییەکەی نیتچە دەبینێت، <u>مەرگی خودا</u>: ئاماژەیە بۆ قەدەرێکی میتافیزیکی کە مێژووی ڕۆژئاوا بە درێژایی بیسـت سـەدە دیاریدەکات. مەرگی خودا لە **زانسـتی شاد**دا بە باشتر لە زەردەشت بیناکراوە". هایدێگەر.

نیتچە لە ســاڵی ١٨٨٦ پەرەگرافی پێنجەمی بۆ **زانســتی شــاد** زیادکردووە، بە شێوەیەك کە مەرگی خودا گەورەترین و گرنگترین ڕوودواوە. لەم فراگمێنتەدا هـایدێگەر و پاشــان ***ژیل دۆلوز***یش جەخـت لەوە دەکەنەوە کە <u>مەرگی خودا</u>، ســەروکاری لەگەڵ

خودای **جودایزم** و **کریستیانیزم**دا هەیە، بەڵام هایدێگەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەستەواژەی خودا، خودای مەسیحی ئاماژەیە بۆ دونیای ماقوڵ، مەرگی خوداش لەم کۆنتێکستەدا بە مانای جیهانی ماقوڵ (مەعقوڵ) دێت. ژیل دۆلوزیش لە شیکارکردنی "مەرگی خودا لە زانستی شاد"دا و لە گوتاری **دێوانە**دا دێنێتە بەر باس و خواس، سەرباری زانستی شاد، گوزەرکردنی بە ناو موسافیر و سێبەرەکەی، وە ئاماژەش بەوە دەکات کە مەرگی خودا بەس نییە بۆ ڕێوشوێنگرتنەبەر لە گۆڕانکاری لە بەهادا. ژیل دۆلوز ماناکانی مەرگی خودا بەمشێوەیە لێکدەداتەوە: **یەکەم** دەستەواژەکە ئاماژەیە بۆ کوشتنی خوداوەندی جولەکە لە کوشتنی کوڕەکەیدا بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، واتا هۆشمەندی و وشیاریی جودایزم ئەو خودایە دەکوژێت کە لە کەس و کەسێتیی مناڵەکەدا بەرجەستە بووە و نوێنراوە. **دووەم**: خودا دەکوژرێت تا مناڵەکەی جێگای بگرێتەوە و ببێت بە خودا. مانای **سێیەم**: وێناکردنی قەشە پۆڵسە کە باوك کوڕەکەی ناکوژێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت، بەڵکوو بۆ ئێمە و لەپێناو ئێمەدایە، واتە لەبەر خۆشەویستی ئێمە لە خاچی دەدات، و کاتێك ئێمە هەست بە گوناە و تاوان دەکەین، وەڵامدانەوە و بە دەنگهاتنەوەمانە بەرانبەر ئەم قوربانییە، لە دواییشدا ئەوە کوڕ نییە کە باوکی دەکوژێت، و باوکیش نییە مناڵەکەی دەکوژێت، بەڵکوو باوك دەمرێت لە کوڕەکەدا، و کوڕەکە لەناو باوکیدا و لەپێناو ئێمەدا دەژی. گرنگە

باس لەوە بکەین لە کتێبی **نیتچە و فەلسـەفە**ی ژیل دۆلوزدا قەشە پۆڵس یەکێکە لە بکوژەکانی خودا.

با بچینەوە سـەر هایدێگەر و شـیکردنەوەکانی بۆ گوتاری ئەو گێلەی کە بە چرایەکەوە و لەناو خەڵکانێکی زۆردا بە دوای خودادا دەگەڕێت، کەسـانێك کە بڕوایان بە خودا نییە و لەناو پێکەنین و قـاقـایەکی زۆردا هەر کەسـە و بە گاڵتەپێکردنەوە وەڵامێکی هەیە: کەسێك دەڵێت ونمان کرد، کەسێکی تر دەڵێت وەك منداڵێك گووم بوو؟ کەسێکی تر دەڵێت لە شـوێنێکدا خۆی حەشـارداوە، کەسێکی تر دەڵێت ئایا لێمان دەترسێت؟ گێلەکە بە خێرایی دەچێتە ناوەڕاستیان و هاوار دەکات: خودا لە کوێیە؟ پێتان دەڵێم کوشتمان، ئێوە و من، ئێمە هەمووومان، بەڵام چۆن ئەم کـارەمـان کرد؟ چۆن توانیمـان دەریـایەك بەتـاڵ بکەین... بەمشێوەیە گێلەکە بەردەوام دەبێت.

***هایدێگەر*** لێرەدا دەپرسێت بە چی مانایەك ئەو مرۆڤەی مەرگی خودای ڕاگەیـانـد گێـل بوو؟ گێـل بوون چییە؟ ئـایـا مـانـای گێلبوون، واتە وتـارەکەی مـانـایەکی نییە و یـان لە دەرەوەی مانایە؟ چۆنچۆنی وتارەکەی بە گرنگییەوە وەرگرین؟ هایدێگەر ئەوە ڕوونـدەکاتەوە کە مەبەسـتی نیتچە لە کەسـێکی گێـل مرۆڤێکی جیـاوزە، یـاخود جیـاواز بووە و جیـایە لەوەی لە ڕابردوودا لەسـەری بووە. واتە مرۆڤێك کە چیتر گرنگی و ئەرزش بۆ ماهییەت و ئایدیاکان دانانێت. دونیای ئایدیالەکان دونیایەکی نـاواقیعییە، بەمشـێوەیە گێلەکە مەرگی خودا ڕادەگەیەنێـت.

بەڵام وتارەکەی کە مەرگی خودا ڕادەگەیەنێت نابێت بە سانایی و سەتحی وەریبگرین، واتە نابێت بەو شێوەیە وەری بگرین کە وازهێنان و دەسبەرداربوونێتی لە بڕوابوون بە خودا. بەمشێوەیە ئەو وایدەبینێت کە ئەو مولحید و ئەتەیستانەی کە بە قاقا و پێکەنینی زۆرەوە باس و خواسیان لەسەر نەمانی خوداوەند دەکرد، هێشتاکە نیهیلیزم لەمسی نەکردوون، هێشتاکە عەدەمیەت بەریان نەکەوتووە، و لەوە نەگەیشتوون کە نیهیلیزم قەدەرێکی تایبەتی مێژووی مرۆڤی ڕۆژئاواییە. لای هایدێگەر ئایدیای مەرگی خودا بۆ نیتچە، یان ئیمکان و شیمانەی مەرگی خودا لای نیتچەی گەنج بوونی هەبووە.

چۆن دەکرێت خودا بمرێت؟ بۆ ئەم پرسیارە هایدێگەر دوو وەڵامی پێیە لەناو وتارەکەی گێلەکەدا؛ **یەکەم:** "ئێمە خودامان کوشت"، ئەمەش بە بێئەوەی نیتچە سروشتی "ئێمە" دیاری بکات. **دووەم:** "خودایان کوشت"، نە بێئەوەی بزانین ئەوانەی خودایان کوشت کێ بوون؟ کێ بوون خودایان کوشت؟ ڕەنگە ئەم ڕاناوە نادیارە تەواویی مرۆڤایەتی لە خۆ بگرێت، و "ئێمە" ئاماژە بێت بۆ خودی گروپەکە. هایدێگەر باس لە گرنگی ئەو سێ وێنە مەجازییانە دەکات کە لە سەر زمانی گێلەکە لە بەرانبەر خوداوەندا بەکارهاتوون (دەریا، ئاسۆ، خۆر)، ئەمەش گوزارشت و دەربڕینی مەترسیی و ترسناکیی هەستکردنە بە مەرگی خودا. لێرەدا مەرگی خوداوەند و ڕاگەیاندنی مەرگی خودا، مژدەبەخش نییە، مایەی خۆشحاڵیی و شادمانی نییە، بەڵکوو

ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی درامیی و تراژیدییە. شتێك لێرەدا کە مایەی لەسەر وەستانە بۆ من؛ مەرگی خودا لە زەردەشتی نیتچەدا هاتووە لە سەروبەندی دابەزینی لە ئەشکەوتەکە و، چاوتەقینی بە قشە و خوداناسەکەدا، بەڵام ***زەردەشت*** بە هاوارکردن و بە هەڵشاخاندا لە بەرانبەر خوداپەرستەکەدا کە بە دوای خوداوەندا دەگەڕێت، بە ڕاشکاویی و لە ڕوویی پێی ناڵێت خودا مرد؟ بەڵکوو لە پاش ڕۆیشتن و تێپەڕین لێی، لە بەردەم خۆیەوە دەڵێت نازانێت کە خودا مرد. هەرچی وتەکانی گێلەکەیە لەناو هاوارکردن و تۆمەتبارکردنی بێباوەڕ و مولحیدەکاندا هاوار دەکات کە ئێمە خودامان کوشت، بەڵام بە خوداناسەکە ناڵێت تۆ، یان ئێوە خوداتان کوشت، و هیچ وتار و ئامۆژگاری و وانەیەکی نییە بۆ خوداناسەکە.

بۆ ***هایدێگەر*** مەرگی خوداوەند نیشانە و هێمایەکی گەورە و گرانە بۆ ڕوودانی نیهیلیزم مانایەك لە ماناکانی؛ کاتێك کە هۆکار و عیللەت و ئامانج لە بوونی خودایەك نەفی دەکرێت، واتە کاتێك هۆگریی و پەیوەستبوونمان بە جیهانی ئایدیاکان و ماهییەتەوە هەڵدەپسێرین، مرۆڤ ماندوو و شەکەت دەبێت لەوەی نازانێت چ ئاراستەیەك بگرێتە بەر و ڕوو لە کوێ بکات، لێرەدا ڕووبەڕوو وەستاوە لە بەرانبەر نیهیلیزمێکی زیادەڕۆ. مەرگی خودا بۆ نیتچە بە مانای ئاوابوونی هەژموون و هەیمەنەی وێنای پلاتۆیی دێت بۆ ژیان، هاوڕێ لەگەڵ ئاوابوونی هەیمەنە و هەژمونی ڕێوڕەسمەکانی کریستیانیزم لە سەر بیری مرۆیی. بۆ هایدێگەر

ئەم دەســـتەواژەیە لەناو کۆنتێکســـتی هاتنی نیهیلیزمدایە، ئەو نیهیلیزمەی پێشـــکەوتنی مێژووی ڕۆژئاوا و دەســـبەرداربوون لە جیهانی ماکییەت و چییەتییەکان گەیشـــت. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە میتافیزیکیاوە هەیە بەو مانایەی میتافیزیکیا لەم مەقامەدا بونیادێکی بنچینەیی بوونە لە گشـتبوون و گشـتێتییدا، نەوەك وەکو تیۆرێکی فەلسەفی و ئیدیۆلۆژیایەکی تایبەت. لێرەدا میتافیزیکیا ئەو تۆبۆسـە مێژووییەیە کە دەبێتە قەدەرێك و خودا و ماهییەت و مۆراڵ شـــوێنە ترانســـێندێنتاڵی و موتەعالییەکانی خۆیان ون دەکەن و نیهیلیزم ســـەراپاگیر دەبێت و لە هەموو جـێـگەیەکەوە دێـت. بـۆ هـایـدیـگەر ڕەنـگە مەرگی خـودا گوزارشـــتکردنێکی تیۆلۆژیی بێـت لەبـارەی بێنرخبوونی بەهـا باڵاکان، و مەرگی خودا و قلْپکردنەوەی بەها ئەو دوو وشە گرنگە بن کە نیهیلیزمی لەســەر وەســتاوە و خۆی ڕاگرتووە. ***ژیل دۆلوز*** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێك نیهیلیزم فراوان و بەربڵاو دەبێت و دەبێتە ســەراپاگیر و گشــتگیر، ئەوکاتە ئیرادە و ویســتی هێز لەوە دەکەوێت بتوانێت کاری خولقانـدن و ئیرادەی هەیمەنەکردن بێـت. ***ژیـل دۆلوز*** بەرمەبنـای وەســـتـان و پـێـداگیریی لە شـــیکردنەوەکەی هایدێگەر، و بڕێکی زۆر لە هەندێك جێگەدا هـاوڕای شـــیکردنەوەکانی هـایدێگەرە، لێرەدا وای نـابینێت کە مەرگی خودا دەگۆڕێت بۆ جێگرتنەوەی لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵام ئەوەش نـاشـــارێتەوە لەنـاو ئـامـادەیی یـان نـائـامـادەیی خودادا جیاوازییەك نییە؛ چونکە لە حاڵەتی خۆیدا ڕەشـبینیی داڕووخان و کەوتـن و نەفـیـکـردنی ژیـان بەردەوامە. واتە تـێڕوانـین و

گۆشـەنیگای نیهیلیسـتی بەردەوام دەبێت. ئەوەی هایدێگەر لە نیهیلیزمی نیتچەدا دەیبینێت، هەمان بینین نییە بۆ ژیل دۆلوز. دۆلوز وای نـابینێت کە نیهیلیزم بگەڕێنێتەوە ســەر سێ وێنە؛ واتە نیهیلیزم دۆخێکی پسیکۆلۆژی یان کۆسمۆلۆژی بێت، وەك چۆن ژیل دولوز بە شــێوەی تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی و ڕەوتی ئیدیۆلۆژی یاخود بونیادێکی میتافیزیکی نایبینێت.

ژیـل دۆلوز لەگەڵ هـایـدێگەردا گفتوگۆی ئەوە دەکـات کە نـیـهـیـلـیزم پـرەنســـیـپـێکی تـایـبەت و دیـاریـکـراوی هەمـوو میتـافیزیکیـایەك بێـت، بەڵام هـاوڕا نییە لەوێـدا کە نیهیلیزم قەدەری میتـافیزیکیـای تەواوی ڕۆژئـاوا بێـت. بۆ ژیـل دولوز نیهیلیزمی نیتچە پرۆژەی نەفیکردنی ژیـانە، بوغز و کینە و بەدوشـــیارییە، ئایدیالێکی زوهدییە... نیهیلیزم و فۆرمەکانی لە بەرنبەر کۆمەڵێـك دیـارخەر و دیـاریکردنی پســـیکۆلۆژی، و کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی، شـــەپۆلی ئیدیۆلۆژی، تەنانەت کۆمەڵێك بونیادی میتافیزیکی نییە.

وشـــیاریی لە بەرانبەر مەرگی خوداوەنـدا ڕامانـدەکێشـــێت بۆ بیرکردنەوە لە زەرورەت و پێویســـتی و نـاچـاری قڵپکردنەوە و هەڵگەڕانەوەی ڕیشـــەیی و ڕادیکـاڵیی بەهـا کۆنەکـان. چیتر بڕوابـوون بە خـودا بـوونی نییە، بەڵـکوو بە مەرگی خـودا. بۆ هایدگەر وا دەکەوێتەوە کە دەبێت لەم **'مەرگ'**ە وا تێبگەین کە گواســـتنەوەی حـاکمییەتە لە خوداوە بۆ مرۆڤ، حکومکردن حکومڕانی شـــتەکان دەکەوێتە دەســـتی مرۆڤ، گواســـتنەوەی

تێڕامـان لە ئـاســـمـانەوە بۆ زەوی. واتە نیتچە مرۆڤ دەخـاتە شـــوێنی خـوداوەنـد. مـاهییەتی مرۆڤ نـاتوانێـت جێگرەوەی خوداوەند بێت، بەمشـــێوەیە شـــوێنی خودا چۆڵ دەبێت لەبەر تەماهی نەبوونی هەر دوو ماهییەتەکە، پێگە و مەقامێکی دیکە دەردەکەوێت کە نە هاوشـــێوەیە لەگەڵ ماهییەتی خودا و نە لەگەڵ مـاهییەتی مرۆڤ. لێرەدا، لەنـاو مەرگی خـودا و بەهـا باڵاکاندا ئێمە لەناو چی جۆرە بەهایەکداین؟ ئێمە ســەروکارمان لەگەڵ چ جۆرە مرۆڤێکدایە، لە غیاب و نائامادەیی خودادا ئێمە خاوەنی چی بەهایەکین؟ لەم چرکەســـاتەدا ئێمە لەناو مۆراڵ و جیهـانبینی کۆیلەداین، لەنـاو نەفیکردنی ژیـانـداین، لەنـاو پەیوەنـدییە دیـالێکتیکییەکـانی کۆیلایەتیـداین کە بەرمەبنـای نەفیکردنی ژیـان بینـا دەکرێـت. لێرەوە نیتچە بۆ ڕزگاربوون لەم مرۆڤە و، لەم مۆراڵ و بەهـا پـاســـیڤ و ئیرتیکـاســـیی و پەرچەکردارییانە موژدەی ***مرۆڤی باڵا*** دەدات، مرۆڤی باڵا دێت بێئەوەی شـــوێن و مەقامی خوداوەند بگرێتەوە. ئەو مەقامەی مرۆڤی بـاڵای تێـدایە دەکەوێتە شـــوێنێکی دیکەی بوونەوە، بیناکراوە لەسەر بونیادێکی تر لە بونیادەکانی بوون. بۆ هایدێگەر ڕووداوی مەرگی خودا ونبوونی خۆبەخۆیی بوونی لێدەکەوێتەوە، یاخود بوون دەبێت بە بوونێکی تر، تەنانەت مرۆڤیش دەبێت بە مرۆڤێکی تر لە پاش مەرگی خودا، بوون تەنیا دەبێت بە بەها.

بەم واتـایە بیرکردنەوە لە بەهـا و لە ڕێگەی بەهـاوە ســـەر دەکێشـــێت بۆ لەبیرکردنی بوون و بەرپرســـیاری یەکەمە لە

بیرکردن و لە یـادکردنی بوون؛ چونکە ڕێگرە لەوەی بوون وەك خۆی دەرکەوێت و مانیفێسـت ببێت. هایدێگەر ئەم شـێوازە لە بیرکردنەوە ناو دەنێت بکوژی بوون. **هایدیگەر** دەپرسێت بۆچی تەئویلکردنی بوون وەك بەهـا، وەك ئەوەی کە بەهـایە نـابێتە هۆی دەرکەوتنی بوون وەك ئەوەی کە دەبێت مـانیفێســـت ببێـت؟ هـایـدێگەر جەخـت لەوە دەکـاتەوە ئێمە نـاتوانین بیرکردنەوەیەك دەســتبخەین و بیدۆزینەوە کە بیر لە حەقیقەتی خودی بوون بکاتەوە، هەموو میتافیزیکایەك وا بیر لە حەقیقەت دەکاتەوە کە هـاوواتـا و هـاومـانـای بوون بێـت. کەواتە لێرەوە مێژووی لە بیرکردنی بوون دەســـتپێدەکات: لە بیرکردنی بوون بۆ هـایـدێگەر میتـافیزیکیـای ســـەردەمێکە، چرکەســـاتێکە لە چرکەســـاتەکـانی مێژووی بوون، بەڵام لە مـاهییەتی خۆیـدا نیهیلیســـتە، ئیدی چۆن میتافیزیکیا گرنگی بە بوون دەدات لە کـاتێکـدا مـاهییەتی خۆی نیهیلیزم بێـت، واتە چیتر مەوجود، هەبوون، بوون نییە.

مەرگی خودا بۆ نیتچە بە مانای تێپەڕاندنی **مرۆڤی ئێســـتا** دێت، **مرۆڤی کریســـتیانی** بەرەو مرۆڤی باڵا، بەڵام وەك باســـمان کرد مرۆڤی بـاڵا نە شـــوێنی خودا دەگرێتەوە نە شـــوێنی مرۆڤ، مەقامێکی باڵاتر لە بووندا. مرۆڤێکی ئێســـتا، مرۆڤی کریســـتیانی دەبێتە پردێك بۆ گواســـتنەوە و تێپەڕانـدن بەرەو **مرۆڤی بـاڵا**. مەرگی خوداوەندیش ڕێخۆشـکەرە بۆ ســـەرکەوتن بەرەو مرۆڤی باڵا، چوونکە پێش **مەرگی خوداوەند** مرۆڤ نەیدەتوانی ڕێگای

خۆی هەڵبژێرێـت و نەیـدەتوانی خـالیق و دروســـتکەری چارەنووسی خۆی بێت. مرۆڤ قۆناغێکە دەبێت تێپەڕێنرێت، چوونکە ناتوانێت لە ژیانێکدا بژی کە نیهیلیزم سـەراپای تەنیوە. نیهیلیزمێکی بەرهەمهـاتوو لە پـاش مەرگی خودا. لە بیرمـان نەچێت لای نیتچە مرۆڤ خولقـاوە بۆ تێپەڕانـدنی، بۆ ئەوەی دوامرۆڤ، کۆتایی مرۆڤ ڕابگەیەنێت و بە ســـەر پردی مرۆڤدا ســەر بکەوێت، بەڵام بۆ ئەوەی لە پاش مەرگی خودا بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات، دەبێت گۆڕانکارییەکی ڕیشــەیی لە مرۆڤدا بێتە ئاراوە. ئێمە وای دەبینین لە پاش مەرگی خوداوەند، تەواوی تەفســیرە مرۆییەکـان، دۆگمە ئیـدیۆلۆژییەکـان لە وێنەی کۆمۆنیزم، ســۆســیالیزم، لیبراڵیزم، فۆنـدەمۆنتـاڵی ئـاینیی و مەزهەبی، دیموکراسی... تەواوی ئەم دونیـابینی و تەفســیر و ڕاڤانە بۆ مرۆڤ لەناو ماهییەتێکی نیهیلیستیدان. ئەم تەفسیرانە لە مۆراڵی مرۆڤی کەوتووی ئێسـتا تێنەپەڕیون، ئەمانە هێشـتاکە بەرهەمهێنـانەوە و درێژەدانن بە نیهیلیزم. ئـایدیال تـایپی مرۆڤی مەزهەبی، مرۆڤی پرۆلیتاریا، مرۆڤی دیموکراسی... هەر مانەوەیە لەناو مرۆڤێکی کەوتووی پاســیڤ و پەرچەکرداری پاش مەرگی خـودا. ئەمـانەش ئەگەرچی نـاوی جـیـاوازیـان هەیە، بەڵام درێژبوونەوە و ئیدامەی مرۆڤی کریستیانیزمن. مرۆڤێکی تێپەڕێنراو و باڵا و ئیسپاتی و بەڵێکار نین بۆ ژیان.

****

ڕووداوی نیهیلیزم قەیرانێکی قوڵ و فۆندەمۆنتاڵی ئەکسیۆلۆژی تۆمار دەکات. خودا لەناو دڵی هەمواندا دەرچوو، ئیلاهیات شانۆی مرۆڤایەتی و ڕۆڵ بینینی خۆی بەجێدێڵیت. وەك وتمان نیهیلیزمێکی ناکامڵ و ناتەواو دروســـت دەبێت، نیهیلیزمێکی پاســیڤ وەك ئەوەی دواتر دەچینەوە ســەری. لە بەرانبەر ئەو قەیرانە نیهیلیســـتییەدا ئێمە چی بکەین؟ ئەو قەیرانە نیهیلیســـتییەی کە ئێمەی تێدا دەژین، و هێشـــتاکە پاســیڤانە دەســـتمانگرتووە بە کۆمەڵێك ئایدیاوە کە ســـەر بە دەرکەوتنی درۆزنانەی خولقێنەرەکانی نیهیلیزمن: "**پلاتۆنیزم-کریســـتیانیزم**". لێرەدا ئێمە هەڵنایەین، ڕاناکەین، بەڵکوو لە بەرانبەر ئەم نیهیلیزمەدا، ئێمە لەناو هەلومەرجێکی گرنگ و پڕ ئەرزشین بۆ پێرسپێکتیڤ و گۆشەنیگایەکی ڕاستەقینە. لێرەدا کە هەموو شتێك بۆش و بەتاڵە، هەلومەرجێکی لەبار و ڕاستەقینە و پێویستیشە بۆ دیدگا و گۆشەنیگا و جیهانبینییەکی ڕاستەقینە. لێرەوە کاری ئێمە دەبێت بە ڕادیکاڵیزەکردنی نیهیلیزم. تەواوکردن و کامڵکردنی نیهیلیزم و جێهێشـــتنی نیهیلیزمی ناتەواو. لێرەدا ڕەشبینییەك بوونی نییە، چونکە ڕەشبینی بە کێشەکردنی ژیانە، بەڵکوو هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوی بەهاکان ئامادەیە بەو واتایەی کە بەهاکان دەکاتە کێشـــە. لێرەدا ئێمە داناخرێن، بەڵکوو لەناو کرانەوەیەکی ڕاست و دروستداین لە بەرانبەر ئیمکانی دیکەی ژیان. ئیمکانگەلێك کە دەبێت باوەشی بۆ بکەینەوە و ئەزموونی بکەین، وەریبگرین. ڕادیکالێزەکردنی نیهیلیزم ناچارمان دەکات کارێکتەرە بەربەســـتییەکانی پێرســـپێکتیڤ و جیهانبینییەکی

ئەکتیڤ بناسـینەوە. لە ڕاسـتیدا، لێرەدا ئەگەر هەموو شـتێك بۆش و بەتـاڵە، ئێمە نـاتوانین جگە لە خودی ئەو قەیران و تەنگەژەیەی کە نیهیلیزم خولقاندوویەتی هیچی دیکە وەرگرین. ئێمە دەبێت باوەش بۆ نیهیلیزمێکی پڕ لە پارادۆکس و دژ بەیەك بکەینەوە. باوەش بۆ کەیاس و بێسـەرەوبەریی و شـێواوی بوون بکەینەوە، لە پاش نەمانی بەها باڵاکان و ئیسـپاتی ژیان، جگە لە کەیاسـێك هیچی دیکە بوونی نییە. لێرەدا وەك ***ژۆرژ باتای*** دەڵێـت: "نـا- مـانـا بەرهەم و لێکەوتەی هەموو مـانـایەکی مومکینە".

لێرەوە نیهیلیزم لەناو کەیاس و فەوزادا ناچارمان دەکات ئیمکانی نوێ تاقیبکەینەوە. وەك دۆلوز دەڵێت: زەربە و پیاکیشـانیك، لێدانێك لەم کەیاسـە بدەین لەپێناو مانا و بووندا. ئەوەی هەیە کەیاسـە، نیهیلیزم و کەیاسێکی تێکئاڵاو و بە یەکداچوو؛ هەموو شـتێك بێمانایە، بەڵام ئێمە لە بەرانبەر نا- مانادا وەسـتاوین و خۆمان ناکوژین. ڕاسـتە لەناو ئەم نیهیلیزمەدا ئێمە لەناو دڵی تاریکایی و لەناو ترس و بیم و تۆقین و دونیایەکی وەحشەتناکداین، لە تاریکاییەکی ڕەهادایین، چارەسـەری بەردەوام و هەمیشـە ڕادیکاڵیزەکردنی نیهیلیزمە. لە پشـتەوەی ئەو بۆشـایی و بەتاڵییە کە لەمرۆدا سـەراپای ئێمە و بوونی گرتۆتەوە ئیمکانی ژیانێك دەبینرێت: ئەمەش هەلومەرجی پێرسـپێکتیڤیزمە. لە پاش مەرگی خوداوەند و جێگیربوونی نا- مانا ئێمە ڕووبەڕووی دوو شێواز لە شـوێنکەوتنی نیهیلیزم دەبینەوە، یان دەبێت لەناو پرەنسـیپە

نێگتیڤەکەیدا بین، ئەمەش پووچیی و بێهودەیی ژیان و پاساوهێنانەوەیە بۆ نا-مانا. یان دەکەوینە ناو پرەنسیپە دینامیکییەکەیەوە، ئەمەش دروستکردنەوە و پێکهێنانەوە و ڕاستکردنەوەی مرۆڤە و، کرانەوە و واڵابوونێتی لە بەرانبەر جیهاندا. لەناو ئاراستە و شێوازی پرەنسیپی نێگەتیڤییانەدا، ئێمە فەزایەك دەخولقێنین کە نا-ئامادەیی و غیاب بە دیار دەخات. هەرچی پرەنسیپی دینامیکییە، واتە ئامادەگیی و لێرەبوون. بە پیودانگی ئیرادە و ویستی هێز، نیهیلیزم دەمانخاتە ناو ئاڵۆزیی و تەموومژاویی مانا مومکینەکانەوە، واتە تەفسیرکردن، ڕاڤەکردن، تەفسیر و ڕاڤەکردنێکی چالاك و ئەفێرماتیف و ئیسپاتی بۆ ژیان و لە ژیاندا، لێرەوە نیتچە ئەو ڕێگایانەمان بۆ دەستنیشان دەکات کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین شوێن ئیرادە و ویستی هێز بکەوین. مانای نیهیلیزم لێرەدا وەك ئەوەی ***ژان گرانییە*** باسی دەکات: پشتئەستور و پشتبەستووە بە ئاسانکردنییەوە لە بەرانبەر پەیوەندیدا بە بوونەوە وەك ژیانێکی نزمبووەوە و داکەوتوو لەگەڵ ئیرادەی عەدەم. ئەم نیگەرانیی و دڕدۆنگییەی کە قەیرانەکەی دروستکردووە، بەرهەمی هێناوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سایەی فۆرمی بڕیارداندا ئامادە دەبێت، لە سایەی هەڵبژاردنێکدا ئامادە دەبێت. ئێمە وتمان نیهیلیزم هاوڕێ و هاوشان و هاوتەریبە بە ئاوابوونی هەموو سیما خوداوەندیی و ئیلاهیاتییەکان، ئاوابوونی موتەعالی و ترانسێندانتاڵی ئیلاهیی، بەرانبەر نامۆبوون و لە خۆ بێگانەبوونێکی میتافیزیکی مرۆڤ و دۆشداماں بە دیار قەدەرو

چارەنووسییەوە. لەودیو نوستالژیا و کەڵکەڵە و مەیلی گەڕانەوە، لەســەر ڕەشــبینییەکی ژیانکوژەوە لە بەرانبەر بووندا، لە ڕێگەی داهێنــان و خولقانــدنەوە لە نــاو نیهیلیزمەکەمانــدا، ئێمە ســـەردەکەوین، تێیدەپەڕێنین. لە ڕێگەی ئیرادە و ویســـتەوە بە ســەر مێژووی مرۆڤایەتییدا ســەردەکەین، ئومێد و هێزاکان لە ڕابردوومان‌دا نین، دابڕانێك دێتە کایەوە.

ئێمە لێرەدا و لەناو نیهیلیزمدا لە کوێداین؟ ئێمە لەناو ڕاگوزەر و ڕێڕەوێکی پڕ لە تارمایی و تەمومژاویی و لێڵداین لە نێوان ئیرادە و ویســتی قوربانیدان و تیاچوون و پاســـیڤبوون کە خۆی وێران دەکات، و لەنــاو داهێنــان و ســـەرلەنوێ خولقانــدنەوەداین. هەرچی یەکەمیانە ئەوە مرۆڤە لە ڕێگەی قســـەکانییەوە خۆی بەیــان دەکــات، مرۆڤێکی بۆش و بەتــاڵ، یــاخــود مرۆڤێکی دەســـتگرتوو بە کۆمەڵێــك ئــایــدیــاوە کە هەر نیهیلیزمەکەیە. هەرچی لەناو بوونی دووەمە، ئەوە ژیانە لە ڕێگەی مرۆڤەوە قسە دەکات، قســەی مرۆڤ ژیانە کە خۆی بەیان دەکات، لە ڕێگەی گوزارشـــت و دەربڕینەکانی ژیانەوە لە قســـەی مرۆڤدا، مرۆڤ دەبێتەوە پاڵەوانی بوونی خۆی و. بکەر و خولقێنەری قەدەری خۆی. هەر لێرەوەیە ئێمە لە ڕەخنەی نیتچە لە هیومــانیزم تێدەگەین کە هێشتاکە مانیفێستکردنی دوامرۆڤە. ئێمە لە پاش مەرگی خــوداوەنــد دەکەویــنە بەردەم پــرســـیــارێکی گــرنــگ، ڕووبەڕووی کێشــەیەکی ڕاســتەقینەی ئەنترۆپۆلۆژی دەبینەوە: <u>مرۆڤ پرســـیارەکەیە</u>. لە بیرمان نەچێت ڕاگەیاندن و جاڕدانی

مەرگی خودا لای نیتچە هیچ سـەروکارێکی بە تیۆلۆژیاوە نییە، سـەروکاری لەگەڵ بوون یان نەبوونی خوداوەنـدێکەوە نییە، بەڵکوو لە پەیوەنـدگیریی بە مرۆڤەوەیـە، بۆیە هێشـتـاکە پرسـیارەکە هەر مرۆڤە. بۆ نیتچە، پرسـیارەکە ئەوەیە کە: ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە تەواوی شـتێکی تر بێت، ئەم مرۆڤبوونەی تێپەڕێنێت؟ دەتوانێت لە خۆی شـتێکی دیکە بێنێتە بەرهەم بهێنێت؟ شـتێکی دیکە ببەخشـێت؟ مرۆڤ دەتوانێت زیاتر لە مرۆڤ بێت؟ ئێمە سـەروکارمان لەگەڵ مرۆڤێکدایە کە چیتر ناتوانێن سـەرکێشیـ و ڕیسـکەکانی بەرمەبنای پشـتبەسـتن بە خوداوەندێك بینا بکات. ئێمە لەگەڵ مرۆڤێکدا نین کە لە نێوان دوو بژاردەی "خودا هەیە، یاخود خودا نییە" دۆشـدامابێت و ناچار بێت هەڵبژێرێت، چوونکە وەك ***میشێل فوکۆ***ش دەڵێت: نیتچە ئەو خاڵەی دۆزییەوە کە خودا و مرۆڤ پێکەوە گریدراون و پێکەوە دێن، یەك بە یەکترییەوە بەسـتراونەتەوە. واتە مەرگی خوداوەنـد دەبێتە سـینۆنیم و هـاوواتـای ونبوون و ئـاوابوونی یەکەم، و بەڵێن و موژدەی مرۆڤی باڵا پێش هەر شتێك دەلالەتە لە نزیکیی ڕووداوی مەرگی خوداوە. نیتچە بە شێوەیەکی ڕوون و جوان بـاس لە مەزنیی و گەورەیی ئەم ئەکتە دەکات، مەزنیی و گەورەیی ئەم ئەکتە زۆر گەورە و قورس و مەزنە بۆ ئێمە. نابێت ئێمە خۆمـان ببینەوە بە خودا، بەڵکوو مرۆڤ دەبێـت خۆی دروسـت بکاتەوە، سـەرلەنوێ خۆی بخولقێنێتەوە، مرۆڤ شـتێکە دەبێت تێپەڕێنرێت. وەك ***فوکۆ*** دەڵێت: ئێمە زۆر تاق و تەنیاین، کەسـمان لەگەڵ نییە جگە لە خۆمان، و ئێمە لەسـەر

پشـــتی پلنگێك نین، بەڵام مرۆڤی باڵاش لە ئێمەوە دوور نییە. بەڵام لە بیرمان نەچێت ئێمە هێشــتاکە لە ناو نیهیلیزمی ناتەواو و ناکامڵ و فۆرمەکانیداین.

ئێمە کۆمەڵێك تـاوانکارو تـاوانبارین. زینـدان و دیلین لەلایەن هێزی ڕاکێشــــانی نوســــتـالژیی ڕابردووەوە. پەلەقـاژەمـانە و هەرچـونێـك هەبووە دەبێـت بزانین چی دەکەین، ئیمکـانی تیاچوون لە بەردەممانـدایە وەك چۆن ئیمکانی ســـەرکەوتن و جێهێشـتنیش لە بەردەممانـدایە. هێشـتاکە لە هەوڵی ڕزگارکردنی مرۆڤ و کەڵکەڵە میتافیزییەکانیداین. لێرەوە حەقیقیەتی بوون، حەقیقەتی ئایدیال و گەشــبینی وامان لێدەکات بکەوینە داوی هیومانیزمەوە، حیکایەت و چیرۆکەکانی هیومانیزمەوە، بەڵام بە پاسیڤی. لێرەدا ئێمە لەناو نیهیلیزمێکی ناتەواو و ناکامڵداین، بەڵام نیهیلیزمی نـاتەواو تیۆلۆژییایەکی بێخودایە. هێشـــتـاکە ئێمە بە دەوری گۆڕی خوداوەنـدەوە هیوا و ئاوات بۆ داهاتووی مرۆڤ دەخوازین. لێرەدا و هێشتاکە بۆ نیتچە فەزیلەتە کریستیانییەکان لێرەن و لەناو بەردەوامییەکی مۆدێرندا ئامادە و لەســـەر پێن، لە مـۆراڵیزمـێکی تیـۆلـۆژییەوە گـوازراویـنەتەوە بـۆ مـۆراڵـیزمـێکی ئەنترۆپـۆلـۆژی. فیگیـورێکی مرۆڤـایەتیمـان وەرگرتـووە و لە ڕێگەیەوە بـاس لە ئـۆتـۆنـۆمیزەکـردنی مـۆراڵ دەکەیـن. ئێمە دانەرەکەمـان کـوشـــــتـووە، بەڵام دەقەکە هەر مـاوە، بە هەمانشـێوەش ماتریالەکانی ڕابردوو لێرەن و ئامادەن و، لەناو بتی نـوێـدا "ئـایـدیـای نـوێی مۆدێرنـدا" خـۆیـان نـوێکـردۆتەوە.

خـوداوەنـدگەلێکی مۆدێرن کە ئیمـانێنـتە بە مـرۆڤ. ئەم خوداوەنـدە مۆدێرنـانە، ئەم بتە نوێیـانە وەك لە پێشـــەوە بـاســمـانکردن ئیـدیـاکـانی ســۆیـالیزم، کۆمۆنیزم، لیبرالێزم، ئوتیلیتاریزم، فۆندەمۆنتاڵی مەزهەبی، مرۆڤی پرۆلیتاریی، مرۆڤی دیموکراســی... لێرەدا ئێمە لەنـاو نیهیلیزمێکی نـاتەواو کـامـڵ نەبووداین و پێویستە ڕیشەییتر و ڕادیکاڵیزەتری بکەین.

تـاوانبارگەلێکین جێگەی بەزەیین. زینـدان و بەنـدی هێزێکین کە ڕامانـدەکێشـــێتەوە نـاو نوســـتالژیایەک بۆ ڕابردوو لە ڕێگەی تەواوی ئەو ئامرازانەوە کە مومکین و بەردەســـتە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شـــتـانەی ڕۆژگـارێـک ڕەفزمـان کردبوون. دیســـانەوە دەگەڕێین بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، گەڕانێکی هەمیشـەیی و بەردەوام بـۆ ڕزگـاربـوون، بـۆ ڕزگـارکـردنی پـاشـــمـاوە و بەجـێـمـاوە میتافیزیکییەکانی مرۆڤ. گەڕان و دەســبردن بۆ شـــتگەلێک کە دەمـانخـاتە نـاو بوونێکی پـاســیڤ و، دەچینە نـاو دواهەمین دۆخێـک کە دوامرۆڤە. خۆدا مرد، بەڵام ئێمە هێشـــتـاکە بە چواردەوری کێلی گۆڕەکەیدا شـــیوەن دەگێڕین. هیومانیزمێکی پـاســـیڤ و نـاکـارا، بە چـواردەوری گـوڕی خـوداوە، لە نـاو ماتەمگێڕان، شـــیوەن و پرســـەیەکدا، هێشـــتاکە تارماییەکانی خودایەکی مردوو دەســـبەردارمـان نـابێت. خەم و نیگەرانیی و خەمۆکی و کۆســـکەوتن، ترس و بیمێک لە ئایندە و داهاتووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی. بەمشـێوەیە ئێمە لەناو نیهیلیزمێی ناکامڵدا، نیهیلیزمی نوقســـان و نـاتەواودا، "تیۆلۆژیـایەکی بێ خـودا"

دەخولقێنین. فۆرمگەلێکی زۆر و زەبەن لە ئیلاهیـاتی بێ خودا. فەزیلەتە بنەڕەتیی و بنچینەییەکانی کریســـتیانیزم لە ســـایە و ســـێبەری **بتی نوێ و مۆدێرن**دا بەردەوامیی بە خۆیان دەدەن؛ ئەقـڵ، ئەقڵانییەت، ڕۆشـــنگەری، ئـازادی، ســـۆســـیالیزم؟ لیبرالیزم؟ زانســـتخوازی، زانســـتگەرایی... ئەم خوا نوێیـانە دەکەونە پێشـــەوەی شـــانۆکە. مۆراڵیزمێکی بونیاد تیۆلۆژی، گەڕانەوەی ئەوەی ڕۆژگارێک خودایی بووە لە فۆرمی ژیانکوشـتن و نەفیکردنی ژیـانـدا، بـازدانێـک لە مۆراڵیزمێکی تیۆلۆژییەوە بۆ مۆراڵیزمێکی ئەنترۆپۆلۆژی. هیومـانیزمێکی بیمـار کە مرۆڤی تێـدا نییە، پەرەنسـیپ گەلێکی سـاختە، کۆیلەکان وەک بەهای باڵا و ســـەروەر خویان دەردەخەن. بۆش و بەتاڵییەک کە فشـــۆڵ و لاواز و بـیـمـارە. لـێرەوە، وەک بـاســـمـانـکـرد، لەنـاو ئەم ســـەرەولـێژبـوونەوە و خـزان و کەوتـنە خـوارەوەدا، ئـێـمە دەسـبەرداری ئەوە نابین دەسـبەرین بۆ هەموو شـتێک، بۆ هەر شـــتێـک کە وەهمێکمـان بـداتێ و لەم بیـابـانی بێ مـانـاییەدا نەخنکێین. دەبێت ســـەرابگەلێکی دوورە دەســـت هەبن تا هیچ نەبێت لە ڕێگەیانەوە بە سـەر ژیانەوە بین. لەناو ئەو سـەرابانەدا دەکرێت هیومانیزمی فیورباخی بە نموونە وەرگرین. لە بەرانبەر ئەو نـامۆبوونەدا، ***فیورباخ*** دەیەوێـت شـــتێـک دەر بخـات، شـــتێکمـان پیشـــان بـدات کە مرۆڤ نـابێـت جگە لە خۆی، مامۆستا و ڕێنیشاندەر و ڕابەرێکی دیکەی هەبێت. لێرەدا باشترین و ڕاســـتەقینەترین ئـایین تێپەڕانـدنی نـامۆبوونی ئـایەنییە و، ڕیالیزەکردن و بە واقیعکردنی جەوهەری مرۆییە. فۆرمیولی باو و

ویســـتراوی فیوربـاخ "<u>مرۆڤ خودای خۆیەتی</u>". بۆ ***فیوربـاخ*** مرۆڤ ناچارە وشـــیار و ئاگامەنـد بێت کە تەنیا ســـەردار و مامۆسـتایەکی مرۆڤ، خودی مرۆڤە، ڕەهایی ڕاسـتەقینە مرۆڤە کە پێویســـتە لە ســـەری حوکمە ئیلاهییەکان بە جێهێڵێت و دەســـبەرداریان ببێت. بەڵام ئەم کەڵکەڵە هیومانیســـتییە کە دەیەوێت منێک بهێنێتە وجود، لە تەواوی حاڵەتەکاندا ئەسیرو دیلی ڕابردووە لەناو ڕاکێشـــانی بۆ ئێســـتا، بەڵام ئەو مرۆڤەی لە ئێســـتا بە دواوە دێتە بوون، لە پاش جێهێشـــتن و مەرگی خودا، خۆی دەبێت بە خوداوەنـد، مرۆی ڕەهـای فیورباخی، مرۆڤێکی ئیرتیکـاسی و پەرچەکردارییە، مرۆڤی بوغز و کینەیە، بەرهەمی بوغزە، بەرهەمی بیماری و وشـــیارییەکی بیمارە. چونکە لەســـەر هەر مـاتریـاگەلێک خۆی بینـا بکات، لەســـەر هەر لەوحێک هیومانیتێیەک بونیاد بنێت، بەر مەبنای لاوازیی و فشـــۆڵیی و نـاکـارایی و نەتـوانـین بـینـا کـراوە. ئـێمە ئەم هـیـومـانـیزمە فیورباخییەمان لە ســـەدەی نۆزدە و بیســـتدا ئەزموون کرد کە بەرهەمەکەی چی بوو. بۆ ***نیتچە*** ئەم هیومـانیزمە بەڵێکردنی گوێدرێژە، هەڵگری ئەرکی گوێدرێژە. وەک ***دۆلوز*** نووســـیویەتی: "هیچ نەگۆڕاوە، چونکە ئەم ژیـانە هەمـان ژیـانی پـاســـیڤ و ئیرتیکاســـییە، ژیانێکی پەرچەکردارییە، هەمان ئەو کۆیلایەتییەیە کە لە ســـایە و ســـێبەری بەها خوداییەکاندا دەژی، و ئەم بەها ئێلاهییانەی کردووە بە بەهای مرۆیی."

لە ناو وشـیارییمان بە کوشـتنی خوداوەند، لە ناو دەسـگرتن و دەسـتبردنمان بۆ بتگەلێکی نویێ، بۆ خوداوەنگەلێک کە جگە لە دەسـتەپاچەیی و کلۆڵی خۆمان هیچی تر نییە، مرۆڤ زیاتر و زیاتر پێشـدەکەوێت لەسـەر ڕێگای نیهیلیزم، خێراتر لە سـەر ئەم ڕێگایە بۆ کوێ؟ بۆ ناو نیهیلیزمێکی ناکامڵ و ناتەواو. لە ڕاسـتیدا ئەم چرکەسـاتە بە هەمانشـێوەی پێشـوو، بەڵام لە فۆرمی جیاوازدا، لە بەرانبەر بتگەلێکدا وەستاوە. کۆیلەیەکە لە بەرانبەر سـەردار و سـەروەری تـردا لەسـەر ئەژنـۆیە. لە بەردەم خوداوەنـدگەلێکی مرۆییـدا بە هەموو شـێوەو فۆرمەکانییەوە. لێرەدا ئێمە لە بەرانبەر تەواوی ئەو شتانەداین کە مانیفێستکردی نیهیلیزمێکی نـاتەواو و نـاکامڵە. لێرەدا بیرمەنـد و موفەکیرگەلێکی ئـازاد دەردەکەون. ئەوەی لێرەدا زیـاتر لە هەر شـتێکی تـر مـانـدووکەرترە ئەم بتە و خودا نوێیـانەن کە لەنـاو دەمـامکی نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی خودادا دەردەکەون و وەک ناچاریی و زەرورەتێک لەناو ئایدیاگەلێکدا، لەناو یۆتۆپیا و ئایندەخوازیی و فریادڕەسـییدا دەردەکەون، بە فۆرمی جۆراوجۆر، لێرەدا کاری بیرمەندە ئازادەکان پەردەهەڵماڵین و دەمامک لابردنە لە سـەر ڕووی ئەم خودا درۆزانە، کەشـفکردنی ڕووی ڕاسـتەقینەی ئەم پەیامبەرە سـاختانەیە. لە بەرانبەر بتگەلێکی دەجالئاسـا، تەلیسـماویی وەسـتاوین؛ سروشـت، پێشـکەوتن و پێشـکەوتنخوازیی، کامڵگەرایی، داروینیزم، زانسـتگەرایی... لەناو بانگەشـەی سـەیرو سـەمەرەی فەزیلەت و وەدەسـتهێنانی بەختەوەرییدا، تەفسیر و ڕاڤەی کریستیانیزم دەگەڕێتەوە.

هێشـــتاکە و لێرەدا، ئێمە نەمـانزانیوە و بێئـاگاین لەوەی کە خواوەنـدی کریســـتیـانی و لۆگۆسی فەلســـەفی هێشـــتاکە دەســـبەردارمـان نەبووە و لێمـان نـابێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ماسکگەلێکەوە کە پۆشیومانە. کۆی ئەم ماسکانە یەک شێوەو یە فۆرم مرۆڤیان داپۆشیوە؛ دوامرۆڤ.

## نیهیلیزمی پاسیف و دوامرۆڤ

ئێمە ئەوەمـان بینی کە نیهیلیزمی نـاکامـڵ، دەبێتە دواهەمین کەڵکەڵە لەناو دیدگا و تەفســیرو گۆشــەنیگای پاراســتن و پـاریزگـاریکردن لە بەردەوامیی و ئیـدامەدان بـە میتـافیزیکیـای دوورخراوە، پرۆژە جۆراوجۆرە مرۆیی و هیومـانیســتییەکان لە نموونەی خودا میتافیزیکییەکان وەلاوە نراون و یاســاغن. ئەم نوقسـانیی و کەموکوڕییەی ڕادیکاڵییەت و ڕادیکاڵبوون ناتوانێت بۆ هەمیشــەیی بەردەوام بێت. لە ناو قوڵپدان و فیچقەکردنی ئیرادە و ویستی عەدەمدا، لە پاش ئەزموونکردنی تەوەوی دۆگمە

ئیدۆلۆژییەکاندا، تاقیکردنەوەی تەواوی ئە پارادایمانەی وەک فریادڕەس و بەختەوەرییهێنەر دەردەکەوتن، ئێمە سـەروکارمان لەگەڵ نیهیلیزمێکی پاسیڤدایە. نیهیلیزمی پاسیڤ ناـ حەقیقەت تەبەنی دەکات، نا حەقیقەت لە ڕەهاییدا، لە چاوەڕوانی دوا پنتی نیهیلیزم و نەفیدا. ئۆنتۆلۆژی و مۆراڵ، بوون و مانا و هۆی بوون دەکەونە ناو ئایدیای بۆش بەتاڵەوە: "سـوودی چییە؟ بە کەڵکی چی دێن؟ هیچ ئامانجێک نامێنێت:" وێنای ئەو ئایدیا وێرانکار و کاولکار و ماڵوێرانکەرە بکەن کە بوون وەک ئەوەی هەیە بێمـانـا و پووچە، هیچ دەلالەتێکی نییە، بوونێـک بە بێ ئـامـانج، بـوونێـک لە هـیچـدا... ئەمە فۆرمە پەڕگیرەکەی نیهیلیزمە، عەدەم، نا. مانای ئەبەدی.

لێرەوە، ئەوە نیهیلیزمە کە هەمیشـــە و بە بەردەوامی دەچێتە پێشـــەوە، گەشـــە دەکات، زیـاترو زیـاتر دێتە پێشـــەوە، بە شـوێنکەوتن و جێ پێهەڵگرتنی ڕێگەی کەوتن و داڕووخان تا دوا پنتی گەیشـــتن. لە سـەرەتاوە بۆ کۆتایی، کەوتن و داڕووخـان دەگـاتە دوا پـنـتی ئـیـدیـۆلـۆژی خـۆی. ئـیـتر ڕووخـان و ســەرەولێژبوونەوە و کەوتنەکە دەیەوێـت بگـاتە دوا خـاڵ، دەگەڕێت تا بگاتە دوا مەنزڵ، دواهەمین و کۆتا سنووری خۆی، دەڕوات تـا دەگاتە کەناری خودی خۆی، تا ئەو شـــوێنەی کە چیتر ژیـان مومکین نییە؛ خـاڵی بەرکەوتن و لێخشـــانی ڕەهـا؛ "<u>ویســـت و ئیرادەی عەدەم</u>" و "عەدەمییەتی ئیرادە"، گەڕانێ لەپێناو لە خۆ دابڕان و کەرتبوون لەگەڵ خۆیدا. هێزە پاســیڤ

"ڕەجعی" ئیرتیکاسی و پەرچەردارییەکان لەگەڵ ئیرادەی عەدەمدا دەگەن بە جۆرێک لە یەکتر ڕاکێشان. یەکترڕاکێشانێکی پەرچەکرداریی وەک کوالیتێی هێز، و یەکتر ڕاکێشانی نێگەسیۆن و وەک کوالیتێی ئیرادەی هێز.

کرانەوەیەکی گەورە کە نیهیلیزمی پاسیف دەنوێنێت، دەربڕە لە نیهیلیزمێکی پاسیف، دابەزاندن و بێزرخکردنی ژیانە. ئیرادەی عەدەم لە چرکەساتی نیهیلیزمی پاسیڤدا پێکدادن و بەریەککەوتنی هێزە ئیرتیکاسی و پەرچەکردارییەکانە، کە بە نەفیکردن و بێزرخکردنی ژیان تەواو دەبێت. دەبێت بزانین ئیرادەی عەدەمیش ویستی شتێکی هەیە، شتێکی دەوێت، بەڵام ئەم ویستنە عەدەمیەتی پەتیی بوونە. بەمشێوەیە لە نیهیلیزمی پاسیڤدا، ئەوە خودی ئیرادەیە کە دەکەوێتە ناو هۆکاربەندییەوە. لێرەدا ڕەشبینی ***شۆپنهاوەر*** ئەگەرچی هەڵگری ڕۆحییەتێکی نیهیلیستییە، بەڵام سەر بە نیهیلیزمی پاسیڤە. دەکەوینە ناو پاتۆسەوە، ناو شەفەقە و بەزەییەک وەک هەلومەرجێکی ترانسێندانتاڵی ژیانی مرۆییەوە لەناو تەواوی مانیفێستوون و دەرکەوتەکانیدا؛ ئیرادە و ویستی هێز لێرەدا، نە بوونێکە و، نە سەیرورەیەکیش، پاتۆسێکە.

تایبەتمەندی نیهیلیزم لێرەدا تیژکردنەوە و دەمەزەردکردنەوەی پاتۆس و سۆز و بەزەییە، بە لای بەرهەمهێنانی کەمترین ئاستی زیندوویدا دەکەوێتەوە، بەر کەمترین ئیمکان و شیمانەی زیندوبوون دەکەوێت؛ پرۆسێسیوسی مراندنی ئیرادەیە. لێرەوە

ســـەرچاوەی ژیان و بوون دەبێتە ئازار، مەینەتی، ژان... چونکە کەوتوینەتە ناو بەزەییەوە، ویست و ئیرادەی بەزەیی پێداهاتنەوە. بەڵام ئەوەی کە کێشـــەیە نەتوانین و نـاکارایی، نـاچـالاکبوونی ئامانج و بەهاکانە بۆ داهێنان و خولقاندن. سـیمپتۆمی بێهێزیی و کڵۆڵیی و دەســـتەپاچەیی و نەتوانینی ڕێکخســـتن و کۆکردنەوەی توانا و وزەکانە. بەمشـــێوەیە ســـاتی ســـەرهەڵدانی ڕیلاتیڤیزم، ڕێـژەخـوازییەکی یەکسـ‍ـــانیـخـواز و وەک یەکـبـووی خـراپە. ڕیلاتیڤیزمی مۆدێرن لەلایەن یەکســـانیخوازییەکی مێگەلییەوە تەبەنیکراوە. هەموو مانایەکی هیرارکیی ڕەتدەکاتەوە کە ســـەر بە داهێنانێکی ئەرێنیی و پێداگیریی ژیان بێت. فیگیورێکی نیتچەیی لە وێنەی **دوامرۆڤ**، ســـەراپاگیر و گەردونی دەبێت. دوامرۆڤ زەوی زۆر بە بچووکی دەبینێت، **دوامرۆڤ** سیمپتۆماتۆلۆژییەکی ئـاڵۆزە. لە هەمووی خراپتر، گەورەترین خراپە مـانـدوبوون و شـــەکەتییە لای دوامرۆڤ. هەمووشـــتەکـان لای بچووک دەبنەوە؛ عیشـــق، داهێنان، ئارەزوو، ئەســـتێرە، ئەمانە چین؟ دوامرۆڤ داوا دەکات. دوامرۆڤ درێژترین ماوە دەژی، زۆرترین زەمەن بە ســـەر دەبات. دوامرۆڤ چێژێکی بچووکی دەوێت بۆ یاریکردن، چێژێکی بچووکی دەوێت بۆ شـــەو. ژیان چیتر ڕیســـک نییە، بچووککردنەوەی شتەکان، بەش بەشکردنی شتەکان لەناو ژیانی ڕۆژانەدا. نەمان و نەبوونی ئەزموون، دووبارەکردنەوەیەی بێزارکەر و ماندووکەر، ژیان بەڕێکردن، تەنیا زیندوون، بە ســـەر ژیـانەوەبوون، ئـاشـــتیی پـاســـیڤ، بەختەوەری بچووک... لە ڕاســـتیدا دوامرۆڤ بارە بە ســـەر زەوییەوە. دوامرۆڤ نازانێت

یاری بکات، مانا و دەلالەتی قوڵی یاری ونکردووە. دوامرۆڤ چیتر مناڵ نییە، مناڵیی ونکردووە. ئەوەی ئێستا تێیدا دەژین و تیاماندا دەژی، مانیفێستوونی نیهیلیزمێکی پاسیڤە، سیمپتۆمەکانی دوامرۆڤە.

بۆ تێپەڕاندن و بەجێهێشتنی ئەم داڕووخان و کەوتن و سەرەولێژبوونەوەیە، پێویستمان بە نیهیلیزمی ئەکتیفە پێویستە نیهیلیزم لە سایەی فۆرمە ئەکتیڤ و چالاکەکەیدا دەرکەوێت.

## نیهیلیزمی ئەکتیڤ

لەناو کەیاس و بێسەروبەرەییەکدا کە چیتر ژیان لە ڕەهەند و ئاستە ئەرێنی و پێداگیرییەکەی کەوتووە، ژیان لەناو کەیاس و بێسەرەوەرییدا، لەناو فەزای زاڵی بیرکردنەوە و مۆراڵی دوامرۆڤێک کە تەنیا کاری بەسەربردنی ژیانە، ژیان بارێکە بە سەر شانییەوە و تەنیا دەیگوزەرێنێت، لەناو پلەی سفری

هەموو شـتێکدا، لەناو پێکدادان و بەرکەوتن و بە یەکداکێشـانی هێزە ئیرتیکـاسی و پەرچەکرداریيەکـان، زاڵبوون و هەیمەنەی هێزی ئیرتیکاسییدا، چی ئیمکان و ئەگەرێک بە ژیانێکی ئیسپاتی و ڕاقی بوونی هەیە؟ بۆ دەرچوون و تێپەڕانـدنی ئەم نیهیلیزمە پاسـیڤە، جگە لە ڕادیکاڵیزەکردنی نیهیلیزم چارەیەکی ترمان نییە. جگە لە تێپەڕاندن و بازدان بە ســەر دوامرۆڤدا چارەیەکی تر نییە. ڕاستە لێرەدا نیهیلیزم لە سایە و سێبەری فۆرمێکی ناتەواوی هێزدا خۆی دەنوێنێت، بە بێ ئامانج و بێ هەبوونی بەهاگەلێک خۆی جێگیر دەکات، خۆی پێکدێنێت. لە بەرانبەر تێڕوانین و دیـدگای دوامرۆڤـدا، نیهیلیزم هەنـدێـک جـار لە دەموچـاو و ڕووخســـاری زۆر تـوڕەدا خـۆی دەردەخـات، لە تـیرۆر و ڕقلێبوونەوە. نیهیلیزمی پـاســیڤ لەنـاو بوغز و کینەیەکی ئەتەیستیی و ئیلحادی مانیفێست دەبێت. بکوژەکانی خۆداوەند لە هێزێکی زەبروزەنگ ئامێزی وێرانکردندا چالاک دەبن، گەڕانی ئەمان هیچ نییە جگە لە پاڵنانی بوون بۆ ناو عەدەم.

نیهیلیزمی ئەکتیڤ لە کەیاس و بێ مانایی و نـــــ مانادا، لەناو بێســـەرەوبەرەیی و فەوزا و شـــیواوییدا، دەتۆانێت گرێکوێرەکە ببینێت، دەتوانێت گرێوگۆڵەکە لەوپەڕی خۆیـدا ببینێت، ئەو گرێکوێرەی کە دژ بە ژیان و نەفی ژیان وەســتاوەتەوە. نیهیلیزمی ئەکتیڤ و چالاک دەکەوێتە ململانێ و کێشمەکێشێکی ڕادیکاڵی لەپێناو ڕزگارکردنی ژیان و ئەرێکردن و پێداگیریی و جەختکردنەوە لە ژیان، بەلێکردن بۆ ژیان، ژیاندنەوەی ژیان. نیهیلیزمی ئەکتیڤ

کە هەســـت دەکات جگە لە ژیان لێرە و لە ئێســـتادا، لەســـەر زەوی، بوونێکی دیکە مومکین نییە، بە ئیمـانێنتی دەچێتەوە نـاو ژیـان و ئیرادە و ویســـتی ژیـان. بڕیـاردان لەبـارەی بەڵێکردن بۆ ئازادکردنی ژیان یەکلاکەرەوەیە. داهێنان و خولقاندن، ڕووکردنە **مرۆڤی باڵا** لەم بیابانەدا؟ میتامۆرفۆس و تەحویل بوونی تورەیی شـــێرئاســـای ڕۆح دەبینین، مانا و بۆن و بەرامەی هاتنی لەمس دەکەین، دەســـتی لێدەدەین. زەمەنێکی توند و پتەوی نیهیلیزم و پێویســـتیی و ناچاریی پەڕینەوە، لێرەدا تەنیا لە هەناوی کەیاس و فەوزا و بێســـەروبەرەیی و عەدەمدا تەنیا دەتوانین ســـەرلەنوێ ژیان و مرۆڤ لە دایک ببنەوە. لە دەرەوە و لە شـــوێنێکی تر نا، بەڵکوو لەنـاو خودی نیهیلیزم و ئیرادەی عەدەمـدا. کەیـاس و فەوزاکە وەک ***نیتچە*** دەڵـێـت: داهـێـنـەر و خـولـقـێـنـەرە. کەیاســـەکەمان دەســـت بۆ مرۆڤ ڕادەکێشـــێت بە مەبەســـتی پێدانی یاسا و سەرورەی نوێ. هاتن و گەیشتنی ویستێکی ئازاد کە کلیلەکانی ئایندە دەداتە دەســـــت مرۆڤ؛ کاری داهێنان و خولقانـدی بەهـای نوێ، مـافی داهێنـانی بەهـای نوێ، ئەمەش مەترسیدارترین کارێکە بۆ ڕۆحێکی ئارام و بەرپرسیار. لە ڕاستیدا ئەمە ئەکتێکی وەحشـــەتناکە بۆ ئەو. کەواتە گەیشـــتن و هاتنی بەهای نوێ دەکەوێتە ســـەر داڕووخان و کەوتنی ســـەراپاگیر و تەواوەتیی، جێهێشـــتنی ڕابردوویەک کە جێگەی بەزەیی و ڕق لێبوونەوەیە. بەڵام نیهیلیزمی ئەکتیڤ و چالاک، نیهیلیزمی کارا و داهێنەر کـاری بەجێگەیـانـدنی ئەرکە ڕاســـتەقینەکەیە، ئەرکی نوێکردنەوە. ئێمە ئیرادەی خۆمـان دۆزیوەتەوە. پلەی ســـفری

چرکەساتێکی نوێ تۆمار دەکات، چرکەساتێک کە هەموو شتێک مومکینە. لەوێدا مرۆڤ لە بەرانبەر ژیاندا هەڵدەسێتە سەر پێ. ژیان دەگەڕێتەوە سەر گەشە و نموکردن. ئێمە دەکەوینە ناو دەزگایەکی نوێی بەهاکانەوە.

ڕادیکاڵیزەکردنێکی کشتگیر و سەراپاگیر، تەحویل بوونێک، نیهیلیزم خۆی دەسڕێتەوە، خۆی لەناو دەبات، خۆی تێدەپەڕێنێت. دەلالتە نیهیلیستییە تایبەتەکەی وەردەچەرخێنێتە سەر ئیسپاتکردن و ئەفێرماسیۆن لەناو دۆزینەوەی مانا باڵاکانی خۆیدا، ئەمەش لە پاش نەفی پەڕگیر و، لەوپەڕی نەفیدا. دۆزینەوەی ئەو شوێنەی کە داهێنانی ڕاستەقیەی لێوە هەڵدەقوڵێت. لێرەدا نیهیلیزم خۆی تێدەپەڕێنێت، دەبێت بە ئەفێرماسیۆن و ئیسپاتکردن، بەڵێکردن و ئەرێکردن، داهێنان، خولقاندن. لە ڕێگەی ئیرادەی هێزێکی ئەفێرماتیڤەوە بەهاگەلێکی باڵا پێکدێنێت. مرۆڤ خۆی تێدەپەڕێنێت، وەک زەردەشتەکەی نیتچە: " <u>من ئەو کەسەم کە پێویستە بە بەردەوامی و بە هەمیشەیی خۆم تێپەڕێنم، سەرکەوم بە سەر خۆمدا</u>".

مێژووی گەورەی نیهیلیزم لە هەڵگەڕانەوە و وەرچەرخانێکی پێویستدایە بە سەر سەرکەوتن بە سەر خۆیدا. تێپەڕاندن و جێهێشتی دەلالەتە نیهیلیستییە تایبەتەکانی خۆی لەناو دەستگرتن بە سەر هێزە چالاک و زیندووەکاندا. نیهیلیزم لەناو سەرلەنوێ دروستکردنەوەدا، خۆی چارەسەر دەکات. ئەم

ئایدیای تەواوکردنە، بەرهەمهێنانی تێلیۆلۆژییەکی شاراوەی نوێ نییە، بەرهەمهێنانی خودی ژیانە. لە ژیاندایە، تێپەڕاندن و بەجێهێشتنی ناچارییانەی نیهیلیزم. ئەم تێپەڕاندن و بە سەردا سەرکەوتە لەدایک دەبێتەوە، چونکە سروشت هەمیشە قسە دەکات و ناتوانێت بکوژێتەوە، هەمیشە و بە بەردەوامی و بە ئەبەدییەت گەڕانەوە بۆ جیهان. بەڵام پێش هەر شتێک ئێمە پێویستمان بە ئازایەتی، نەبەردی، دلێریی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگات بە ترۆپکی ڕۆح. بەرەڵاکردن و مەرەخەسکردنی ئەو کەڵکەڵەیەی لە مرۆڤدایە تا بیگەیەنێتە ترۆپک، بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە چیتر شتێک ڕاینەگرتووە. بەربەستێک نەیوەستاندووە. ئازادییەکی داهێنەرانە، دەسبەرداربوون لە هەموو بتەکان، ئازادبوون لە تەواوی سەروەر و مامۆستا و ئاغاکان، لە کۆتایشدا ڕزگاربوون و ئازادبوون لە هەموو بوغز و کینە و ڕقێک، لە هەموو هەستکردنێک بە گوناە و تاوان..... لێرەدایە مرۆڤ بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەکشێت، ئێرە تەنیا شوێنێکە کە باڵابوون تێیدا ڕوودەدات، زەوی مانا ڕاستەقینەکانی خۆی وەردەگرێتەوە. گەیشتنە بەرزاییگەلێک کە شنەبایەکی دڵڕفێن و شیرین، شنەبایەکی پاک و خاوێنی بەرزاییەکان هەڵدەمژێت. لێرەدا لێوار و لوتکەکان بە یەکدەگەن. شادی و ئازار، ئاشتی و ململانێ، ژیان و مەرگ، ئەمانە خەرەند و لوتکەکانن کە لێرە بەولاوە هەر یەک لەویتردا و لەناو وشیارییەکی ڕوون و ڕەوادا بە یەکدەگەن. ئێمە وشیارییەکی بەختەوەر و شادومانین لە یەکێتی جیانەبووەوەی جیهان، ئیحساسێکی

ئیلاهییـانەی یەکێتییەکی تەواو کـامڵی دژەکـان. یەگرتن و یەکێتییەکی پێویســـت و نـاچـارییانەی داهێنـان و وێرانکردن، خولقـانـدن و ڕووخـانـدن. ئەم مەعریفەیە لەنـاو پێداگیریی و ئەرێکردنێکی ئاسـت بەرزدا باڵا دەبێت. ئیحسـاسـێکی ئیمانێنتی بە سروشــت کە بە شــێوەیەکی هەمیشــەیی و ئەبەدی کامڵ و تەواوە؛ مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت: "بەڵێ! ئەمە ڕاســتییە، بەڵێ! ئەمە چاکە". لە بیرکردنەوە لە وەرگرتنەوەی مافەکانـدا، چیتر ئـێـمە خـزمەتـکـاری کەڵـکەڵە و مەیـلە نـیـگەرانـکـەر و دڵتەنگییەکـانمـان نین. ســـودفە و ڕێککەوتێکی ئیلاهیی کە زارهەڵدانەکە دەخاتە ســـەر ژمارەیەکی کۆتانەهاتوو، ناکۆتا. گەڕانەوە بە بێکۆتایی، گەڕانەوەی ناکۆتای فرەیی و جۆراوجۆر و هەمەڕەنگیی و، سەیرورەی ئەبەدی و هەمیشەیی بوون. کەواتە ئەمە "یەک"ی جیهـانە. ئەوەی دەگەڕێتەوە ئەبەدییەت و ســـەرمەدیی ســـەیرورەیە، مۆڵتیپـل و فرەیی و ڕەنگاوڕەنگیی، جیاوازیی و ناچوونیەکیی بێکۆتا و کۆتاونەهاتووە. بڵاوبوونەوە و ئـاوەڵابـوونی بـێـکـۆتـای فـرەیی، گەڕانەوە هەمـیشـــەیی و سەرمەدییەکەی، فیچقەکردن و قوڵپدانی ئەبەدیی و هەمیشەیی بوون، سروشــتی سروشــت، بوونی ســەیرورە و، یەکی فرەیی و ڕەنگاوڕەنگی. یـان بە واتـایەکی تر، هەلومەرجی ئیمکـان و شـــیمـانەکەی بەو شــێوەیەی کە بوون وەک گەڕانەوەیەکی هەمیشــەیی دەیـدات بە خۆی. لێرەدا وەک ***نیتچە*** دەڵێـت: بیرکرنەوەیەکی پلە نایابی شکۆدار و ستایشکراو هەیە. شـادی و شـــادومانییەکی کۆتانەهاتوو. لێرەدا ئەوە دێت کە ئێمە دەڵێین؛

بەڵێ تۆ دەچیتە دڵمەوە و دڵگیریت، بەختەوەری! بریسکانەوەی چاو... شــتەکان لەناو جیهاندا بە بێ پاســاو بۆ هێنانەوە، بە بێ هۆکارێک، بە بێ ناولێنان و ناوهەڵگرتن دێن. لەناو ئاوابوون و خواحافیزی کردن لە ئازار و مەینەتی دەڵێین :"برۆ، تێپەڕە، بەڵام بگەڕێوە؛ چوونکە هەموو شــادییەک ئەبەدییەتی دەوێت". ئەم مـاخـولـیـا و کەڵکەڵە نیتچەییەی گەڕانەوەی هەمیشـــەیی ئیسپاتکردن و پێداگیریی و ئەفێرماتیڤکردنێکی دوا پلەی ئیرادەیە. لەودیـو تـاریـکـایـیەوە کە لەنـاو ئەم بـیرکـردنەوەدا هەیە، ئەفێرمـاتیڤکردن و ئیســـپـاتکردنێکی ئیلاهیی بوونی هەیە، نامەشروت و بێهەلومەرج، مەرج هەڵنەگر لە چرکەسـاتێکدا کە بە ئێمەی دەبەخشـــێت. لێرەدا لە بەرانبەر بە ئەبەدییکردنێکی ژیان وەستاوین. ئەو نیهیلیزمەی لەناو ڕیالیزەکردنی خۆیدا، خۆی تێدەپەڕێنێت، بە سـەر خویدا سـەردەکەوێت بۆ تەواوبوون و بە کەماڵ گەیشتن، ترۆپکی مەعریفە: گەمارۆدانێکی عیشقی ئیلاهی و خوداوەندییانەیە، هی کۆسـمۆسـە، لێرەدا شـادی چی ئیسـپات دەکات؟ چیی سـیمبۆلیزە دەکات؟ ئێحسـاسـێکی خوداییی مرۆڤ و زەوی پێکەوە گرێ دەدات، یەکیـانـدەخـات. یەکێتییەک دروست دەکات.

## لە دایکبوونەوەی خودایی (ئەو شـــتەی خودایيە) لە مرۆڤدا

نیتچە لە سـەرلەنوێ بیرکردنەوە و ڕامانی لە پرسـە خودایی و ئیلاهییکـان لەودیو ئـاسـۆی مەرگی خودا و دوامرۆڤەوە، جەختکردنەوە و پێداگیریی و ئیسـپاتکردنێتی کە ئەتەیزمی پیشـداوەریی و حوکمی پێشـینەیی، دوورە لەوەی بتوانێـت پرسیارکردن و بە پرسهێنانی خودایی و ئیلاهییانە بێنێتە بەر باس و خواس، و کلۆڵە لەوەی جەوهەری کارەکانی بەرەو ئاراستەیەکی نوێکراوە سـەر ڕێگـا بخـات: بوون، خودایەکی نـاولێنەنراو، نـاوهەڵنەگیر، نـاوهەڵنەگر، خودایەک کە نـاتوانرێـت نـاوی لێبنرێت، شکست بە چەمکەکان بهێنێت، ئەم خوداوەندە لەناو ئیلهـام و وەحییەکی جیـاوازدا وەک "گەوهەرێکی شـاراوە trésors caches"، وەک گەوهەرگەلـێکی شـاراوە خـۆی دەردەخات، خۆی دەکاتەوە، قەدەکانی دەکرێنەوە؛ ئەو "نهێنییە

گەورەکەیە". ئەم ئیحساسە خوداییە کە مرۆڤ لە خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەم ڕەهەندە ناوەکیی و هەناویی و تەلیسماوییە. ئەم شاراوەیە کە کارێکتەرێکی تێنەپەڕێنراو، کارێکتەرێک کە قابیلی تێپەڕاندن نییە، کارێکتەرێکی کامڵ و تەواوی ژیان، بوون، ئیرادە... لە ئێمەدا بە ئاگا دێنێت، بە خەبەری دێنێت، بێداری دەکاتەوە. شادی بوون، شادی هەبوون، مرۆڤ لەناو خۆیدا خودایی و ئیلاهیی گەشە پێدەکات، نموی پێدەکات، گەشەپێدان و نموکردنێک بە شتە خودایی و ئیلاهییەکان لەناو "بەڵێکردندا"، بە شێوەیەک پەیامەکە پێداگیریی و جەختکردنەوەیە لە مەستبوون بە بوون، خودایەکی وشیاریی، مەحکوممان دەکات بە ژیان، بەشداریمان پێدەکات لەناو میوزیکی ئەبەدییانەی بوون. چۆن نەتوانین وەڵامدەرەوەو وەرگری کارێکتەری خودایی و ئیلاهیی بین لە مرۆڤدا، لە کاتێکدا تەنیا سەرچاوەی بەخشین و پێدانی مەزنیی و باڵابوونە. خودا بوونێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، جەوهەرێکی جێگیر و نەگۆڕاوی شتەکان دۆخێکە، ئێحساسێکە، بەشدارییەکی ئەبەدی و سەرمەدییانەیە لە بووندا. خودایی بوون و ئیلاهییەک کە پێداگیر و جەختکەرەوەیە لە پێکهێنان و دروستکردنی سەیرورەیەکی ناکۆتا و ئەبەدی ناکەسیی لە بووندا، دوورخەرەوەی مەرگ و ئاوابوونی بوونە.

دەمێنێتەوە ئەوەی مرۆڤ هەســـت بە پێویســـتی و ناچاری ئـامـادەيی و حـوزوری بکات، و ژیـان لەنـاو ئەم جەبر و قەدەرە عاشقانەیەدا بژێنێتەوە.

## بیبلۆگرافیا:

Nietzsche :

Ainsi parla Zarathoustra(

Par-delà le bien et le mal(

Généalogie de la

Crépuscule des idoles

L'Antéchrist

La volonte de puissance

Consideration inactuelles

Heidegger:

-Le mot deNietzsche "Dieu est mort", Chemins qui ne mènent nulle part

Nietzsche, T 1-2-

Gille Deleuze:

- Nietzsche et la philosophie (1962Nietzsche (1965Spinoza et le problème de l'expression (Paris: Éditions de Minuit, 1968 & 1985).

  Nietzsche (1965).

- Spinoza – Philosophie pratique,: Éditions de Minuit, 1981
- L'île déserte et autres textes (2002Deux régimes de fous et autres textes (2004)

- Deux régimes de fous et autres textes (2004).

- Capitalisme et Schizophrénie 1. L'Anti-Œdipe (1972)
-

- Capitalisme et Schizophrénie 2. Mille Plateaux (1980).

**Karl Jaspers**

Nietzsche : Introduction à sa philosophie

Nietzsche et Le christianisme

**Michel Foucault**

« Nietzsche ; la généalogie ; l'histoire » ;

Dits Ecrits tome il texte n 84